# پێشمەرگە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# پێشمەرگە

ڕۆمان

د. ڕەحیمی قازی

ناوی کتێب: پێشمەرگە – ڕۆمان
نووسینی: د. ڕەحیمی قازی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٨٨
پیت لێدان: بۆکان نووری
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: سەنگەر عەبدولقادر عوسمان
دەرهێنانی بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی سێیەم، هەولێر – ٢٠٠٨
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٤٠٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## پێشەکیی نووسەر بۆ چاپی دووەم

دووری لە نیشتمان زۆر ناخۆشە. دووری لەو جێگایەی کە چاوت لێ پشکوتووە، پێت لێ هەڵگرتووە، زمانت لێ کراوەتەوە، دووری لە کەسوکار و دۆست و هاوال، دووری لەوانەی کە لە کاتی فامکردنەوە لەگەڵتا بوون، گاڵتە و کایەت لەگەڵیان کردووە و خووت پێ گرتوون و پێت وا بووە هەتا هەتایە هەر بە یەکەوە دەبن و قەت لێك هەڵنابڕدرێن، زۆر ناخۆش و خەفەتبار و گرانە. ئەویش دوورییەکی ئەوتۆ بەستە بەخۆت نەبێت، نەتوانی نزیکی کەیەوە و هەر درێژەی پێ بدرێت.

لام وایە ژیان و هەڵسووڕان و بەسەرهاتەکانی سەردەمی منداڵەتی، ئەویش بەو مەرجەی ئەو ژیانەت لە ئاوایییەکی جوان و دڵگیر و سەر سەوز و پڕ لە ئاو و دار و مێرگ و چیمەن و باخی کوردەواری ڕابواردبێت، دایما لە بیردا دەمێنێ و وەك پەردەیەکی فیلمی سینەمایی بە بەرچاوتدا دێت و ڕادەبرێ، بە تایبەت کاتی دوور لە وڵات و لە غەریبایەتیدا.

بەڵێ، ئەمن لە ئاواییی گوێگجەلیی سەر چۆمی جەغەتوو، چاوم پشکووتووە، زمانم کراوەتەوە، پێم هەڵگرتووە و هاوڕێ و دۆست و هاوالانی ئەو سەردەمەم منداڵانی پێخواس و کراسدڕاو و دەرپێ پینەکراو و سەرڕووت و چڵماوی و کەچەڵی دانیشتووی ئەو گوندەبوون.

دوور لە نیشتمان لە هەڕەتی خۆشیمدا، لەو کاتەدا کە لە باشترین و مەشوورترین دانیشگا (زانکۆ)ی جیهان لێکۆڵینەوەی زانستیم بەڕێوە دەبرد و یا بە زمانی ئەجنەبی دەرسم بە لاوانی گەلانی جیاواز دەگوت، لەو کاتەدا کە لە تیئاتر و نومایشگا و کلووبدا، تەماشای باشترین بالەی جیهانم دەکرد و یا گوێم لە ئۆپیرای کلاسیکی بەناوبانگ و مێژوویی

ڕادەگـرت و یـا بـە بـیستـنـی دەنـگـی مـۆسیقـای بـیتـهـۆڤـن و شۆپـێن وچایکۆفسکی و باخ و بیزە و شیستا کوڤیچ و... هتد بە دڵخۆشییەوە دەچـووەمـە بـەحـری خـەیـاڵاتـەوە، لـەو کـاتـەدا کـە بـۆ حـەسانـەوە و خوموداواکردن و کوکردنەوەی هێز و ئینێرژییەکی نوێ بۆ سەرلەنوێ تێکۆشانێکی باشتر دەچوومە کۆشکە بەرزەکانی نێو جەنگەڵ و قەراغ بەحرەکان و کوێستانەکان و لەگەڵ نوێنەرانی دەها بەڵکو سەدها نەتەوە و گەلی تر ئەبوومە ناسیاو و دۆست و هـاوڵی تازەم بۆ خۆم پەیدا دەکرد، لەو کاتەدا کە لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە زانستییەکانی جیهانی لە مەڕ مـێژووی گـەلان لـەسەر ڕیـزە مـەسەلـەیـەکـی بـزووتـنـەوەی ڕزگـاریـی نەتەوایەتیی گەلی کورد، وتاری زانستیم پێشکەش بە زانایان و پسپۆڕانی وڵاتانی جیاواز دەکرد، بە کورتی لە هەرەتی خۆشیمدا لە هەندەران و دوور لە نیشتمان ئاوات و ئارەزوویەکم هەبوو کە قەت لەبەر چاوم ون نەدەبوو و لە دڵم دەرنەدەچوو، گەلێك جار دەرم دەبڕی و دەمگێڕاوە بۆوانەی کە لە لام دەبوون. دەمگوت «ئەرێ بڵێی جارێکی دیکەش چاوم بە گوێگجەڵی بکەوێتەوە و لە گەڵ سەید حوسێن و خاڵندی ئەحمەد جووجیلان و عەنەی مـیـرزا خـەلـیـل و حـەمـە گـێڕ و ئـەسەدوڵـڵای سمـێلـبـابـڕی و مـحـەمـەدی ماشەڕەف و مەحموودی میرزا ئەحمەد و ئەوانی تر بچمە بن (تاقەدار) و لـە گـۆمـە قـووڵ و شین و خـۆشەکـەی مـەلـەی بـکـەم یـا بـچـمـە نـێو مـێشە گزیچارەکە و سەردوندی کێوەکان بۆ ڕاوە کەو؟ ئەرێ بڵێی بۆم هەڵکەوێ جـارێکـی تـریش شەوێ تـا درەنـگـانـێك لـە حـوجـرەی فـەقـێکـان دابـنـیشم، گەڕەلاوژەی بکەین و لە کەریم سەرشین و ڕەشید زارا بپاڕێمەوە بە دەنگە خۆشەکەیان (حەیران) و (وەرگەڕێ ئاوێزانت بم)مان بۆ بڵێن و یا لە مـزگـەوتـێ پـاش نـوێژی شێوان لـەگـەڵ حـەسەنـی پـووره زلـەخـا و عەبدولکەریمی نەنە خان (جورابین) بکەین؟... بەڵێ، ئەمانە هاوڕێ و هـاوڵی سەردەمی منداڵیم بوون قەت لەبەر چاوم ون نەبوون و ئێستاش

دڵم پێیان خۆشە. لەوانە ئەوەی کە نەماون خودا عافوویان کا و ئەوەش کە ماون یاخوا دایما سلامەت و ڕاوەستاوبن.

ئەمە بە تەنیا ئاوات و ئارەزوو نەبوو. ئەمە قوژبن و قونیچکێکی پچکۆڵە بوو لەو هەستە نیشتمانپەروەرییە کە وەك بەحرێکی بێ بن و بێ سنوور لە کاتی دوور لە وڵات، دڵ و مێشکی پیاو دەگرێتە ئامێزی خۆیەوە.

نازانم بۆچی وابوو، لە جیاتی تەواوی ئەو شیعرانەی فارسی و کوردی کە بە منداڵی لەبەرم کردبوون، ئەو شیعرەی باوکم دایما لەسەر زمان بوو، جار جاریش بێ ئەمەی خۆم ئاگام لێ بێت بە دەنگێکی بڵند لەبەر خۆمەوە دەمگوت:

سەر سەوزە باغی ئارەزوو، نێزیکە بێتەوە بەر
مەزاری هومێدی تینووە، وەختی شەواوییە

پیاو قەت نابێ ناهومێد بێت و دڵی سارد بێتەوە. نەمردم ئارەزووم هاتە دی. گەڕامەوە بۆ نیشتمان. چوومە گوێگجەڵی، بەلام بە داخەوە (تاقەدار) و (باغی ئارەزوو) نەماون، وەژێر ئاوی بەندی کەوتوون. تەواوی خاترە و بیرەوەریی سەردەمی منداڵی سەرلەنوێ هاتنە بەرچاوم. چاوم ڕوون بۆوە، دڵم ژیاوە. ئەگەر بڵێم عومرم تازە بۆوە و هاتمەوە سەر حووللەمەرەسەکەی جاران، بەلام بە بیروباوەڕ و کردەوە و هەستێکی تازەوە هیچ درۆم نەکردووە. بە داخەوە پاش ٣٣ساڵ کە عومرێکە، دیسانیش دەبینم کە مەزرای هومێدی نیشتمانەکەم هێشتا هەر تینووە و وەختی شەواوی بە تەواوی گەیشتووە، بە چاکی دەبێ بژار بکرێت. ئەوا منیش هەروەك تەواوی گەلەکەم قۆڵی خۆم هەڵماڵیوە و کەردووی بۆ خۆش دەکەم کە، تێر و پڕ ئاو بخواتەوە و هەمیشە سەر سەوز بێت و دڕوداڵ و فریزووە هەرزەکانی بژار دەکەم کە خاوێن بێتەوە و ساڵ بە ساڵ داهاتێکی پتر و باشتری لێ وەدەس بهێندرێت.

هەستی نیشتمان خۆشەویستی، باوەڕی بەمە کە سەر لە نوێ چاوت بە نیشتمان و نەتەوە دەکەوێتەوە و نیشتمان و نەتەوە هەویایان پێتە و چاوەڕێتن– ڕوحیە و هێز و حاڵ و دەماغی پیاو ڕادەگرێ و ناچاری دەکات بۆ وەپاش نەکەوتن لە قافڵەی تێکۆشەرانی گەل و قەرزدارنەبوون لە حاست نەتەوەکەت، خزمەتێك بکەی و ئەرکی سەرشانی نەتەوایەتیی خۆت بەجێ بگەیەنی. لە ماوەی دووری لە نیشتمان، نووسینی چیرۆکی (پێشمەرگە) بە خزمەتێکی پچووکی خۆم دەزانم لە حاست نیشتمان و نەتەوەکەم و دەبێ بڵێم ئەمەش یەکەمین چیرۆکێکە کە بە زمانی کوردی نووسیومە.

نزیکەی بیست و پێنج ساڵ لەمەوپێش لە گۆڤارێکی کوردی داستانێکی کورتی یەك لاپەڕەییم خوێندەوە کە لە مەڕ ژیانی تاڵ و نالەبار و چەوت و قاڵی ماڵە کوردێکی هەژار و نەداردا نووسرابوو. ئەم داستانە کورتە پەردەی گەورە و بێ سنووری ژیانی خەفەتبار و هەژاری گەلەکەمی هێنا بەرچاوم و بووە کانگای هێز و ئیلهامم بۆ نووسینی ئەم چیرۆکە و سەرەتاکەشم هەر بە ناوەڕۆکی ئەم داستانەوە دەست پێ کردووە.

وشەی پێشمەرگە، دیاری و بیرەوەرییەکی بە نرخ و خۆشەویست و بەڕێزە کە لە یەکەمین کۆماری نەتەوایەتیی خودموختاری کوردستانەوە، بۆمان ماوەتەوە.

دۆزرانەوەی وشەی (پێشمەرگە) بۆخۆی داستانێکە. کاتی دامەزرانی کۆماری خودموختاری کوردستان، پێشەوا قازی محەمەد کە گرینگییەکی زۆی دەدا بە زمان و ئەدەبی کوردی، ئەسپاردبووی لە جیاتی وشەی سەرباز و عەسکەر و نیزامی و فیدایی، وشەیەکی جوانی کوردی بدۆزرێتەوە و بەکار بهێندرێت. جا ریزەیەك لە نووسەران و هونەران و پسپۆڕانی کورد بەو ئامانجە کۆبوونەوەیەکی پێك دەهێنن و چەند سەعاتێك وتووێژی لەسەر دەکەن و بە ئەنجامێکیش ناگەن. کوردێکی پیر و نەخوێندەوار و

دنیادیتوو کە لەو کۆبوونەوەیە خزمەت دەکا و نان و چایان بۆ دەهێنێ دەبینێ کە هەموو شەکەت بوون، چوونەتە بەحری خەیاڵاتەوە، لە ناکاو هەڵدەدا و دەڵێ، ئەرێ بۆچی خۆتان لە هیچ و خۆڕایی ماندوو دەکەن. باب و باپیرمان پیاوی ئازا و بەکاریان بە پێشمەرگە نێو بردووە، ئێوەش هەر ئەو نێوەی لێ بنێن. جا بەڕاستی بە بیستنی وشەی پێشمەرگە، کوردێکی کۆڵنەدەر و ئازا و نەترس و بەکار، کوردێکی نیشتمانپەروەر و ڕزگاریخواز و دیمۆکرات، کوردێکی ناسراو لە هەموو شوێنێك دێتە بەر چاومان. بە بیستنی وشەی پێشمەرگە، دەها و سەدها، ئەو ڕۆڵە نەبەزانەی کوردمان دێتە بەر چاو کە لە ریزی خەبات و تێکۆشین بۆ ڕزگاری و سەربەخۆییدا، بە قارەمانەتییەکی بێ وێنەوە پێشوازییان لە مەرگ کردووە، هەتا دوایین هەناسەی ژیانیان وەفاداریی خۆیان بە نێوی موبارەکی پێشمەرگە کردووە و ڕاگرتووە، لە ڕێگە هەڵنەبووە و لە مێژووی نەتەوەکەیدا داستانی قارەمانەتیی پێك هێناوە. وشەی پێشمەرگە دیمەن و ڕوخساری ئەو پیاوە بە نرخ و بەڕێزەمان دەخاتە بەر چاو کە بە پیاوەتی و کارزانی و بە مشووریی تایبەتی خۆیەوە بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی قوڵی هەڵماڵی، حیزبی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند و تێکۆشینی گەلەکەی بە ڕێگەیەکی دروست و باش و پوختە و پێویستی سەردەمی خۆیدا بەسەرکەوتن گەیاند، کوردستانی بە جیهان ناساند و سەلماندی کە کورد هێز و ئیرادە و کارزانییەکی وای هەیە کە لە هەموو کەسێك باشتر دەتوانێ کاروباری نیشتمانی خۆی هەڵسووڕێنێ و حوکماتی بکات، ئەو کەسەی کە وەك خەباتکارێکی زانا و تێگەیشتوو و دووربین، قوتابخانەی بەبناوانی پتەو و مەحکەمی خەبات و تێکۆشین و بەرەو پێشچوونی بۆ گەلی کورد دامەزراند، دۆست و دوژمنی گەلی کوردی تاساند، تۆیی برایەتی و دۆستایەتی و یەکێتی و هاوکاریی گەلانی ئێرانی داچاند و کووتی کرد، ئەو کەسەی کە وەك پێشمەرگەی ژمارەی یەك بە تاوانی ڕزگاریخوازی و نیشتمانپەروەری

بە سەربڵندی و سەربەرزییەوە شەربەتی شەهادەتی چێشت. پێشمەرگەی ژمارە ١ سەرکۆماری کوردستان، پێشەوای نەمر قازی محەمەد بوو.

لەم چیرۆکەدا نووسەر، تێ کۆشیوە، تەواوی ئەو سروشت و تایبەتییانەی پێشمەرگە، لە خەبات و پێگەیشتن و چەشنی کاری پێشمەرگەیەکی سادەی وەك پیرۆت و شێرکۆدا وەڕوو بخات. جا تا چ ڕادەیەك لەم کارەدا سەرکەوتوو ببم بەستەیە بەبیروڕای خوێنەرانی بەڕێز.

چیرۆکی (پێشمەرگە) بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٣٣٨دا لە شاری ئیرەوان و لە ساڵی١٣٤٠دا لە بەغدا بە زمانی کوردی و لە ساڵی١٣٤٢دا لە باکۆ بە زمانی ئازەری، چاپ کراوە. لە کوردستانی عێراق لە لایەن خوێنەرانی کوردەوە، بەتایبەتی لە لایەن ئەدەبناسان و پسپۆڕانی ئەدەب و هونەرمەند و هونەر و نووسەرانی کوردەوە پێشوازییەکی باشی لێ کرا و لە گەلێك ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیدا نووسراوەی لەسەر چاپ کراوە، تاریفی لێ کراوە و ڕەخنەی لێ گیراوە. بەداخەوە زرووف و مەرج و هەڵوێستی ئەو سەردەمەی ئێران، یانی دەسەڵات و حوکماتی خوێناویی بەرەی پەهلەوی و ئاکاری دڕندانەی ساواك هەلی نەدا (پێشمەرگە) لە کوردستانی ئێران بڵاو ببێتەوە. پاش گەڕانەوەم بۆ نیشتمان، ژمارەیەکی زۆر لە ئاشنا و ناسیاوەکانم، بە تایبەتی ژمارەیەك لە هونەرمەندان و نووسەران و هونەرانی کورد، لەسەرووی هەموویان فەخر و شانازیی نەتەوەکەم گوڵی سەر قەرتاڵەی ئەمڕۆکەی ئەدەبەکەمان، مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست و هۆنەری نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیی کوردستان هێمن داوایان لێ کردم، چیرۆکی (پێشمەرگە) سەرلەنوێ لە چاپ بدەمەوە. ئەوا داخوازیی خۆشەویستەکانم بەجێ دەگەیەنم.

کات و ڕێڕەوی ئەمڕۆکەی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەو سەردەمەی کە چیرۆکی (پیشمەرگە) نووسراوە لە هەموو روویەکەوە، بە تایبەتی لە ڕووی

سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە فەرق و جیاوازییەکی زۆری هەیە. هەست و تێگەیشتوویی زۆربەی گەل، چەشن و سروشتی خەبات و تێکۆشین گۆڕاوە و بەرەو پێش چووە. پێشمەرگەی ئەمڕۆکەش لەگەڵ پێشمەرگەی ئەو سەردەمە، لە هەموو بارێکەوە فەرقی هەیە. کارزانی و نەترسی و ئازایەتیی هەر پێشمەرگەیەك ئەوڕۆ بۆ خۆی چیرۆك و داستانێکە.

پێشمەرگە کۆڵنەدەرەکانی گەلی کورد، ئەوڕۆ لە کێشکی بزووتنەوەی دیموکراتیك و نەتەوایەتی و دژی ئیمپریالیزمی گەلی کورد و تەواوی گەلانی ئێران ڕاوەستاون، وچان نادەن و قارەمانەتیی بێ وێنە لە خۆیانەوە دەنوێنن. لەو خەباتە موقەدەسەدا ژمارەیەك لەو پێشمەرگە کۆڵنەدەرانە شەهید بوون. چاپی دووهەمی (پێشمەرگە) وەك قەدرزانی و سوپاسێکی دەروونی، پێشکێشە بە بیرەوەری و خاترەی لە بیرنەچووی ئەو شەهیدە نەمرانەی گەلەکەمان.

کۆشکی ئەدەبی کوردی، زۆر بەرز و بڵند و ڕەنگاوڕەنگە، بناغە و بناوانێکی قووڵ و پتەوی هەیە، بە تایبەت لە ڕووی هەڵبەست و بەیت و مەتەڵۆکەوە. بەڵام بە داخەوە ئەدەبەکەمان لە بەشی چیرۆکدا هەژارە و ئەمەش بۆیە بووە کە نووسەرەکانمان مەودایان پێ نەدراوە لە زرووف و کاتی حوکماتی هێزە کۆنە پەرستەکاندا خۆیان بنوێنن. ئەگەر چیرۆکی (پێشمەرگە) وەك خشتێك لە کۆشکی ئەدەبی کوردیدا جێگەی خۆی بگرێتەوە، خوێنەرانی بەڕێز نرخێکی وای بۆ دانێن ئەوە دەبێتە خەڵاتێکی زۆر بە نرخ و باش بۆ نووسەر و سوپاسیان پێشکەش دەکەم.

**ڕەحیمی قازی**
**مەهاباد ١٣٥٩**

# پێشەکی

عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

پێشمەرگە، چیرۆکێکی درێژە دەچێتە پاڵ ئەو گوڵەباغە بۆنخۆشانەی کە لە باخچەی ئەدەبی کوردیدا گەشاونەتەوە، یاخود داستانێکی تازەیە لە بەرگێکی نوێی هونەردا و بە شێوەیەکی نوێی چیرۆکنووسانە چەند قارەمانیەتی و دلێری و نەبەردییەکی تری گەلی کورد دەگێڕێتەوە و لەگەڵ دوانزە سوارەی مەریوان و قەڵای دمدم و خانزاد و شەریف و هەمەوەند و مەحموود ئاغای شێوەکەلدا لە نووسینەوەی داستاندا جێگەی خۆیان لە خانەیەکی نووسراوخانەدا دەگرن، ئەمیش سەردەمی بەختیاری و سەربەخۆیی نەتەوەی کورد دەڕازێنێتەوە، بەدێرەهای خەوەخۆشەکەی جمهووریەتی کوردستانی دیموکراتی، بە یادی پڕشانازیی کاتی پایتەختیەتیی مەهاباد بە سووریی خوێنی گەشی شەهیدانی کورد و سەوزیی خاکی پاکی ڕەنگینی کوردستان و سپیەتیی دڵی بێ تەمی گەلی کوردی ئاشتی و برایەتی و ئازادیخواز، بەو سێ ڕەنگە جوانەی ئاڵا خۆشەویستەکەی کوردستانی دیموکراتی کە بە سەر زەویی میهرەبان و خاکی دلێران و کانگای قارەمانان بەسەر موکریاندا دەشەکایەوە، بەو ڕەنگە جوانانە و بە زەبری گوڵە گەنم و بە خامەی ناو ئاڵاکە، داستانێکی تر لە جێگەدا ئەبێ.

لێرەدا نامەوێ باسی نووسەری (پێشمەرگە) بکەم، وەك برای شەهیدی ئازا سەیفی قازی و ئامۆزای جێگای شانازیی گەلی کورد شەهید قازی محەمەدی نەمر، یا وەك خوێندەوارێکی کە هۆش و بیری کوردایەتییەکەی بە بیری نوێ لە خاکی سۆڤیەتدا پەروەردە کردووە و ئێستا سەربازێکی رۆشنبیری پڕ باوەڕ لە کۆڕی خەباتی گەلە نەبەزەکەماندا، بەڵکو ئەمەوێ

بـڵێم خـاوەنـی پـێشمـەرگـە، لـە چـیـاکـانـی کـوردستـانـدا، یـەکـەم هـەنـاسـەی شەماڵی ڕەوانی ئەو نیشتمانەی هەڵمژیوە و سەردەمی منالّی و لاویەتیی لە دێهاتی موکریاندا بردووەتە سەر، بەم جۆرە شارەزای گەلێ کونجی ژیانی کۆمەڵایەتیی دێهاتی نیشتمان بووەو لە تافی لاویدا بەچاوی خۆی ڕۆژانی لەیاد نەچووی سەربەخۆیی کوردستانی دیوە لە مەهاباد و تێر سەیـری ئـاڵای مـوقـەدەسی کـوردی کـردووە و پـاشان هـاتـووەتـە خـاکـی سۆڤـیـەت و بـە خـوێنـدەواریـی نـوێ گـیـان و بـەهـرەی هـاتـووتـە نـومـا و بەرهەمی نووسەرانی ئێرە، کارێکی دیاریان کردووتە سەر زانین و شێوەی نووسینی و لەبەر ئەمە، پێشمەرگە تەلارێکە ڕێگەی ڕاستی پەرەسەندنی ئـەدەبـی کـوردیـی گـرتـووە کـە دەبـێ بـنـاغـەکـەی بـە سامـانـی کـۆنـی نەتەوەکەمان داچەسپێنرێ و دیوار و رووی بە بەرد و نەخشەی خۆماڵیی تێکەڵاو بە شێوەی هونەری خەڵکی بەرز بکرێتەوە، بە جۆرێك کە ئەوپەڕی سوود لە پێشکەوتنی تر ببینێ، بەڵام لە تاموبۆدا شێوەی کوردایەتی و بەرەو پێشچوونی تایبەتیی ئەدەبی کورد، خۆی تێدا بێت.

وا ئـەزانم زۆربـەی ئـەو خـۆشەویستـانـەی پـێشمـەرگـە، دەخـوێنـنـەوە لـەم پەیڕەوەدا لەگەڵمان و پاش خوێندنەوەش دەبینن خاوەنی پێشمەرگە، کە ئەو بناغەیەی بە گەلێك بەردی داستانی کۆنمان دارشتووە، وەك دەبینین ئەو دەورەی داویەتی بە پیرێژنی هەڵخەڵەتێنەری مروەت، تەواو پارچەیەکە لەو چـیـرۆکـانـەی لـە گـوێ ئـاگـردان هـەمـوومـان دەربـارەی داپـیـرەی ڕمـووزن بیستوومانە، یا ئەو گۆرانی و بالۆرانەی لە ناو جەرگەی فۆلکلۆری کوردیی دابـڕیـوە و لـە پـێشمـەرگـەدا جێگـەی کـردووەتـەوە دیمـەنێکـی تـازەن لـە بـەیـتـە کۆنەکانی کورد، خۆ لە جێگەی خۆدا پەندی پێشینان بەکارهێنان ڕێڕەوێکی زیندووکردنەوەی نووسینی کلاسیکیمان و ڕەنگی تازە پێدانیەتی.

ئینجا دێتە سەر تەلار کە بە شێوەیەکی سادەی کوردی بەرگی "پۆڤیست" (چیرۆکی ڕووداوی رووسی) بەبەردا کراو یا بڵێین لەسەر شێوەی هەندێ

لـە چـیـرۆکـنـووسە عـەرەبـەکـانـی سەرەتـای ئـەم سەدەیـە، ڕووداوەکـانـی مەهـابـاد وەك شریتی سینـەما دەخاتـە بـەرچاو لـە قـاڵبی چیرۆکدا و گـەلێ شتی مێژوویین جێگیر دەکات کە ئەوی ئاگاداری ئەو سەردەمە نەبێت ڕەنگە بە خەیاڵی نووسەرێکی تێ بگات. خاوەنی پێشمەرگە لە بەرگێکی جـوانـا وەك نـووسەرانـی پـەیـڕەوی بـیـری سۆشیـالستـی (واقـیـعـیـیـەتـی ئیشتراکی) وێنەیەك ئەخاتە ڕوو، وێنەی ژیانی جووتیارانی کوردستان، پەیوەندیی نێوانی فەلاح و دەرەبەگانی خائین، دوژمنایەتیی دەرەبەگانی نـۆکـەر لـەگـەڵـی کـورد و کـوردایـەتـی و هـەوڵـدانـیـان بـۆ خـنـکـانـدنـی جمهووریەتە جوانەمەرگە لە دڵا زیندووەکەی و لەم کاتەدا دەتباتە کۆڕی چەند دیمەنێکەوە کە وەك لەگەڵ گۆگوڵ و تۆڵستویدا بێت یا وەك مەکسیم گۆرکیدا بێت لە چیرۆکی (دایك) دا. دیارە نەبەردی و کۆڵنەدانی پیرۆتی پێشمەرگە، ڕق و کینەی کاك مامەند لە سەرەمەرگدا، باوەڕ بە سەرکەوتن لە دڵی هەمووواندا بەتین دەکەن و کاتێ کە جمهووریەت لە ناو برا و قـازیـی نـەمـر و هـاوڕێکـانـی کـران بـەدار و کـارەساتـە خـوێـنـاوییـەکـەی مەهاباد لاپەڕەی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی ئەوەندەی تر ڕەش کرد. لەو کاتەدا دەڵێین نیشاندانی ئاغای بە بەرگی ژنانەوە و هەڵاتنی بەرەو لای شارەڤی، لە هاوارەکەی دایکی پاڤل دەچێت کە پۆلیسی قەیسەر دەستیان نابووە بینی و شۆڕشی١٩٠٥ دامرکێنرابووەوە: «ئێمە هەر سەر دەکەوین» ئەو هاوار بوو، ئەم سەرکەوتن و هەڵاتنی دوژمن و ناپاك. بێگومان ١٩٠٥ ئۆکتۆبەری بەدوادا هات و ڕاکردنی ئاغای خائین بە کوردیش لە سەردەمـی شەکـانـەوەی ئـاڵای مـوقـەدەسمـانـدا و پـاش ئـەو هـاتـنـە خوارەوەیشی هەر ڕاکردن بەڵکو لە ناوچوونی لە دوایە بۆ ئاغا و ئاغاکەی و سەرکەوتن بۆ کورد.

ئەمە سەر پێیی دوانێکە لە پێشمەرگە. با ئەوەش لە بیر نەچێت کە نووسەر نموونـەیـەکـی ڕاستـەقـیـنـەش دەخـاتـە ڕوو لـە شێوەی تێکۆشانی نهێنیی

شۆڕشگێڕانی کۆمەڵەی (ژ.ك) کە خۆیان و هەندێ لە کۆمەڵە کوردییەکانی پێش ئەوان، خاوەنی شانازی و داهێنەری ئەو شێوە تایبەتییانەن لە تێکۆشاندا. ئەمەش لە کاتی بوونە ئەندامی کۆمەڵەی پیرۆت و شێرکۆ و دیتنەکەی قازیی شەهیدا، دەردەکەوێ. ئەوەش دەبێ لە یادا بێت کە لەگەڵ ئەمانەدا (پێشمەرگە) چەند لاپەڕەیەکی جوانی سادە نووسینی کوردییە بە تایبەتی بە ڕاوێژی موکریان نووسراوە، ئەو ڕاوێژەی کە لام وایە خۆشترین و پاکژترین شێوەی نووسینی کوردیی سۆرانییە.

مۆسکۆ– دەستگای ڕۆژهەڵاتناسیی سۆڤیەتی
١٩٦٠-٨-٣

## به باڵا بڕینێك

حەسەنی قزڵجی

زمانی کوردیش وەك زمانی تر لەگەڵ نەتەوەی کورد، پەیدا بووە و بە درێژاییی تەمەنی ئەم میللەتە هۆی تێگەیشتن و تێگەیاندنی بووە و پێوستیی گەلی کوردی پێك هێناوە و قانوون و دەستووری خۆی هەیە و گەنجینەی وشە و واتەی دەوڵەمەندە و لە هەموو کارەساتانی مێژووییدا توانیویەتی خۆی ڕزگار کات و بمێنێتەوە.

بەڵام کە ڕاستی بڵێین و خۆمان فریو نەدەین، لە بابەت ئەدەبەوە بە تایبەتی بەشی چیرۆك، هەژار و کەم زەخیرەیە. ئەویش زیاتر لەبەر ئەمەیە کە لە هێندێ پارچەی کوردستانا، بە ئارەزووی تواندنەوە مەودای پێ نەدراوە. دیارە ئەگەر مەودای بدرایە ئەمیش بەشی خۆی کۆ دەکردەوە.

بەڵام هێندێ کەسی دڵسۆز هەن بە هەر جۆرێك بوو بێت نەتەوەی خۆیان لە بیر نەچووەتەوە و کروکاشێکیان هەر بۆ کردووە، یەکێ لەوانە کاك (ڕەحیمی قازی)یە کە چیرۆکی پێشمەرگەی نووسیوە.

کاك ڕەحیمی قازی، کوڕی سەیفولقوزاتە، کە هەمیشە بە شیعری تەڕ و ئاودار خەمخۆریی کوردی کردووە کە ئەویش برازای میرزا فەتاح بووە کە لە شۆڕشی گشتیی ئێرانا بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی دیکتاتۆری و دامەزراندنی مەشرووتە (حکوومەتی دەستووری) تێ کۆشاوە و ماوەیەکی زۆر لە زیندانا بووە و لە گرتووخانەی تارانا بیری وڵاتی کردووتەوەو گوتوویەتی:

خۆزگە ئەمزانی لە تارانا نەجاتم کەی دەبێ
کۆیی یارە مەوتینم یا مەدفەنم هەر (ڕەی) ئەبێ

برای حەمە حسێن خانی سەیفی قازییە، کە خۆی قوربانی کوردستان کرد، ئامۆزای قازی محەمەدی سەر کۆماری مەهابادە کە وەکو ڕۆژ لە ئاسمانی ئازادیخوازیی کوردستانا دەدرەوشێتەوە. جا ئەم کاک ڕەحیمە ڕێگەی کەسوکار و خانەدانی گرتووەتەوە بەر و خەمخۆری بۆ میللەتەکەی ئەکات و یەکێ لە خەمخۆرییەکانی چیرۆکی (پێشمەرگە)یە.

ئەم چیرۆکە بە قەڵەمێکی ڕەوان و شێوەیەکی شیرین نووسراوە و باری ژیانی کوردەکانی ئێران نیشان دەدات. چلۆنایەتیی دەرەبەگ و وەرزێر و زەبروزەنگی میری و پشتیوانیی شۆڕشی مەهاباد لە لایەن هەموو تیرە و چینەکانی کوردستانی ئێرانەوە دەردەخات و وەك ئاوێنە ئەو ئەڵقەیە لە مێژووی کوردستانا دەنوێنێ. وەکو گوتوویانە تا نەیچێژی نازانی چییە، تا نەیخوێنیتەوە نازانی چەند بەرز و بالا و شاکارێکی ئەدەبییە. ئیتر پێویست نییە لێرەدا شیی بکەینەوە و بەرچاوی خەین. خۆت بیخوێنەوە با بۆت تازە بێت و لە تازەیییەکەی لەزەت بەرە.

بەڕاستی ئەمە خشتێکی گرنگە لە کۆشکی ئەدەبی کوردیدا و خزمەتێکی بە نرخە بە زمان و مێژووی نەتەوەکەمان و هیوادارین گەلێ خشتی تری وای بێتە سەر و زمانەکەمان بە دەست و قەڵەمی ئەدیبە بە ڕێزەکان دەوڵەمەند بێت و لە ناو زمانانا جێگەی خۆی بگرێتەوە، بە تایبەتی کە دنیا ئێستا بچووك بووەتەوە میللەتان لە یەکتر نزیك بوونەتەوە و باری ئابووریی دنیا بەباز دەچێتە پێشەوە، ئەمەش لە زمانانا زۆر کاریگەرە و هەر میللەتێك سستی و تەمەڵی بکات زمانەکەی لێ دەئاڵۆزێ.

ئیتر بە هیوای دەست و قەڵەمی ئەدیبانی دڵسۆز.

بەغداساڵی ١٩٦٠

زستانی کوردستانە، هێندە ساردوسرە کە کەمی ماوە خوێنی نێو ڕەگی مرۆیان بمەیێنێ. تف هەڵاوێی دەبێتە سەهۆڵ و دەکەوێتە سەر عەرزەکە و وردوخاش دەبێ. هەورەکان پێشی ئاسمانیان گرتووە، زیروح دەنگی لێوە نایە. باڵیندەکان وە دەستوپێ کەوتوون، وە بۆ خۆ تێ خزان لە دێ و دەشت و قەتپاڵی کێوەکان لە جێگایەکی خاڵبەڵەك دەگەڕێن. ڕیزەی کێوەکان هەتا چاو هەتەر دەکا و دەشتەکان وە تەنانەت ئەو ماڵانەی کە لە کۆلانەکەیاندا دووکەڵی ڕەش دێتە دەرێ، بە کفنی بەفر داپۆشراون. عەرز هەر دەڵێی لە حاست زوڵمی عاسمان شکایەت دەکا و دەناڵێنێ، کانی و کەرێزە کان پشوو دەدەن، وە جارجار بایەکی سارد بەسەر دێیەکەدا دێ وە ئەو لاوانەی کە لە قەراغ سەرانگوێڵکەکان و پەنای قەڵاغەکان بۆ ژوان ڕاوەستاون مەجبوور دەکا بچنە نێو مزگەوت و ماڵەوە...

گوندی "کانی سەوزە" کە لە نزیك "سەقز" هەڵکەوتووە گوندێکی هەرە خۆش و بەدیمەنی کوردستانە، لە قەتپاڵی چیایەکی بەرز هەڵکەوتووە، هەر چوار لای مێرگ و باخ و چیمەنە، ئەو کانییانەی کە لە هەموو لاوە هەڵدەقوڵێ و لە قەت پاڵەکانەوە بە خوڕەخوڕ بۆ لای دۆڵەکان سەرەوژێر دەبێتەوە و بە نێو دۆڵی ئاشەکاندا تێ دەپەڕێ، جوانییەکی تایبەتی تەبیعیی بە کانی سەوزە داوە.

کانی سەوزە، نیزیکەی سەد ماڵی قەرەو جووتبەندە تێدایە. تەواوی مەزرای دێیەکە، هی خاوەن موڵکە. لە جووتبەندەکان چوار ماڵی لەگەڵ ئاغا ژن و پێنج ماڵیشی لەگەڵ کوڕ و کچ و بووکەکانی ئاغا بەنیوەکاری کشتوکاڵی دەکرد. لە جووتبەندەکان بە تەنیا شەش ماڵی هێزی ئەوەی مابوو کە بە شەرتی دەو دوو جووتی بکات.

لە قەرەکانیش بیست ماڵی بۆ خاوەن موڵك و منداڵی وی، سیکبەری دەکرد، وە ئەوانی تریش  بە سەپانی و کارداری و پاڵەیی و چەرچیەتی بەڕێ دەچوون.

کاك مامەند یەکێك لەو ڕەشاییانە بوو کە سیکبەریی دەکرد و  نۆ مانگی تەواو بە خاووخێزانەوە، لە زەویی ئاغا کاری دەکرد وە ڕۆزیی نەمرونەژی زستانی وە سەریەك دەنا.

بەڵام ئەو ساڵ– ئەو ساڵە ڕەشە، رووی لە کاك مامەند وەرگێڕابوو و بۆ نانی  بێ پێخۆری زستانیش موحتاجی کردبوو، تەرزەی بێ وادە، کوللە و سنی بێ ئامان و ژەنگی نێزیك بەر خەرمانان تەواوی دەغڵەکەی لە کەڵك خستبوو. ئەو تووتنەی کە لە قەت پاڵی کێوی بە هەزار کوێرەوەری رەعەمەلی هێنابوو گاڕانی ماڵە ئاغای تێوە چووبوو وە هەمووی پێشێل کردبوو.

کاك مامەند چەند جار چووبووە لای ئاغا کە بە قەرز داوای چەند باری گەنم و جۆی لێ بکات. بەڵام ئاغا نەك هەر دەغڵی بە قەرز نەدابوویە، تەنانەت داوای گاجووتەکانیشی کردبووەوە، سەرباری ئەوەش گوتبووی کە دەبی ئەو تۆیەی دای چاندووە و خەسار بووە بۆ عەمباری بهێنێتەوە. ئاغا هەموو ڕۆژێ گزیری دەناردە سەر کاك مامەند، بۆ گاجووت و تۆیەکە.

ڕۆژێك کاك مامەند چووە لای ئاغا و گوتی:  ئاغا، خوڵا غەزەبی گرت و

دەغڵەکەی لەناو بردم. گاڕانەکەی تۆش تووتنەکەی پێشێل کرد. ئەمەگی نۆ مانگ تەواوی خۆم و خێزانم بە هەدەر چوو. ئێستا ئەتۆ بەزەییت بە ئەمەگی من، بە برسی مانەوەی خاو و خێزانی من نایە و سەرپاکی ئەوەش داوای گاجووت و تۆوەکەم لێ دەکەیەوە، ئاخر خولا ئەوەی قەبووڵ ناکا! ئەگەر بیست پووت تۆی تۆ تێداچووە، زەحمەت و ئەمەگی ساڵێکی منیش بە خەسار چووە. تەواوی خەڵکی دێیەکەش دەزانێ کە گاڕانی تۆ، تووتنەکەی پێشێل کردووە. ئاخر بێ بەلابی، مەرجی سیکبەری بەو جۆرە نییە.

ئەمن لە عاسمان خولا و لە عەرزیش ئەتۆ شك دەبەم، وەرە بیکە سەدەقەسەری کوڕەکانت و لێم ببوورە.

ئاغا لەو قسانەی کاك مامەند کە بۆنی دڵمەندی و ئیعتراز و نارەزایەتیی لێوە دەهات تووڕە بوو یەك بەخۆی نەڕاندی و گوتی:

ئەرێ کێ لەوێیە! وەرن ئەو سەگ بابەی وەدەر نێن،خێرێکمان لە سیکبەری وی نەدی کەچی داوای قەرزیشمان لێ دەکات. حەییە حەییە، حەی، بەڕیشی خێوت! وادیارە بە هەتیوەکەت کە چووتە سابلاغ و بووەتە پێشمەرگە پشت ئەستووری، بۆیە قسەی وا زەلام دەکەی لە کن من. نا،نا، بەسەری تۆ، ئەمن لەوان ناترسم و ناهێڵم پێ لەو دێیە بنێن. ئەمن ناهێڵم ئەو ڕێوشوێنەی کە لە باب و باپیرمانەوە بۆمان ماوەتەوە ڕەشوڕووت تێکی بدەن. کرمانج چییە کە لە حاست ئاغا خۆی بە عینسان حیساب بکا؟ کرمانج چییە کە بڵێ ئەمنیش هەم.

نۆکەرەکانی ئاغا پیلی کاك مامەندیان گرت و وەدەریان نا.

ئێستا دە چلەی ئەو زستانە سەختەدا، کاك مامەند دەبیری ئەوەدایە کە، پاروە نانێك بۆ منداڵەکانی وەدەست بهێنێ.

سبەینەیە کاك مامەند کە تەمەنی لە شێست تێپەڕیوە، سواری کەرە بۆز بووە، وە بە کۆڵانە پڕ لە بەفرەکانی دێدا بەرەو شاخی دەڕوات. باڵتەیەکی

لە سەد جێوە پینەکراو، لە جیاتی پشتێند چەند گەز گوریسی لە چەند جێگاوە گرێدراو، لە جیاتی شەدەی ڕیشوەدار پێچێکی جاوی سپی کە لەبەر چڵکنی ڕەش ڕەش داگەڕاوە، جووتە کلاشێکی چەرمی گای مردارەوەبوو، جلوبەرگی کاك مامەندی تەشکیل داوە وە ئەو دیمەنە لە دوورەوە هەژاری و داماوی و لێقەوماویی کەرسوارەکە بە هەموو کەس دەنوێنێت. مامەند لە جیاتی نانەشەکر و کولێرەناسکە و قابلەمە پلاو و بەربەسێڵ و مێوژ و گوێز کولێرەیەکی ڕەشی ئاردی جۆ شینی لە باخەڵی ناوە، سەری داخستووە و جار جار لە کەرەکەی دەوەژینێ و لە خۆیەوە بۆڵەبۆڵ دەکا و دەڵێ: «حەوت سەر خێزانم دوو ڕۆژە بێ نان و پێخۆر ماونەتەوە و هەموو چاویان لە دەستی منە. پیرۆتیش چەند مانگە چووەتە ماکۆ و هیچ خەبەری نییە. هەرچۆنێکی بی ئێستا دەبێ لەو زستانە سەختەدا لە کێوی و لە میشە دار و ئاوردوو وەکۆ کەم و بیبەمە شاری بیفرۆشم و بیگەینمە بەهاریێ.

ئەگەر لەو ڕێگایە بژمرم لەوەی چاکترە کە، چاو لە دەستی ئەو نامەردە بم. دەزانم ئەگەر بێتو پیرۆت بانگ کەمەوە، بیکەمە نۆکەری ئاغا و مەجبووری بکەم دەست لەو کارەی هەڵگری ئەوێ دەمێ کاروبارم باش دەبێ، بەڵام ئەو کارەی ناکەم و ملم لە حاست ئەو نامەردەی دانانەوێنم. چارە چییە؟ لەبەری بپاڕێمەوە؟ بچم سواڵکەری بکەم؟

نا نا نا، سواڵکەریکردن لە من ناوەشێتەوە! دایکم شیری حەلاڵی داومەتێ، بەسەربەرزییەوە ئەمنی پێ گەیاندووە، داخەکەم لە کوێی پیرۆت! ئەگەر هیچ نەبایە لەو زستانە ساردەدا ئەتۆ یارمەتیت بە بابت دەکرد».

کاك مامەند بۆ ئەوەی زوو بگاتە جێ، زوو زوو لە کەرەکەی دەوەژینی: هەچە هەچە! منداڵەکان برسین، چاویان لەڕێیە.

کاك مامەند لە کێوەکە نزیك بۆوە. بەڵام هەوا هەتا دەهات تاریکتر دەبوو. هەورەکان وەك ریزەی هۆردوو لە پشتی یەکتر ڕاوەستاون و هەر دەڵـێی چـاوەڕێی فـەرمـانن. کـاك مـامـەند تـەمـاشای عـاسمـان دەکـا و بـە دڵپڕی لەبەر خۆیەوە دەڵێ: «خولایە نەباریێ، دەنا منداڵەکان لە برسان دەمرن و چاویـان لە ڕێیە».

بەڵام عاسمان گوێی لە پاڕانەوەی ڕانەگرت. کرێوە دەستی پێ کرد. دنیای ڕووناك وەرگەڕا سەر شەوی ڕەش و تاریك. چاو هەتەر ناکات. هەر هەنگاوێکی کە ڕێبوار هەڵی دێنێتەوە دەستبەجێ بەفر شوێنەکەی ون دەکات. کەرە بۆز لە تاقەت کەوت و هەردوو گوێی شۆڕ کردەوەو و ڕاوەستا. کاك مامەند لە کەرە بۆز دەوەژێنێ و دەڵێ:

«کەر کەرە، ئەی بەستەزمان مەگەر نافامی کە ئەتۆش وەك منداڵەکانی مـن بـرسیـی، ئـەمـن هـەرچـی دەخـۆم ئـەتـۆش هـەر ئـەوەی دەخـۆی.. هەردووکمان بووینەتە جۆخۆر هەچە هەچە ».

بەڵام کەرەبۆز ئەو قسانەی بەگوێدا نەدەچوو، کاك مامەندیش ئیتر هێزی ڕۆیشتنی لە ئەژنۆدا نەمابوو. کاك مامەند ڕووی کردە حەوا و گوتی:

خولایە چ بکەم! دەگەڕێمەوە منداڵەکان چاولەڕێ لە برسان دەمرن، ئەگەر ناشگەڕێمەوە، نە بۆ خۆم و نە کەرەکەم، هێزی ڕۆیشتنی بەرەو ژوورمان نەماوە. وا باشە بچمە نێو ئەشکەوتێکەوە و تاوێك چاوەڕێ بم و هەر کە کرێوە لێی کردەوە، دەچمە نێو دارستان و دەست بە دار کۆکردنەوە دەکەم.

کـاك مـامـەنـد بـە حـاڵـی سەگ خـۆی گـەیـانـدە ئـەشکـەوتـێك و خـۆی تـێ پەستاوت. بەڵام کرێوە لێی نەکردەوە و کاك مامەند شەوێ لەوێدا ماوە و زوو زوو سەری لە ئەشکەوتەکە دەردێنێ و نزیك نیوەشەو کاتێك کە دیتی عـاسمـان لـە لای شەمـاڵـەوە دەستـی بـەڕووونـاکبـوونـەوە کـرد و وردەوردە سایقە دنیا دادەگرێ دڵی خۆش بوو، وە لە دڵیدا گوتی:

«وەڵڵا سبەینێ تاو هەڵدێ و بە هاسانی دەتوانم دار و ئاوردوو وەکۆ کەم...».

ساردوسڕیی هەوا، ئارەزووی تاو هەڵاتنی سبەینێ و دار کۆکردنەوە و بەدەستپڕی چوونەوە بۆ لای منداڵەکانی نەیدەهێشت خەو بچێتە چاوی کاك مامەندەوە. مامەند لە بەحری خەیاڵاتدا نقوم بووە، بیر دەکاتەوە و لەبەر خۆیەوە قسان دەکا و دەڵێ: پیاو هەتا نەمری نازانی چی بەسەر دێ. هیچ کەس نازانێ ئێستا ئەمن لە کوێم وە لەبەر خاتری پارووەنانێك بەو سەرمایە لەو کونە خزاوم و چاوەڕێی تاو هەڵاتنم. داخولا ڕۆژێك دەبێ لەو فەلاکەتە نەجاتمان بێت. ئەوەتا، ئەمنیش چاوەڕێی تاو هەڵاتنم لەو سەرما و سەغڵەتییەدا، ئاغاکانیش چاوەڕێن. ئەمن بۆ وەدەستهێنانی پاروەوە نانێك. بەڵام ئەوان بۆ ئەوەی کە سبەینێ لە تاریك و ڕوونی بەیانیدا بچنە ڕاوە کەروێشك و سەنگەسیر لێ نێن و بیخۆن. ئەوەتا، ئەوان بە جلی ئاوریشم تاجیەکانیان داپۆشیوە و لە جێگای گەرم ڕایان گرتوون، بەڵام ئەمن لەو ئەشکەوتە ساردەدا لە جیاتی دۆشەگ عەرزم ڕاخستووە و لە جیاتی لێفە عاسمانم بە خۆمدا داداوە و ددانم ددانم ناگرێ.... دەك ماڵت کاوڵ بێ نەداری، دەك هەناوت ڕەش بێ دەستتەنگی، جا تۆ خولا ئەوەش ژیانە، هەی سەگی تێ ڕی لەو ژیانە»

کاك مامەند جار جارێك پیرۆتی کوڕی دێتە بەرچاوی و بەوهۆیەوە ڕووناکاییەك دێتە دڵیەوە و دەڵێ: «ئای کوێر بم، لە کوێی پیرۆت گیان؟ ڕەنگە بەو کارەی کە ئێوە دەستتان پێ کردووە ڕووناکاییەك بۆ هەژاران بدۆزنەوە. خۆ شوکور تفەنگیشتان هەیە...».

دە نێو ئاغاوەتی کورددا چوونی ڕاوە کەروێشك بەتاجی داب و تەرتیبێکی تایبەتی هەیە. لە هەر دێیەکەوە هەر کرمانجێکی تاجیی خێرای هەبێ، ئاغاوەت بە هەر نرخێ بێ حەول دەدەن وەدەستی خەن. گەلێك جار دە نێو ئاغاوەتدا لەسەر کڕینی تاجیی خێرا، کێشە و هەڵڵاش دەقەومێ وە لە بەر ڕقەبەری نرخی تاجی هەتا نرخی ئەسپێکی هەرەباش بەرەوژوور دەچێت. جا دزینی تاجیش ڕەسمە. ئەگەربێتو کرمانج تاجییەکەی بە ئاغا نەفرۆشێ، حەول دەدا تاجییەکەی بدزێ. ئاغا بۆ خزمەتکردنی تاجی و ئاگا لێبوونی نۆکەرێکی تایبەتی ڕادەگرێ. قەرەواشی ئاغا ژن جل و ڕستەی ئاوریشم بۆ تاجی دەدروون، لە شارییەوە قەلەتەی بە ئاوریشم چندراو و چەند قوببە زیوی پێدا کراوی بۆ دەهێنن و نانکەری ماڵە ئاغا دەبێ هەموو جارێ هەوەڵین نانی گەرمەتەندوور بە تاجییەکان بدات، چونکە وا مەشهوورە کە دەڵێن: «بە نانی گەرمە تەندوور، تاجی خێرا دەبێت».

کاتی زستان لەو دەمەدا کە بەفر دەبارێ، ئاغاوەت زۆر بە داب و دەزگاوە خۆیان بۆ ڕاو حازر دەکەن و ئەو شەوەی کە بەفر دەبارێ لە دیوەخانی ئاغا وەك شایی و زەماوەند بێ، وایە. نۆکەر و قەرەواش و مەیتەرەکانی ئاغا، ئەو شەوە هەتا ڕۆژ خەویان ناچێتە چاویەوە. نۆکەر

زوو زوو تەماشای عاسمان دەكا و لەمەڕ چلۆنایەتیی هەوا، ئاغا خەبەردار دەكا، قەرەواش كەتە و قوبولّی و هەلّوا و كولێرە ناسكی ساز دەكا بۆ ڕاوی سبەینیّ، مەیتەر تفاق و ئالیك دەدا بە ولاغەكان، رنەكیان دەكا و تەنگە و لغاو و ڕكێفی زین و بەرگی ئاغا بەسەر دەكاتەوە.

لە زستانی سالّی ١٩٤٥دا هەر ئەو شەوەی كە كاك مامەند بۆ خاتری وەدەستهێنانی پاروەە نانێك لەگەڵ كەرەكەی بەو سەرما و سەغلّەتییە لە كۆنە ئەشكەوتەكە خزاوە و وەك مێوژووكە دەلەرزیّ، وە منالّەكانی لە مالّیّ بە برسیەتی ماونەتەوە، لە مالّە قەرەنی ئاغای خاوەنی كانی سەوزە، كەیف و خۆشییە و بۆ ڕاوە كەروێشكی سبەینیّ تەدارەك دەگرن.

ئەو سالّ قەرەنی ئاغا زۆر بە لەزەت و كەیف خۆشیی تایبەتییەوە خۆی بۆ ڕاو حازر دەكا، چونكە لە پایزی ڕابردوودا بە نرخی دوو خەلّوار گەنم و دوو سەد تمەن پارە لە كاكە سەنی خەلّكی (كانی كوزەلّە) گولّەشینی كڕیوە و لە ڕاوی سبەینێدا بۆ جاری هەوەلّ گولّەشین تاقی دەكرێتەوە و دەبیّ بە گرتنی كەروێشكێك، تۆلّەی ئەو گەنم و پارەیە بۆ ئاغا بكاتەوە.

مالّە قەرەنی ئاغا لە لای هەرە ژووروویی كانی سەوزە هەلّكەوتووە و قەلا و بالّەخانەیەكی دوو نهۆمییە. قەلا و بالّەخانەی ئاغا بە دوولەت بەش كراوە، بەشێكی پێی دەلّێن "ئەندەروون" كە ئاغا ژن و كچ و بووك و قەرەواشەكانی لەویّ دەژین و ئەو بەشە لەنێو حەسارێكی گەورەدایە و لە دێیەكەوە دیار نییە. بەشەكەی دیكەش كە پێی دەلّێن بێرون ڕووبەڕووی دێیەكەیە و دیوەخان و پێشخانەی لێیە و ئاغا و كوڕەكان و نۆكەرانی لەویّ دادەنیشن.

ئەو شەوە سەرۆكی دایرەی ژاندارمی سەقز سەرگورد شمیرانیش لەگەڵ چەند ئەفسەری دیكە بە مێوانی هاتبوونە لای قەرەنی ئاغا. سەرگورد پیاوێكی درێژەی، ڕەقەلّەی، ڕەشتالّەی باریكە و هێندەی تریاك كێشاوە كە

هەر دووك چاوی ڕۆ چوون و قورقورۆچكەی لە دەرەوە دیارە و وەك دوندكوكی قەلەموونە وەبەرچاو دەكەوێت و هێندە لەڕە كە فووی لێ بكەی با دەیبا.

دیوەخانی ئاغا بە فەرش و مافوورەی گەورە و جوان داخراوە. لەنێو دیوەخانەكەدا چوار كۆڵەكە هەیە كە هەر كۆڵەكەیەكی چەند سەنیری پێوە هەڵپەسێراوە و دۆشەگێكی چكۆڵەی لێ ڕاخراوە. لە قوژبنێكی دیوەخانەكە ڕادیۆیەكی بەتری وەبەرچاو دەكەوێت. لەبەر دووكەڵی جغارە تەواوی میچ و دیوارەكانی دیوەخانە ڕەش داگەڕاوە. چەند چرای دوو پلیتەییی نەوتی، ڕووناكاییی خستۆتە نێو دیوەخانەكەوە. كوورەی مەفرەق كە پڕ كراوە لە دار هاژە هاژی دێ و هەر چوار لای وەك پۆلووی ئاگر سوور هەڵگەڕاوە.

مەجلیسی قومار گەرم بووە. سەرگورد شمیرانی كە لە قوماردا وەك لەی لاچ وایە و بۆ وەرەق جووتكردن دەستی شەیتان لە پشتەوە گرێ دەدا، زوو زوو هاتوچۆی ماڵە قەرەنی ئاغای دەكرد و قازانجێكی كە بە قەرەنی ئاغا و كوڕەكانی وی گەیاندبوو ئەوەبوو كە ئەوانەی فێری قوماری پۆكێر كردبوو. قوماری پۆكێریش خێر و بەرەكەتێك بوو كە لە كاتی شەڕی دووەمی دنیادا ئینگلیزی و ئەمریكاییەكان بە دیاری بۆ گەلەكانی ئێرانیان هێنابوو.

سەرگورد شمیرانی و قەرەنی ئاغا و كوڕە گەورەكەی ئاغا و ئەفسەرەكانی تر لە دەورەی یەكتری دانیشتوون وە هەریەكەی كۆمایەكی پارەی كاغەز لە بەردەم خۆی وەخڕ كردووە و خەریكی پۆكێر كردنن. قەرەنی ئاغا بە چاكی نەیدەتوانی ئەو ئیستیلاحانەی كە لە پۆكێردا بەكاردەهێنرێن بڵێت و قسەكانی زۆر سەیر دەگوت. لەجیاتی (دووپیر) دەیگوت دووپەر، لە جیاتی فوول –فیل، لەجیاتی ریست – (رست)، لە

جیاتی جیپ سەموار– جەو سەماوەر و هی دیکە. جا ئەو قسانەی پڕ بەزاری دەکوت و وای دەنواند کە گوایە زمانی ئینگلیزیش دەزانیّ.

ئەو مەنقەڵی و حوققە و ماشەیەی کە لە تەنیشت سەرگورد شمیرانی داندراوە، دیمەنێکی تایبەتی داوە بە دیوەخانەکە و سەرگورد بۆ ئەوەی کە لە کاتی پۆکێردا، خەو نەیباتەوە چەسپێك تریاك دەکێشیّ وە هەر جارە نا جارێك قەرەنی ئاغاش چەسپێکی لیّ دەدا و ئیشتیای چا دەکا و دەنەڕێنیّ:

«کوڕە، کیّ لەوێیە؟»

نۆکەران کە لە پێشخانە دانیشتبوون و گوێیان لە نەڕەی ئاغا بوو دەنگیان داوە :

- قوربان کێت دەویّ!

- چایی بێنن، چای!

- بەڵیّ قوربان!

قەرەنی ئاغا و کوڕەکەی بە ئانقەست و بۆ ئەوەی کە دڵی ئەفسەرەکان خۆش بکەن هەرچی پارەیان لەبەردەمی بوو هەموویان دۆڕاند. قوماری پۆکێر تەواو بوو. سەرۆکی ژاندارم و ئەفسەرەکانی تر تەواوی پارەکەیان لە گیرفان ئاخنی. کاتی نان خواردن بوو قەرەنی ئاغا دیسان بەو دەنگە ناخۆشەی نەڕاندی:

- کیّ لەوێیە؟ نان بێنن، نان!

تاوێکی پیّ چوو، نۆکەرەکان کە هەر یەکەی مەجووعمەیەکی پڕ لە پڵاو و خورشت و ترشیات و ماستئاوی لەسەر سەری دانابوو وەژوور کەوتن و لە بەردەمی هەردوو کەسەی مەجوعمەیێکیان دانا و دەستەونەزەر لەبەر دەرگای پێشخانەکە ڕاوەستان. ئاغا و مێوانەکان بە فڵچەفڵچ خەریکی خواردنن و بەونیوەشەوە فڵچەی زاری ئاغا لەوسەری دیوەخان دەنگی دەداوە و پارووی وای لە پڵاوەکە دەدا کە، هەردەتگوت گورگە و کەلاکی

مـەڕی دۆزیـوەتـەوە. لـەنێو قـامکـەکـانـیـەوە چـۆڕە چـۆڕ ڕوون دەڕژاوە نـێو دەورییەکەوە، تەواوی لالچ و دەوروبـەری سمێڵی لـەبـەر چـەوری بریقـەی دەدا.

نـۆکـەرەکـان کـە بـەدەستـەونـەزەرەوە ڕاوستـاون، چـاویـان بـڕیـوەتـە زاری ئـاغـا و مێوانـەکـان و لـە چـاویـانـڕا ئـەو قسانـە دیـارە: «ئـەی سندان خـۆن، دە تـەواوی کـەن، شتێکیش بـۆ ئیمـە بهێڵنـەوە. ئـاخر جـەمـی ئێمـە پـاش بـەرمـاوی ئـێوەیـە، خـۆ ئـاغـا ژن مـەجـووعـمـەی جـیـاواز بـۆ ئـێمـە نـانـێرێ. دەك بـە قوزەلقورتتـان بێ، تـەواوی کـەن!.»

نـانـی شـەو زۆری کێشا. لـە پـاش وەخـڕ کرانی مـەجووعمـەکـان سەرلـەنوێ چـای پـڕ ڕەنـگ لـە بـەردەمـی ئـاغـا و مێوانـەکـان دانـرا و ڕەژی مـەنقـەڵی تریاکەکەی سەرگوردیش تـازە کراوە.

قـەرەنـی ئـاغـا تـەواوی حـەول و تـەقـەڵلای ئـەوە بـوو کـە مێوانـەکـانـی خـۆشیـان لێ ڕابـبری و کـاتێك کـە قورتم قورتم چـای دەخواردەوە نـۆکـەرێکی بـانـگ کرد و گوتی:

حەمە چەورە، دەلێ لێیەکی شکاکیمـان بـۆ بڵێ.

حەمە چەورە دەستی پێ کرد:

«دەلێ هـەی لۆلۆ، هـەی لۆ لۆ، هـەی لۆ نـەمینم لـەبـەر ئـەوی دونیـایـە ووو...

دەلێ بـا بـا دەری بـە من دەری ئـامـان

سەد نـەعلـەت بی لـەوان کـەسـان

لـەسـەرەوە برای گیـانـی گیـانـی

لـە بنـەوە تـەمـەح دەکـەن لـە مـەعشووقـەی دەدۆستـە برادەری.

دەلێ هـەی لۆ، هـەی لۆ لۆ نـەمینم لـەبـەر ئـەوێ خـەزێم شۆڕێ هـەی هووو...»

حەمە چەورە دوو سێ بەندی دیکەشی تێ چریکاند، بەڵام قەرەنی ئاغا هەستی کرد کە سەرگورد خۆشی لەوە نایە و بە ئیشارەی چاو حەمە چەورەی حاڵی کرد کە بیبڕێتەوە و وەدەرکەوێ.

لە پاشان ئاغا مەبەستی ڕاوی سبەینێی هێنا گۆڕێ، لەگەڵ کوڕەکانی لەسەر دیاریکردنی حەقی تەماڵ کێشەیان لێ هەستا. هەرچی قەرەنی ئاغا بوو حەزی دەکرد نرخی تەماڵ زۆر کەم بێ، بەڵام کوڕەکانی بۆ ئەوەی خۆیان لە حاست نۆکەرەکان بە سەخی بنوێنن، حەولیان دەدا، حەقی تەماڵ زۆر بێت. لە پش هەرا و هۆریایەکی زۆر حەقی تەماڵ بە پەنجا تومەن دیاری کرا و بڕیاریان دا سەر ئەوەی کە ڕستەی گوڵەشین لە قۆڵی بابەکر ئاغای کوڕە گەورەی قەرەنی ئاغادابێ.

دە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە حەمە چەورە مەقامی دەگوت و لە پاشان ئاغا و کوڕەکانی کێشە و هەڵڵایان بوو، سەرۆکی ژاندارم پاڵی بە سەنیرەوە دابوو و زوو زوو چەسپێکی لە حوقەی تریاکەکە دەدا و چووبووە نێو بەحری خەیاڵاتەوە. ئەو ئەسڵا گوێی لەو قسانە نەبوو چاوی زەق کردبۆوە نوختەیەك و کاتێك کە قەرەنی ئاغا نەڕاندی چای بێنن چورتی شکاو یەك بەخۆی داچڵەکی و بێ ئەوەی وشەی "ئاغا" بڵێ گوتی:

- قەرەنی، بەڕاستی پیاوێکی گەوجی.

قەرەنی ئاغا دەستبەجێ قسەی سەرۆکی ژاندارمریی بڕی و بۆ ئەوەی کە نۆکەرەکان و کوڕەکانی گوێیان لە قسە سووکەکانی وی نەبێ، ڕووی تێ کردن گوتی:

- وەدەر کەون و بۆڕاوی سبەینێ خۆتان حازر کەن.

سەرگورد لە ئامانجی قەرەنی ئاغا گەیشت و هێندەی دیکەش خۆی سەربەست بەڕێوە برد و بێ ئەوەی شەرمی لێ بکات و بە پیاوی بزانی دووایی قسەکانی خۆی دەست پێ کرد و گوتی:

ـ ئەی پدەر سوختەی ئەحمەق! هیچ ئەوەی دەزانی کە هەتا ئێستا بیست و پێنج کەس لە لادێییەکانی تۆ چوونەتە مەهاباد و بوونەتە پێشمەرگە؟ بە گوێرەی ئەو دەنگوباسەی کە پێمان گەیشتووە هێزی پێشمەرگە بۆکانیان گرتووە و بۆ لای سەقز وەڕێ کەوتوون. هەر دەڵێی لۆکەت لە گوێی ئاخنیوە و ئاگات لە دنیای بڕاوە. پیاویش هێندە گێژ دەبێ؟ لەو کاتەدا پیاو وا بەدەم  و دەزگاوە خۆی بۆ ڕاو حازر دەکات؟ هیچ ئەوەی دەزانی کە هێندێك لە پیاوە دەوڵەمەندەکانی سەقز لە ترسان بارگەو بنەیان تێك ناوە و بەرەو تاران خەریکن هەڵدێن؟ ئەتۆش لە گوێی گادا نووستووی. بە جوققەی پاشا قەسەم، ئەگەر پێشمەرگەکان بێنە ئێرە بەزمی سەگانت پێ دەگرن و حەڵوات پێ دەکەن. ئەو ڕۆژنامە کوردییەی کە لە مەهاباد دەردەچێ سیاییی تەواوی ئەو ئاغایانەی نووسیبوو کە خزمەت بە دەوڵەتی شاهەنشاهی دەکەن، وەنێوی تۆش لە ژووررووی هەمووانەوە بوو. ڕۆژنامەکە ئێوەی بە نیشتمانفرۆش و چڵکاوخۆری بەر دەرگای پاشا نێو بردووە. ئەتۆ دەزانی کە من لەگەڵتا دۆستم و وا بە مەسڵەحەت دەزانم کە، هێندێك وریا بی و بەڵکە...

لەو کاتەدا شمیرانی بە ماشەکەی دەستی ئاگری مەنقەڵییەکەی خۆش کرد و لە قووڵاییی دڵەوە چەسپێکی لە حوققە دا و دووکەڵەکەی قووت دا و بە پشوویەکی دیکە بە کونی لووت و زاریدا دووکەڵەکەی بۆ لای قەرەنی ئاغا هەڵداشت و لەو کارەدا هێندە سەرڕاست و پسپۆڕ بوو کە وەك سەنعەتکاری هەرە باش وەزیفەی خۆی بەجێ دەگەیاند. قەرەنی ئاغا لەپاش خواردنی دووکەڵەکە، بزەیەکی هاتێ و دەستێکی بە سمێڵەکانی داهێناو بردو بیری سەرۆکی ژاندارمی بەو جۆرە تەواو کرد:

ـ مەنزوورت ئەوەیە خۆم بۆ هەڵاتن بۆ لای تاران حازرکەم؟

سەرۆکی ژاندارم بە ڕاوەشاندنی سەری ڕای گەیاند کە قەرەنی ئاغا لەوی حاڵی بووە.

قـەرەنـی ئـاغـا یـەکـێك لـەو ئـاغـایـانـە بـوو کـە لـە پـاش تـێکـچـوونـی دیکتاتۆریی ڕەزاخان سوارەی پڕ چەکی بۆ خۆی ساز کردبوو و هەمیشە سەد سوارێکی تەیاری بە دواوە بوو.

قەرەنی ئاغا بە پێچەوانەی بەشی زۆری ئاغاوەتی کوردستان هەر لە پاش تێکچوونی دیکتاتۆریی ڕەزاخان، نۆکەرایەتیی حکوومەتی ڕەچاو کرد و هەر جیا لە وەرگرتنی چەك و قۆرخانە هەموو مانگێ پارەیەکی زۆریشی وەردەگـرت. قـەرەنـی ئـاغـا لـە مـەڵـبـەنـدی سەقـز بـووبـووە قولەچوماغی حکوومەت و چەند کەرەت بزووتنەوەی لادێیەکانی وەبەر گوللە دابوو. قەرەنی لەبەر هەستی نیشتمانفرۆشی و خراپکاری نەزەری کـاربـەدەسـتـانـی ئـینگلیزیشی بـۆ لای خـۆی کێشا بـوو وە چـەنـد جـارێك کاربەدەستانی ئینگلیزی لە سنە و کرماشانەوە بە نێوی "مێوان" هاتبوونە ماڵەو وی و ئەسپاردی پێویستیان دابوویە.

قەرەنی ئاغا کە بە بزەوە گوێی لە قسە کانی سەرۆکی ژاندارم ڕاگرتبوو قومێکی لە جغارەکەی داو بە دەعیە و تەشەخوسێکی تایبەتییەوە ڕووی لە مێوانەکەی کردبوو بۆ ئەوەی کە شارەزابوونی خۆی لە زمانی فارسیدا بنوێنێ بە کوردییەکی فارسی لێکرا و گوتی:

جەنابی ڕەئیس، خۆ ئەگەر هیچ کەس نەزانێ ئەتۆ لە قارەمانیەتی و مەردایەتیی بەندە بەڵەدی. دوو ساڵ لەمەو پێش مەوقعێك کە کرمانجە پابورەهنەکان، خەریك بوون شوعبەی کۆمەڵە لێرە باز بکەنەوە، ئەمن کارێکی وام بەسەر هێنان کە با بە دەواری شڕی نەکردبێ. بە نوێژی نیوەڕۆ دوو کەسم لەوان یەختە کرد. تەواوی لادێیەکانی ئەترافی سەقزم تـرسـانـدووە. هـیـچ کـەس لـە نـەزدی مـن نـاوێرێ بـڵـێ ئـەمـن هـەم. موتـەئـەسیفـانـە هـێشتـا بـەندەتـان نـەنـاسیوە. قـوربـان بـەنـدە لـە موقـابیل ئەواندا بەگزادە گوتەنی، کتکە نەوتینەم و هەر ئەتنمەوە. لە نێو ئەکرادا هەڵاتن بە عەیبێکی گەورە مەحسووب دەکرێ و هەر کەسەی هەڵاتن لە

نـەزەر بـگـرێ لـە ژنـی کـەمـتر مـەحسووب دەکـەن. ئـێوەش کـە لـە تـارانـێوە تـەشریف فـەرمـا دەبن، خوداوەند سـەلامـەتتان کا هـەمیشە لـە فکری فـەرار کردندان.

لێرەدا سەرۆکی ژاندارم قسەی قەرەنی ئاغای بڕی و بە تووڕەیی گوتی:

ـ خەفەشەو، مەردکەیی بێ شوعور.

تاوێك هەردووکیان سەریان داخست و بێدەنگی دیوەخانەکەی داگرت. قەرەنی ئاغا جغارەکەی دەستی فڕێ دا و جغارەیەکی تازەی داگیرساند و بە قومە دووکەڵی جغارەکە پشووی هاتەوە بەر خۆی و سەری هەڵێنا و گوتی:

جەنابی سەرکار! ترس لازم نییە. سوارەی موسەللەحی من و تیپی موسەللەحی ئێوە لە سەقز پدەری پێشمەرگەکان دەردێنێ و ئەعلاحەزرەتی هومایۆنی خەللەدەڵڵاهو مولکەهو ئیعتمادێکی فەوقولعادەی بە ئێمە هەیە. مەخسووسەن ئەو تانکانەی کە لە مەمالیکی ئەمریکا هێندراون پدەری پێشمەرگەکان دەسووتێنێ. ئێوە موسەلسەلتان هەیە، تۆپی موختەلیفی دوورهاوێژتان هەیە. قوای پێشمەرگە فەقەت تفەنگیان هەیە. گوللەی تفەنگەکانیان لە تانکەکانی ئێوە کار ناکا.

لە پاش ئەو قسانە قەرەنی ئاغا بە زمانی فارسی، بەڵام بە ڕاوێژی کوردی ئەو شیعرەی سەعدیی خوێندەوە:

ئان نە من باشم کە روزی جەنگ بینی پشتی من
ئان مەنەم کەندەر مەیانی خاکو خوین بینی سەری

سەرۆکی ژاندارم کە لە کێشانی بەبێ پسانەوەی تریاك وەك گوێلکی حیلی لێ هاتبوو هەردووك لاقی درێژ کردبوو و پاڵی بە سەنیرەکانەوە دابوو. شمیرانی لە خۆ هەڵکێشان و جامەلووسکەییی قەرەنی ئاغا تووڕەبوو و بە دەنگێکی نووزە نووزەوە دەستی بە قسان کرد:

ئەی فلان فلان شودە، هەر دەڵێی کوردبوونی خۆشت لەبیر چووتەوە. مەگەر بەسر پێرارت لە بیر نییە. حا، لە بیرتە سوارەی ئەحمەد خان لە سەقز چلۆن بەهۆی خەنجەر تانکەکانی هوردووی شاهەنشاهییان لە کار خست. ئەو کوردانەی کە من دەیانناسم لە تانك چییە ، تەنانەت لە فرۆکەش خۆفیان نییە و ئەو ماڵ بە قورێ گیراوانە ترسیان لە چاویدا نییە. وەك مێرووڵە بەسەر تانکەکاندا هەڵدەچوون و بە خەنجەر لێخورەکانیان کوشت. ئێستاش کەلاکی ئەو تانکانەی کە کوردان بە خەنجەر لە کاریان خست لە کۆڵانەکانی سەقز هەر ماون و لادێیەکان بە تەور و پاچ و لەم لەتکە لەتکەی لێ دەکەنەوە و دەیکەن بە گاسن. ڕەنگە بەشی زۆری گاسنەکانی ڕەعییەتەکانی تۆش هەر لە ئاسنی ئەو تانکانە بن.

سەرۆکی ژاندارم کە ئەو قسانەی دەکرد لە دڵەوە وەترس کەوت و ئاوی زاری ویشك بوو بۆ ئەوەی ڕۆحی وەبەر بێتەوە چەسپێکی دیکەی تریاك کێشا و قومێکی چا خواردەوە و دیسان دەستی بە قسە کرد:

ئەوەش بزانە کە قازی سیاسەتێکی زۆر چاکی دەست پێ کردووە و ماڵی ئێمەی بە قوڕ گرتووە. تەواوی عەشیرەتەکانی پێکەوە ئاشت کردووەتەوە، بەشی زۆری ئاغاوەتی بۆ لای بزووتنەوە کێشاوە ئێستا ئەوانیش بە سوارە و چەکی خۆیانەوە تێکەڵاوی هێزی پێشمەرگە بوون. لە کوردستانی عیراقەوە هەموو ڕۆژێ دەستە دەستە کورد دێنە مەهاباد و تێکەڵی هێزی پێشمەرگە دەبن. ئەو بارزانییانەی کە دوژمنی سەرسەختی مەلیك و ئینگلیزییەکان بوون و لە عیراق هەدایان بە ئینگلیزییەکان نەدەدا ئێستا لە ریزی بەرەوەی هێزی پێشمەرگەدا ڕاوەستان. ئێمە زۆر بەهەویا بووین کە هێزی پێشمەرگە سەر ناگرێ و بێ سەروبەرەیی لە نێویدا دێتە گۆڕێ. بەڵام ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە لە عیراقەوە هاتوونە مەهاباد لە نێو هێزی پێشمەرگەدا قانوون و قاعیدە و ڕێوشوێنی وایان دامەزراندووە کە تەواوی

ئەفسەرانی هۆردووی شاهنشاهییان وە تەعەجوب خستووە. ئەو ئەفسەرانە بە جۆرێك لە فەننی فەرماندەری شارەزان كە بەشی زۆری سەرتیپ و سەر لەشكرەكانی ئێمەش دەبێ ئاویان لە دەستی كەن.

وەڵڵا لە نێو ئەواندا چوار ئەفسەر هەیە بە نێوی عیزەت و مستەفا خۆشناو و خەیروڵڵا و محەمەد مەحموود كە بە زانست و مشووری و شارەزایی و ئازایی لە مێژووی هۆردوودا وێنەیان كەم دیتراوە و كیهە ئەفسەری هەرەزەلامی ئێمە هەڵگری، لە ترسی وان كونی مشك بە ئاوات دەخوازێ.

قەرەنی ئاغا كە بە بزەوە گوێی لەو قسانە هەڵخستبوو بەچاوێكی غەزەب و توورەییەوە تەماشای دەم و لچی تێك هەڵقۆپاوی شمیرانیی دەكرد و هیچ خۆشی لە قسەكانی وی نەدەهات. قەرەنی ئاغا دەیویست سەرەتای باسێكی دیكە داگیرسێنێت. بەڵام سەرۆكی ژاندار مەودای پێ نەدا و گوتی:

ـ ئەرێ چاك بوو وەبیرم كەوتەوە. ئەو پیرۆتەی كە ڕەعیەتی تۆ بوو لە مەڵبەندی سەقز هەدای پێ نەدەداین ئێستا لە كوێیە؟ پیرۆت مرۆیكی زۆر بەدفەڕو نەترسە.

سەرۆكی ژاندارم بە جۆرێك ئەو قسانەی گوت كە دیار بوو لە پیرۆت زۆر داغ لەدڵە و بە بیستنی نێوی وی مچوڕكی پێدا دەهات.

قەرەنی ئاغا لە وەڵامدا گوتی:

ـ بە جوققەی شاهنشاهـ قەسەم، حاڵ و ئەحواڵی پیرۆتم وا پەرێشان و مەخشووش كردووە كە ئەسڵەن بەو سامانەدا ناتوانێ ڕەفت و ئامەد بكات. باب و دایك و خانەدانی ویم دووچاری دەردەسەری و بەدبەختییەكی وا كردووە كە هیچ مەوقیع قودرەتی نەجاتبوونیان نییە. جا با پیرۆتیش هەر بچێتە مەهاباد ببێتە پێشمەرگە.

ئیتر شەو زۆر درەنگ بووبوو. قەرەنی ئاغا بۆ ئەوەی دڵی سەرۆكی ژاندارم خۆش بكات و لە خەفەتی نەجاتی بدات گوتی:

- جەنابی سەرکار! قەلبت نارەحەت مەکە، لە عەیش و عیشرەتی خۆتدابە. هێندێك ئیستراحەت بکە، نێزیك بە سوبح دەچینە ڕاوە کەروێشك و هەموو غەمگینی و دڵتەنگییەکمان لە یاد دەچێ. مەحزی خاتری سەرکار سبحەینێ گوڵەشین دەبەینە شکار و تێی بەردەدەین.

پاش یەك دوو سەعات حەسانەوە ئاغا و سەرۆکی ژاندارم و ئەفسەرەکانی تر و کوڕەکانی ئاغا و دە پانزدە نۆکەر سوار بوون و بۆ ڕاو وەڕێ کەوتن. لەم سوارانە چەند کەسێکیان ڕستەی تاجییەکانیان لە قۆڵ کردبوو، دوو کەسیشیان سواری هێستر بووبوون کە بار و خورجینی پڕ لە خواردەمەنییان لێ نابوو. ئەوانە حەولیان دەدا لە ئاغا و سەرگورد نزیك بن کە هەر وەخت داوای ئاو وە یان خواردەمەنییان لێ کردن دەسبەجێ بیاندەنێ.

پیرۆت لاوێکی کەڵەگەت و چوار شانە و چاو و برۆ ڕەش و سینگ پان و خۆش مەشرەف و سەحەت سووك بوو، پیرۆت دەنێو لاوانی کانی سەوزەدا زۆر شۆخ و بەقووەت بوو، هەمیشە زستانان کاتێك کە خەڵکی دێ لەبەر دەرگای مزگەوت وەکۆدەبوون لەسەر سەرانگوێلکەکەی ماڵە ئاغا کە لە نێزیك مزگەوت زۆرانییان بە لاوان دەگرت. پیرۆت تەواوی هاوتاکانی خۆی لە عەرزی دەدا و هیچ کەس نەیتوانیبوو پشتی وی لە عەرزی دا. پیرۆت سمێڵێکی ڕەشی باریکی پڕی هەبوو و گەلێك جار کە دەهاتە نێو خەڵکەکە دەیانگوت: «ئەها، پاڵەوانی سمێڵبابڕی هات!».

پیرۆت هەتا ساڵەکەی لێکەوتنی ڕەزاخان لەسەر تەخت، لە کانی سەوزە لەگەڵ کاك مامەندی باوکی خەریکی کار و کاسبی و کشتوکاڵ بووە. هەر ئەو ساڵە کاك مامەند دەیویست ژنی بۆ بهێنێ. بەڵام کارەساتێکی وا هاتە گۆڕێ کە شایی و زەماوەند سەری نەگرت.

لاوانی کرمانجی هەژار زۆر جار بە تەنیا لە دوو ڕێگاوە دەتوانن ژن بێنن. ئەگەر لە ماڵی ئەو لاوە کچ هەبێ ئیتر بیر و خەیاڵی ئەو بۆ ژن هێنان بۆ کوڕەکەیان ڕاحەتە و گەورەی ماڵ لە ڕێگای ژن بە ژنەوە ژن بۆ کوڕەکە دەهێنێ. ئەو کوڕانەی کە لە ماڵێدا خوشکیان نییە، گەلێك جار مەجبوور دەبن کچ هەڵگرن و لە پاش هەڵگرتن کچەکە دەبەنە ماڵە مەلاوە

یا قازی و لە پاشان بە هۆی ئەوان لەگەڵ باب و دایکی کچەکە ئاشت دەبنەوە.

پیرۆت خوشکێکی ڕەش ئەسمەری، ژیکەڵە و خوێن شیرینی هەبوو بە نێو خەزاڵ. کاك مامەند بە هەویابوو ئەو کچە بدا بە کوڕێکی کە خوشکی هەیە بەو جۆرە ژن بەژن بکا و بۆ پیرۆت ژن بهێنێ. لە گوندی (کانی کیسەڵە) هەڵکەوتوو لە نزیك کانی سەوزە، کچە کرمانجێك دەژیا بە نێوی مرۆت کە شۆرەتی جوانیی وی، بە تەواوی وڵاتدا بڵاو بووبۆوە.

مرۆت تازە تەمەنی گەیيبووە حەڤدە ساڵی. باڵای وەك شمشاڵی، چاوی گەورە و کاڵی، برۆ و مژۆلی وەك تیر و کەوانی، پرچی بریقەدار و وەك ڕەشە ماری، هەنیەی پانوپۆڕ وێنەی مانگی بەری بەیانی، ڕەنگی ڕوومەتی لە وێنەی کۆلکەزێڕینەی پاش بارانی، لێوی ئاڵ و خاڵی ڕەشی پاسەوانی، ددانی وەك سەدەفی بەحری عوممانی، چاڵی چەنەی زیندانی لاوانی، جووتە هەناری نەگەییوو و کاڵی، قەدی باریك و شووش و نەو نەمامی، مەچەك و پووز و قولاپەی سپی وەك بەفری پڕ لە بازنە و خرخاڵی، قاقای وەك بولبولانی، ڕەوتی وەك ماینی کەحلان و خاسەکەوی کێوەکانی بەرز و بڵیندی کوردستانی، بۆنی مێخەك و گوڵانی دڵی هەموو گەنجێکی دەفراند. هێندە ناسك و نازادار و خنجیلانە و ژیکەڵە و مەشرەف خۆش و لەبەر دڵان بوو کە هەرکەسەی چاوی پێ بکەوتبایە بە بێ ئیختیار ڕادەوەستا و سەیری دەکرد. قامکت لە ڕوومەتی دابایە کانیی خوێنی تێدا هەڵدەقوڵی و وەك ئاوێنەی بەرد پیاو خۆی تێدا دەدی و لەبەر جوانیی وی شەرم دەیگرت. بەڵام هەر وەك تەواوی کچانی کوردەواری قامکی نامەحرەمی وەڕوومەتی نەکەوتبوو بە حەیا و عیسمەتی و خاوێنی هێندەی دیکەش جوانیی مرۆتی ڕازاندبۆوە.

پیرۆتی سمێڵبابڕیش نێوبانگی جوانیی مرۆتی بیستبوو، هەر بەئامانجی دیتنی وی جارێکی چووبووە کانی کیسەڵە و لەسەر کانی،

چاوی پێ کەوتبوو و دڵێك و هەزار دڵ عاشقی بووبوو، بەڵام ڕەخۆی نەدیبوو کە عیشقی خۆی بە مرۆت نیشان بدات و دڵی وی وەدەست بهێنێ، هەر بەچەند ڕۆژ جارێك سەفەرێکی بۆ کانی کیسەڵە دەکرد و لە قەراغی کانییەکەی نیزیك بە دێ دادەنیشت لەبەر خۆیەوە دەستی بە قام گوتن دەکرد و لە قامەکانیدا بە ئانقەست ئەو شیعرانەی دەکار دەهێنا کە هەمووی ئیشارە بوو بە دڵبەرەکەی. پیرۆت دەیگوت:

لە دوور دیارە پەرچەمی خاوی
دێوانەی کردم بە گۆشە چاوی

خۆزگەم بەو کەسەی دراوسێتانە
بە شەو و بە ڕۆژ ئاگای لێتانە

جارێکی دیکەش پیرۆت قامێکی بەو قسانەوە گوت:

هەرچەند دەکەم فکر و ئەندێش
تەوەللا مام لە قەوم و خوێش
لە دوای باڵات بووم بە دەروێش

ماڵی وێران کردم چاوی
دێوانەم بۆ زوڵفی خاوی
ئەمنی هەژار کەوتمە داوی

چاوت ڕەشە بە خومارەوە
مەمکت سێوە بە دارەوە
خولا داویە مەیشارەوە

هاتوچۆی زوو زووی پیرۆت بۆ کانی کیسەڵە و ئەو قام و گۆرانییانەی کە لە قەراغ کانییەکە بە دەنگێکی خۆش دەیگوت دڵی مرۆتی هێندێك وەخرپە خرپ خستبوو و ئەویش حەزی دەکرد زوو زوو پیرۆت ببینێ و

گوێی لە قامەکانی ڕابگرێ. پیرۆت بە هۆی چەند پیرێژنێکی دێیەکە، زانیبووی کە مرۆت برای هەیە چەند ساڵ لە خۆی گەورە تر و ئەوە هێندەی دیکەش دڵی پیرۆتی خۆش کردبوو، چونکە لە ڕێگای ژن بە ژنەوە دەیتوانی بە مرادی خۆی بگات. پیرۆت پێی عەیب بوو کە لە ڕێگای هەڵگرتنەوە بە ئاواتی دڵی  بگات و دەیزانی کە ڕەدووکەوتن لە مرۆت ناوەشێتەوە. بەڵام  پیرۆتی شێت و شەیدا بوو هەرچەند هێزی لە خۆی دەدا لەبەر جوانی و بە حەیا و عیسمەتیی مرۆت ڕەخۆی ڕا نەدەدی عیشقی خۆی پێ بڵێ و قسەی وی ببیستێ.

ڕۆژێك نزیك بە ڕۆژ ئاوا بوون، مرۆت بە جووتە گۆزەی سەرشانیەوە، هاتە سەر کانی و دیتی ئەوە گۆرانیبێژەکە بە خەفەتی و کزی و بێدەنگی لەو لای کانییەکە دانیشتووە و چاوی بڕیوەتە شەبەقی ڕۆژ کە خەریکە ئاوا دەبێ. جیا لە مرۆت کەسێکی دیکە لەسەر کانی نەبوو. مرۆت وەك تاوس سەد ڕەنگی هێنا و برد و بە دەنگێکی نەرم و لەرزە لەرزەوە ڕووی لە پیرۆت کردو گوتی:

ئەرێ فلانی، بۆ چ بێدەنگی، بۆ چ قامێکی ناڵێی.

- پیرۆت کە لە غورابی خەیاڵاتدا بوو بە بیستنی ئەو دەنگە لە خەوی خەیاڵات وەخەبەر هات و مچوڕکێك بە تەواوی گیانیدا ڕابرت و تاوێك عەبەسا. بەڵام گورجێك هاتەوە سەر خۆ و بێ ئێختیار بەسەوزەوە ئەو گۆرانییەی دەست پێ کرد:

ئەگەر بزانی بە حاڵی دەردم
گریان دەتگرێ بە ڕەنگی زەردم

بنووسن لە بان سەنگی مەزارم
شەهیدی عیشقم مەکەن ئازارم

هەرچەند دەکەم دڵ پیرنابێ
دەستم لەو مەمکەی گیر نابێ
دل دێوانــە و بـۆم ژێـر نــابــێ

چــاوت لــە بـرۆیـان ڕەشتـرن
لـــە مـــاری ڕەش وریـــاتـــرن
هـــەمـــوو ڕۆژێ ڕێگـــا گـرن

پیرۆت چەند بەندێکی دیکەی گوت و بێدەنگ بوو، هەستا بۆ لای مرۆت هات.

پیرۆت لە بەرامبەر مرۆت لەوبەری کانییەکە ڕاوەستا و ئاوی ڕوونی وەك چاوی قرژاڵی کانییەکە کە بە خوڕەخوڕ بە بەردەمیاندا ڕادەبرد، وەك وێنەهەڵگری هەرە شارەزا، وێنەی ئەو دوو گەنجە نەو نەمامەی وەبەر سێرەی خۆی گرتبوو. پیرۆت بۆ جاری هەوەڵ بوو کە لە نزیکەوە چاوی لە گوڵی دڵەکەی دەکرد و بە دیتنی خیسەی دڵگیر و پڕ لە هەزار مانای ئەو نازدارە شۆخ و شەنگە و پرچی ڕەش و هۆنراوەی وەك شەوە، برۆی مانگی یەکشەوە و کوڵمەی وەك هەناری ساوا هەتا دەهات پتر شێت و شەیدای دەبـوو، پـیـرۆت لـە سەیـرکردن و تـەمـاشا کـردنـی مـرۆت تـێر نـەدەبـوو سەردەمێك هەر ڕاوەستا، لەو لاوەشەوە مرۆت سەری داخستبوو چاوەڕێی ئـەوەبـوو کـە پیرۆت قسەیـەکی بکـات. پیرۆت ڕەنگێکی هێنـاو برد و لـە خـۆشیـیـان هـێنـدە تووڕە و نـاڕەحـەت و پـەشۆکـابـوو کـە بـۆ ئـەوەی خـۆی بـگـرێتـەوە تـاق تـاق بـەردی چـکـۆڵـەی دەهـاوێشتـە نێو کـانـیـەکـە و بـەو پـریشکـەیـەی کـە جـارجـارێك لـە زەربـەی بـەردەکـەوە لـە کـانـییـەکـە جوێ دەبووەوە وە ڕوومەتی پیرۆت دەکەوت دڵی ئەهوەن دەبۆوە. پیرۆت ئیتر خۆی پێ ڕاگیر نەکرا و ڕووی کردە مرۆت و بێ ئەوەی کە هیچ سەرەتایەك بڵێ ڕەپ و ڕوو، هەروەك ئەوەی پیرۆتە شەرمێونەکە نەبێ گوتی:

- ئەرێ چاو کاڵ گیان، حازری شووم پێ بکەی؟ وەڵڵا لە سوێیانت وەختە وەك مەجنوون بکەومەوە کێوان و حەجمێنم لێ بڕاوە. دەی تو خولاکەی زووبە جوابم دەرەوە، ئەو دڵە بریندار و جەرگە لەت لەت بووەم سارێژ کەوە.

پیرۆت تاوێك بێدەنگ بوو، بێ ئەوەی چاوەڕێی وەلامی مرۆت بێ دیسان گوتی:

- ئەوە نیعمەتێکی زۆر گەورەیە کە ئەتۆ برات هەیە و ئەمنیش خوشکم هەیە. دەنا وەڵڵا مەجبوور دەبووم هەڵتگرم. زۆر شوکور بۆ خولا کە لەو کارە پیس و شوورەیییە نەجاتم بوو. ئاخ چ بکەم دەستم ناڕوا دەنا حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بە تەقەی دەهۆڵ و زوڕنا داوەت و شاییەکم بۆ دەکردی کە لە تەواوی دنیا دەنگ بداتەوە. دەی قەیدێ ناکا، خولا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە. دڵ با لە لای دڵ بێ، ماڵی دنیا چ نییە. سبەینێ هەر بەوەی کە گەڕامەوە چەند بار ئاوردوو دەبەمە سەقز و دەیفرۆشم پوولەکە و مێخەك و مووروووت بۆ دەکڕم. لە پاش وەخڕکردنی حاسڵی پایزێ ئینشائەڵڵا شایی دەکەین و پێك شاد و شوکر دەبین.

مرۆت کە هەتا ئەو کاتە متەقی لێوە نەهاتبوو لەبەر شەرمکردن تەواوی گیانی عارەقە دای گرتبوو بە ئەسپاییەك چاوی هەڵێنا و کە دیتی پیرۆت چاوی بڕیوەتە نێو ئاوی کانییەکە و چووەتە نێو فیکرەوە گوتی:

- فلانی بۆ چی وا مات بووی؟

دەنگی نزم و لەسەرەخۆ و لەبەر دڵانی مرۆت وەك دەنگی قاز و قورینگی قەراخ چۆمان و قاسپەی خاسەکەوی سەر دوندی کێوان بەگوێی پیرۆت گەیشت و هەروەك ئەوە وا بوو کە لە خەوی خۆش وە خەبەر هاتووە و ڕووی لە مرۆت کرد و گوتی:

- هیچ دەزانی ئێستا چ دیمەنێکی خۆش و جوانم بە بەر چاویدا ڕابرد. ئەو ڕۆژەم هاتە بەر چاو کە لە قرچەقرچی هاویندا دروێنە دەکەم و عارەق

دەرێژم و زۆرم تینووە و ئیشتیای چۆڕە دۆیەك دەکەم و لە ناکاو دەبینم کە ئەتۆ دیزەڵە دۆیەکەت لەسەر شانی داناوە و بە لەنجە و لارەوە بۆ لای من دێی... مرۆت گیان، ئەرێ بڵێی ئەو ڕۆژە ببینین؟

پیرۆت ئەو قسەیەی گوت و چاوی بڕییە نێو چاوی مرۆت و دڵی بەجۆرێك دەستی بە لێدان کرد کە دەنگی کوتانی دڵی وەختە بوو هەردووك گوێی کەڕ کا، بەڵام دڵکوتانێکی خۆش و پڕ لە ئاوات و ئامانج و ئارەزووی دواڕۆژی خۆش..

مرۆت بێ ئەوەی سەری هەڵێنێ لە وەڵامی تەواوی قسە و بڕیارەکانی پیرۆتدا گوتی:

ـ فلانی، ئەمن ناتوانم هیچ شتێك بڵێم. ئیختیاری من لە چەنگ کاکمدایە، کاکم هەر چلۆنێکی بڵێ بە قسەی دەکەم.

مرۆت ئەوانەی گوت و سەری هەڵێنا و لە گرشە گرشی چاوە کاڵەکانیڕا دیار بوو کە لە دڵەوە حەز لە پیرۆت دەکا.

پیرۆت لە عیشقی خۆیدا وا مەحکەم و دڵگەرم و باوەڕ پێکراو بوو کە بێ ئەوەی قسەی دواییی مرۆت ببیستێ، گوتی:

ـ چاو کاڵ و ژیکەڵەکەم، ئەوەی بزانە کە، خولا ئەتۆی بۆ من و ئەمنی بۆ تۆ خولقاندووە و هەر سبەینێ بە باوکم دەڵێم بێتە خوازبێنی و لەگەڵ براکەت ژنبەژنمان بۆ بکات.

ئیتر ڕۆژ لە ئاسۆکان ئاوا بووبوو، تاریکاییی شەو خەریك بوو باڵی ڕەشی خۆی بەسەر دنیای ڕووناکدا بکێشێ. ئەستێرەکان کە تازە سەریان لە عاسمان هێنابووە دەرێ سەیری ئەو دوو لاوە دڵتەڕ و پڕ لە ئاوات و خۆشییەیان دەکرد لەسەر کانی ڕاوەستاون، لە خۆشیی ئەوان وەسەما کەوتبوون و بە گرشەگرشی خۆیان چاوی فێڵەزانییان لێ دادەگرتن و هەر دەتگوت بەو هۆیەوە دەیانەوێ بڵێن :«ها،ها، خۆتان لە خەڵکی

شاردووتەوە، بەڵام ئێمە ئاگامان لێتانە و هەر لە ئێستاوە سەرچۆپیی داوەت و زەماوەندی ئێوەمان گرتووە.»

مرۆت گۆزەکەی پڕ کرد لە ئاو و خستیە سەرشانی وماڵئاوایی لە پیرۆت خواست و بۆ لای ماڵێ چووەوە. پیرۆت هێندێکی دیکەش لەسەر کانییەکە دانیشت و لە پاشان هەڵستا و بۆ لای کانی سەوزە وەڕێ کەوت. پیرۆت مەست و سەرخۆش بوو و ئاگای لە تەواوی دنیا بڕابوو، مەست و سەرخۆشی عیشق و خۆشەویستنی مرۆت. پیرۆت بە ڕێگادا دەڕوا و لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێ:

ئەگەر دەمزانی لە کوێ دەنووستی
سینگەکەم دۆشەگ بۆم ڕادەخستی

نە ماڵم دەوێ نە گەنجی دونیا
باڵای تۆم دەوێ بە تاقی تەنیا

ئەوا من دەڕۆم خۆم و دڵەکەم
ئەمانەتت بێ تاقە گوڵەکەم

مانگە شەو خۆشە مانگ لەسەر ماڵان
دۆستی جوانت بێ دەم لەسەر خاڵان

شەو درەنگانێك پیرۆت گەیشتەوە کانی سەوزە و هەر چەند ڕێگایەکی دووری بڕیبوو و بە سەر چەند تەلار و گەردەنەدا وەسەر کەوتبوو، بەڵام دڵی پڕ لە ئیشق و حەزلێکردوویی نەیهێشتبوو ماندوو بێ. پیرۆت دەرگای چەپەری ماڵەکەی کردەوە بە ئەسپاییەك لە جێگاکەی خۆی خزا و چاوی بڕیە قورمی بەرمیچی خانووەکەیان و لای بەیانی خەو گرتی.

پیرۆت بەهۆی دایکی ڕازی دڵەکەی بە کاك مامەند گەیاندبوو. پاش ئەو

یەکتردیتنەی مرۆت و پیرۆت، ئەوان چەند جاری دیکەش لەسەر کانییەکە کە جێ ژوانی دایمییان بوو چاویان بە یەکتر کەوتبوو و پیرۆت لەگەڵ شێرکۆی برای مرۆتیش ناسیاو بووبوو.

شێرکۆش یەك دوو جار بە مێوانی هاتبووە کانی سەوزە و چاوی بە خەزاڵ کەوتبوو. هەردووك لا، هەم ماڵی کاك مامەند و هەم ماڵی شێرکۆ بەژنبەژنکردن ڕازی بووبوون و هەردووك ماڵ تەدارەکیان دەگرت کە پاش وەخڕ کردنی حاسڵی پایزی شایی و هەڵپەڕکێ بکەن.

بەڵام بە داخەوە ...

مینە ئاغای کانی کیسەڵە، تەمەنی لە پەنجا تێپەڕ بووبوو. مینە ئاغا پیاوێکی زگ ئەستوور و ورگن، قەپۆز بەران، چاو دەرپەڕیو، لێو بەبار، نێوچەوان گرژ و دەم خوار بوو. کەپووی هێندە زەلام و ورگی هێندە ئەستووربوو کە کاتێك وەژوور دەکەوت لە پێشدا کەپوو و ورگی وە بەرەچاو دەکەوت و پیاو هەر بەوە ڕا دەیزانی ئەوەی دێتە ژوورێ، مینە ئاغایە. مینە ئاغا چوار ژنی هەبووە، لە ئەندەروونی ماڵەکەی بۆ هەر ژنەی هۆدەیەکی جویێ کردبووەوە، بە گوێرەی عادەت هەر شەوەی دەچووە هۆدەی یەکێك لە ژنەکانی. لە نێوان ئەو چوار ژنەدا شەو و ڕۆژ هەرا و کێشە بوو. هەرچەند کە مینە ئاغا دایکی کوڕە گەورەکەی بە گەورەی ماڵ دانابوو و کلیل و هاچەری تەواوی ژێر خان و دیوی ڕسقی بەوی ئەسپاردبوو بەڵام ژنەکانی تر جوابی وییان نەدەداوە و هەر کاتێك ئەو ژنانە چاویان بە یەکتر دەکەوت وەك پشیلە لە یەکتر مۆڕ دەبوونەوە. ڕۆژ نەبوو کە مینە ئاغا کاتی بەیانیان کە لە ژووری وەدەردەکەوت و دەچووە دیوەخان، یەکێك لە ژنەکانی دارکاری نەکات.

مینە ئاغا چەند نۆکەرێکی قسەخۆشی ڕاگرتبوو، شەو و ڕۆژ قسەی خۆش و نەقڤاڵی پێ دەکردن و هیچ کاتێك جغارەی نەدەکوژاندەوە. تەنانەت شەو درەنگانێك کە دەچووە ژوورێ بۆ هۆدەی یەکێك لە ژنەکانی نۆکەرێکی لەگەڵ خۆی دەبرد. ئەو نۆکەرە گۆرەوی و بەرگی ئاغای دەردەهێنا و لە پاشان دەستی بە شێلانی لاقی دەکرد و حەکایەتی بۆ دەگێڕاوە،

هەتاوەکونێ خەوی لێ دەکەوت. جا ئەنجا بە ئەسپاییەك هەڵدەستا و دەرۆیشت و ئاغا ژنیش ئەو چەل وەژوور دەکەوت.

مینە ئاغا هەرچەند چوار ژنی هەبوو، بەڵا دیسانەکەش دانەدەمرکا و یەکجار زۆر داوێنپیس بوو، بەو قەد و گیپاڵەیەوە ڕێگای بە ژنانی دێ دەگرت و لە هەر ژنێکی ئیشتیای چووبایە بە هۆی ژنی گزیری دێ کە دەڵاڵیی بۆ دەکرد حەوڵی دەدا وەچەنگی بێنێ.

جوانیی مرۆت دڵی ئەو گۆڵە پیرەی وەخرپەخرپ خستبوو، هەرکاتێك چاوی بە مرۆت دەکەوت و تووشی دەهات، هەر دەتگوت گورگە و ئاسکی دیوەتەوە و هەردووك چاوە دەرپەڕیوەکانی دەچووە سەر تۆقی سەری و بە لا لووچیدا لیك دەهاتە خوارێ. مینە ئاغا بەهۆی چەند ڕدێن سپییەکی کانی کیسەڵە لە شێرکۆی ڕاسپاردبوو کە مرۆتی خوشکی بداتێ و وادەی دابوو کە قەڵا و باڵەخانەیەکی جیاواز بۆ مرۆت دروست دەکا و ئەوی شێرکۆ بیەوێ دەیداتێ. بەڵام شێرکۆ بە هیچ نەوعێك حازر نەبوو خوشکی خۆی بەو داوێن پیسە بدا.

شێرکۆ و خوشکەکەی دەیانزانی کە عیشق و حەز لێکردوویی مینە ئاغا هەر چەند ڕۆژێکە و هەتا ئەوی دەمی جیا لە ژنە دایمییەکانی چەند کچە کرمانجیشی مارە کردبوو وە هەریەکەی چەند ڕۆژێك ڕاگرتبوون و تەڵاقی دابوون. بەڵام کارەکە بەوەش تەواو نەبووبوو. مینە ئاغا بۆ ئەوەی کە ژنە تەڵاقدراوەکانی مێرد بە غەیرە نەکەن نۆکەرە (مەحرەمەکانی) خۆی مەجبوور دەکرد کۆنە ژنەکانی وی بێنن. شێرکۆ ئەوانەی دەزانی و قەت ڕازی نەدەبوو خوشکە نازدار و بە حەیا و عیسمەتەکەی وە چەنگ ئەو ئەژدیها خوێنمژە بکەوێ. شێرکۆ بێجگە لە واجباتی برایەتی بۆ مرۆت، لە جێگای بابیش بوو. باوکی وان چەند ساڵ بوو وەفاتی کردبوو و دایکیشیان ساڵێك پاش مێردەکەی لەو دنیایە کۆچی کردبوو.

مینە ئاغا دەستبەردار نەدەبوو و هەر لە بیانوویەك دەگەڕا کە بە تەنیایی چاوی بە مرۆت بکەوێ.

بەهارە... بەهاری کوردەواری هەتا خولا حەز بکا لەبەر دلانە. خورەخوری چەم و کانییەکان، قاسپەی کەوان لە کێوساران، قام و گۆرانیی هەزار نەوعی بولبول و سیرو و هەزار دەستان، حیلکە حیلك و سمکۆڵی ئەسپی دابەستراوی زستان لە مەیدان، کارەکار و بارەباری بزن و مەری لە هۆڵ و کەوێل هاتووەتە دەرێ بە ئاواتی چوون بۆ کوێستان و هەزار دەنگ و ئاهەنگی دیکە، مزگێنیی هاتنی شاییی بەهاری دەدەن و پیرە شوانیش بە شمشاڵ و بلوێری خۆی، بەزمی شایی و هەڵپەرکێ خۆش دەکا، وەیەك یەك نەونەمامی شلك و ساوا بە ڕەنگی جیاواز جیاواز لە چیمەن و باخ و مێرگ و مێرغوزار و قەت پاڵی کێو و قەراخ چۆم و کانی بە هەزار ناز و غەمزەوە سەر لە عەرزی دەردێنن و دەست لەدەست یەك دەنێن و هەڵپەڕین و داوەت ساز دەکەن و ئەو هەموو ئاونگەی سەر گۆنایان تك تك دەڕژێتە سەر عەرزی و دەبێتە جۆگەلە ئاوی عەتری سەد بۆن و ڕۆح وەبەرهێنەری سەرهەڵدانی سەرچۆپی گێڕی گولان، گوڵی باخان، گوڵەباخی جوان و ئەویش بە دەعیە و تەشەخوس و لەنجە و لارەوە هە ڵدەستێ سەرچۆپیی داوەتەکە دەگرێ.

کاتی بەهاران، کیژانی لادێ پۆل پۆل وەکۆ دەبن وە بۆ هێنانی گیا دۆکڵیو و گێلاخە و ئەسپنگ و قازیاخە و ئەسپەناخ و کەنگر بە شوپەکان کردن بۆ دارستان و قەت پاڵی کێوەکان دەچن و لای ئێوارە هەریەکەی بە

قەرتاڵەو چارەکەو بەرهەڵبێنەوخورجینی پڕی خۆیەوە بە دڵخۆشی و قاقا کێشانەوە بۆماڵێ دەگەڕێتەوە.

هەر لەو بەهارە خۆشەدا بوو کە پیرۆت و مرۆت دڵی خۆیان دابوو بە یەکتری و بە هەزار ئاواتەوە چاوەڕێی پایزی داهاتوو بوون کە شایی بکەن.

مرۆت لەو بەهارەدا لە هەموو کاتێك گەشتر بوو و سبەینانی لە هەموو کەس زووتر لە خەو هەڵدەستا و لەگەڵ دەستە خوشکەکانی بۆ دارستان و قەت پاڵی کێوی دەچوو، تاوەکونێ چێشتی بەهاری بۆ براکەی لێ بنێ. شیرکۆ زۆری حەز لە دۆ کلێو و ئەسپەناخ و قازیاخەی بە هێلکە و ڕوون سوور کراوە دەکرد و مرۆتیش لەبەر خاتری کاکی زوو زوو ئەو جۆرە چێشتانەی لێ دەنا.

مینە ئاغا، هەروەك چلۆن گورگی برسی ماتە لە مەڕ هەڵدەگرێ، هەر بەو جۆرە ماتەی لە مرۆت هەڵگرتبوو. ڕۆژێك ژنە گزیرە دەلاڵەکەی بانگ کرد و گوتی:

سبەینێ مرۆت هەڵگرە و بە بیانووی گیای دۆکلێوهێنان بیبە بۆ نێو دارستان. بۆ ئەو جێگایەی کە قورغم کردووە و کەسی بۆ ناچێ. پیرێژنی گزیر کە وەك ورە ورە جادوو وابوو بە دەرپەڕینی ڕەگەکانی سەردەستی و گرژیی نێو چاوانی و چرچیی دەموچاوی وە جاڵجاڵۆکە دەچوو، بۆ سبەینێ چووە ماڵە مرۆت و لە تەنیشت وی لە حاست تەندوورەکە دانیشت. مرۆت لە ماڵێ تەنیا بوو و شێرکۆی برای وە دووی کار و کاسبیی خۆی کەوتبوو. پیرێژن لە پاش هێندێك چاك و خۆشی و پێدا هەڵگوتن بە جوانیی مرۆت، دەستی بەبۆڵەبۆڵ و گلەیی لە بەختی خۆی کرد و لەبەر قوماربازیی وەك جۆگەلە ئاوی بە چاودا دەهاتە خوارێ، هەر دەتگوت کوڕی جوانەمەرگ بووە. مرۆت کە لە ئامانجی پیرێژن و فێڵەزانی و سەگیەتیی ویی نەگەیشتبوو بەزەییی پێدا هات و پرسیی:

ـ ئەریٚ پوورە فاتم بۆ چ دەگری؟ نەخوازە شتێکت لیٚ قەوماوە و مامە خلە دەری کردووی؟

پیرێژن هێندەی دیش خۆی کز کرد و گوتی:

ـ نا، ڕۆڵە گیان، بەسەدەقەت بم کوڕەکەم جوانەمەرگ بووبووایە لەو حاڵە باشتربوو کە ئەمن تێیدام. خۆ توو دەزانی خلەی مێردم گزیری ئاغایەو دەنگدانی خەڵکی دێیەکە بۆ بێگاریی ماڵە ئاغا، بە عۆدەی وییە، بەڵام زۆر جار کەس جوابی ناداتەوە و بۆ بیگار وەدەر ناکەون. ئەویش بۆ ئەوەی بیٚ کیفایەتیی خۆی لە حاست ئاغا نەنوێنیٚ ئەمنی بەستەزمانی کردووەتە کەری بێگاری و هەر کاتەی ئاغاژن ئەمر دەکا بۆ حەوشە ماڵین و فەرش و مافوورە شوشتن و خوری بە شانە کردن و باراش داگرتن و دەستاڕ هاڕین و تەپاڵەکردن و دانگە خاوێن کردنەوە، چەند ژن بە بێگار بهێنیٚ لە من زیاتر کەسی بۆ نادۆزرێتەوە و دەبیٚ بەو پیری و کەنەفتییەوە بچم تەواوی ئەو کارانە بکەم و سەرپاکی ئەوە ئاغا ژن جەمێکیشم چێشتت ناداتیٚ و بەبۆڵەبۆڵ و هەڕەشەکردن لە خلە، وەدەرم دەنیٚ. دوێنیٚ ئێوارە تەماشام کرد خلە زۆر بە کزی و داماوی هاتەوە ماڵیٚ و لە پاش ئەوەی پاڕوویەکی لەو پیوازئاوەی کە بەبیٚ ڕۆن لێم نابوو، خوارد و ڕووی تیٚ کردم و گوتی: «عافرەت دەبیٚ سبەینیٚ بچی بۆ دارستان و گیا دۆ کڵیو بۆ ماڵی ئاغا بێنی، بە چەند کچەتیوم گوتووە هیچیان جوابیان نەداومەتەوە و ئاغاژنیش هەڕەشەی لیٚ کردووم کە ئەگەر گیا و دۆکڵیوی بۆ حازر نەکەم بەراتەکەم دەبڕیٚ و وەدەرم دەنیٚ...».

پیرێژن هێندێك ڕاوەستا و فرمێسکی بە درۆی هەڵڕشت و بە دەستی چڵم و لیکاوی بەر لووت و دەمی خاوێن کردەوە و لە کەراسەکەی هەڵسوو و بە هەناسەبڕکێوە دەستی بە قسە کرد و گوتی:

ـ جا عەمرم بۆت نەمێنیٚ، پیرم بووم و چاوم چاك نابینیٚ و هاتووم لە

تۆ بپارێمەوە کە لەگەڵم بێیە دارستان و یاریدەم بدەی، دەنا بە تاقی تەنێ چم لە دەست نایە و ماڵ بەقورگیراوانە کابراکەم دەردەکەن و تووشی عەزاب و کوێرەوەری و چەرمەسەرێ دەبین. دەك لەبەرت مرم بەزەییت بە پووری خۆت بێ و هەتا دەمرم لەو چاکەیەی تۆ نەجاتم نابێ. دەك کاك ئەحمەدی سولەیمانی ئاگادارت بێ ڕۆڵە.

مرۆت هێندە دڵ ناسك بوو کە بە بیستنی ئەو قسانەی پوورە فاتم و بە دیتنی فرمێسك و ڕوومەت ڕنینی وی، کوڵی گریانی هەستابوو. مرۆت پوورە فاتمی دڵداری داوە و گوتی:

- پوورێ گیان، خەفەت مەخۆ، ئێستا با تەندوورەکەی داخەم و برێك نان بکەم و چێشت بۆ کاکم لێ بنێم و لە پاشان چارەکەی هەڵدەگرین و دەڕۆین. هەر بێوەش کاکم داوای لێ کردووم سبەینێ قازیاخەی بۆ سوور کەمەوە.

پوور فاتم کە هەر چاوەڕێی ئەو قسانە بوو، فرمێسکی چاوی سڕیەوە و گوتی:

- دەك ڕوحم لە بەرت مرێ، زۆرباشە، هەتا تۆ ئەوانە دەکەی ئەمنیش دەچمەوە ماڵێ سەرێك لە منداڵەکان دەدەم و دێمەوە و دەڕۆین. بەڵام پوورە فاتم بۆ ماڵە خۆیان نەچووەوە و ڕێ و ڕاست ڕێگای دیوەخانی گرتە بەر. مینە ئاغا تازە لە ئەندەروون هاتبووە دەرێ و هێشتاوەکونێ چاوی پڕ ڕیپۆق و دەم و ددانی زەرد و بۆگەنی نەشتبوو و لە هەیوانی بەر دیوەخان قەدەمی لێ دەدا، لە خورینی جغارەی دەکێشا و چەند نۆکەریشی لە دەوروبەری ڕاوەستابوو. مینە ئاغا لە دوورەوە چاوی بەپوورە فاتم کەوت و بزەیەکی هاتێ. کاتێك پوورە فاتم هات لێی نزیك بووەوە، مینە ئاغا بۆ ئەوەی بزانێ نەخشەکەی سەری گرتووە یا نا بێ ئەوەی بهێڵێ کەسێك لێی حاڵی بێ، پرسیاری لێ کرد:

- ئەریّ هۆی فرتول، ئەوە لە چی دەگەڕێی؟ ئەگەر کارێکت نییە بچۆ هۆو دانگەیەی خاوێن کەوە پڕە لە پشکەڵ.

پوورە فاتم جوابی داوە:

- بابم بەقوربانت بێ و لەسەر سەرت گەڕێم، دەچم بۆ گیا دۆکڵیو بۆ نێو دارستان، سبەینێ دانگەکەی خاوێن دەکەمەوە...

مینە ئاغا تێ گەیی کە نەخشەکەی سەری گرتووە و ئەو دڵڕەق و زەبوون و ورگنە لە خۆشییان وەختە بوو بفڕێ و پێی بەعەرزییەوە گیر نەدەبوو. هەر دەتگوت سەگی پێ سووتاوە... پوور فاتمی عیفریتە پاش بەینێك هەڵسا و چوو لە دووی مرۆت و کاتێك گەیشتە جێ، ئیتر مرۆت بەر هەڵبێنەی لە خۆی دابوو و چارەکەی لەسەر شان بوو. هەردووکیان بۆ لای دارستان وەڕێ کەوتن.

هەر شایەرێکی بەو بەرهەڵبێنەوە ئەو کچە جوانەی دیبایە ڕادەوەستا و بێ ئیختیار ئەو گۆرانییەی دەگوت:

بەر هەڵبێنەی ئاڵ و عابی
شەرمەندەی قاپی خولابی
سەر هەڵێنە بێ بەلابی

*

بەر هەڵبێنەی چەند ڕەنگینە
ماچی سەر کولمەی هەنگوینە
ڕوومان تێکە دڵ غەمگینە

*

بەر هەڵبێنەی سوور و شینە
ئاورم گرتووە بۆ بێ دینە
دڵ ئاوێنە و خۆت ببینە

*

مرۆتی شۆخ و شەنگ و نازدار و لەبەر دڵان و دڵپاك و پڕ لە ئاواتی خۆشیی دوارۆژ لەگەڵ پووره فاتمی ڕافزی و دڵڕەش و کەنەفت و تووڵەك کردوو لە دارستان نزیك بوونەوە و بۆ لای ئەو مەڵبەندەی چوون کە بەتایبەتی بۆ ماڵە ئاغا قۆرخ کرابوو.

مرۆتی فەقیرە کە بەحەز لێکردن لە پیرۆت تازە تامی شیرینی ئەو دنیایەی چێشتبوو، جیا لە وێنە و بیری پیرۆت کە لە نێو دڵی نەخشی بەستبوو ڕێگای بەهیچ شتێکی دیکە نەدەدا بچێتە نێو دڵیەوە. ئەو وەك منداڵی ساوا بەسادەیی تەماشای دنیای دەکرد و هەر بیری پیرۆت بوو کە بووبووە هێز و هەناو و مایەی ژیانی و ئیتر نەیدەتوانی لە هیچ شتێکی دیکە بیر بکاتەوە و بزانێ ئەو کۆنە ڕافزییەی تەنیشتی چ داوێکی بۆ ناوەتەوە.

پیرێژن بەئانقەست بۆ ئەوەی وەخت درەنگ بێ و تاریکایی دابێ، زۆر بەشێنەیی دەڕۆیی و جار جاریش لەسەر بەردێك هەڵدەترووشکا و (ماندوویی دەحەساندەوە). کاتێك گەیشتنە نێو مەڵبەندە قۆرخ کراوەکە پووره فاتم هەر بە شەش حەوت دەقیقە چڵێکی قازیاخە هەڵدەکەند و بەسەد ئاخ و داخەوە لە چەنگ پیری لە چارەکەکەی دەهاویشت.

ڕۆژ گەلێ لە نیوەڕۆ تێ پەڕیبوو. گاوان و ئاودێر و جووتیار و کەردوو لێدەر و قۆرخچی و کارداری دەشتێ ئیتر بۆ دێ دەگەڕانەوە و دەشت و باغ و مەزرا وردە وردە چۆڵ دەبوو. پیرێژن تەماشایەکی لای ڕۆژئاوای کرد و لە دوورەوە دیتی کە بۆرە سوارێك بۆ لای دارستان دێ و دەستبەجێ زانیی کە ئەو سوارە مینە ئاغایە. پیرێژن بۆ ئەوەی خۆی لە بەرچاو ون کات ڕووی لە مرۆت کرد و گوتی:

ـ ڕۆڵە مرۆت گیان، ئەمن تاوێك دەچمە سەر ئاو هۆ لەو خوارەوە و ئەتۆ چاوەڕێم بە، دەگەڕێمەوە و پێکەوە دەچینەوە بۆ دێ، ئیتر وەخت درەنگ

بوو. هێندەی پێ نەچوو بۆرە سوار لە دارستان نزیك بووەوە. مینە ئاغا هەر بەوەی کە چاوی بەمرۆت کەوت خۆی لە کوچەی حەسەنە چەپ دا و هەرای کرد:

ـ کچێ، ئەوە بەتەنێ بەو نویژی شێوانە لێرە چ دەکەی؟ جوانی وەکو تۆ قەت بەتەنێ دێتە ئێرە. وەڵلا سەهلە ئینسان، ورچی دڕندەش بتبینێ عاشقت دەبێ و دەترفێنێ. مرۆت کە هەتا ئەو کاتە قەت لە نیزیکەوە ئاغای نەدیتبوو دەنگی نەبیستبوو سەری داخست و تك تك عارەقی لێ دەباری. ئەو بە لکی دەسماڵەکەی بەر دەمی خۆی گرت و بەدەنگێکی نزمەوە وەڵامی ئاغای داوە و گوتی:

ـ قوربان، لەگەڵ کوێخا ژن هاتووین گیا دۆکڵیو بۆ ئاغا ژن بەرینەوە. کوێخا ژنیش ئێستاکە دەگەڕێتەوە.

مینە ئاغا هیچ گوێی لەو قسانە نەبوو، وەهەر وەك وزەی با بە بەر گوێیدا هات و ڕابرد و لە مرۆت نزیك بووەوە و گوتی:

ـ نا، ناکرێ ئەتۆ لێرە بەتەنێ بەجێ بهێڵم.

مینە ئاغا ئەوەی گوت و لە ئەسپە بۆرە دابەزی و بۆ لای مرۆت چوو و گوتی:

ـ دەی با بڕۆین، ئێرە جێگایەکی مەترسییە و کە تاریك داهات پڕ دەبێ لە دڕندە.

شاوەت بەر گەرووی مینەی گرتبوو، وەختابوو قرخە قرخی لێ ببڕێ تەواوی ڕەگی گیانی وەجووڵانەوە کەوتبوو، لێو و دەست و ئەژنۆ و لاقی وەك مێوژووکە وەلەرزەلەرز کەوتبوو. مینە ئاغا لە مرۆت نزیك بووەوە و خەریك بوو قۆڵی بگرێ، بەڵام مرۆت کە هێشتا لە فێڵی ئاغا نەگەیشتبوو وە هەتا ئەو سەعاتە دەستی هیچ نامەحرەمێکی وێ نەکەوتبوو، خۆی بەرەو دوا کێشا و گوتی:

ـ قوربـان ئێوە سواربن وەپێش کەون ئەمنیش پوورە فـاتم بـانگ دەکەم و بەدووتـاندا دێین.

مینە ئـاغا لغـاوی ئـەسپـەکـەی بـەلقە دارێکدا هـەڵاوەسی و وەك چلۆن ورچ بۆ سەر نێچیری خۆی هێرش دەبا هـەر بـەو جۆرە شاڵاوی کردە سەر مرۆت و توند توند لـە ئـامێزی گرت. مرۆت ئیتر لە مەبەستی وی ئاگادار بووەوە، یەك بەخۆی قیژاندییە سەر مینە ئـاغا و گوتی:

ـ دەبـەرم دە سەگبـابی واوا لێکراو، هـەی قورم بـەدەمی بـاوکت. بـەرم دە. ئەمن لەوانە نیم کە تۆ خەیاڵت کردووە.

مرۆت هـەر ئـەوەندەی گوت و بـەدەست و پێ حـەولی دەدا خۆی لە ئـامێزی ئـەو بـەرازە کێوییە ڕزگار بکات، هـەر دەتگوت کۆترە و لـەبـەر چنگی بـاشووە یـا ئـاسکە و لـەبـەر کەڵپی گورگ پەلەقـاژەی دەکات. بـەڵام پـەلـەقـاژەی ئـەو نـاسك و نـازدارە لە چنگ ئەو سەگە هـارە بێ فـائیدە بوو، ئـاغا هـەتا دەهـات پتر مـەچـەکی لـە قـەدی بـاریکی مرۆت قـایم دەکرد و لـەبـەر خۆیەوە دەیگوت:

ـ نـا، نـا، لە چەنگی من نـەجـاتت نـابێ، جوانی و شلك و نـاسکیی وەکو تۆ هـەر بۆ ئـاغا حـەڵاڵـە، حـەیفە ئەتۆ وەدەست کرمـانجی پێ پـەتی و بۆگەنیو بکەوی.

مینە ئـاغا بـەجۆرێك مرۆتی ڕێك گوشی کە هێزی لێ بڕیبوو و بۆ ئەوەی پەلەقـاژەی نـەکات گورجێك لکێکی پشتێنەکەی کردەوە و هـەر دووك دەستی مرۆتی پێ بـەست و دەسرە ڕیشوەدارەکەی بـەر پشتێندیشی دەرهێنا و لە زاری ئـاخنی تـا دەنگی بـەجێگەیەك نـەگاو لـە پـاشان لـە عـەرزی دا. مرۆت بـەدەنـگـێکـی نـووساوەوە هـاواری لـێ هـەڵدەستـا و خـۆشەویستـەکـەی بـۆ یـارمـەتی بـانگ دەکرد و دەیگوت:

ـ ئـاخ پـیـرۆت لـە کـوێی لـە چـنـگـی ئـەو سەگـبـابـەم نـەجـات بدەی. ئـیـتر عـاسمـان تـاریك داهـاتبوو و نم نم بـاران دەبـاری. هـەر دەتگوت عـاسمـانیش

بۆ حاڵی ئەو کیژە چاو کەژاڵ و ناسك و نازدارە کە کەوتووەتە سەر عەرزی و لەسەر خۆی چووە، کوڵی گریانی هەڵستاوە و فرمێسك هەڵدەوەرێنێ، مرۆت پاش قەدەرێك کە هۆشی هاتەوە بەر خۆی و تەماشایەکی چوار تەرەفی کرد و زانی ئەو حەرامزادەیە کاری خراپی بەسەر هێناوە بەهەردووك دەست لە تەپڵی سەری خۆی دا و دەستی کرد بەگابۆڕ. هەر لەو حەلەدا فیکری خۆکوشتنی بەخەیاڵدا هات و لە دڵیدا دەیگوت: «نا، ئیتر ژیان لە من تاڵە و بۆ من نابێ. کیژی کوردی هەمیشە بەسەر بڵندی و حەیا و نامووسەوە ژیاوە و گەورەترین سەربەرزیی کیژی کوردیش هەر ئەوەیە، بەڵام ئیتر ئەمن لەو سەربەرزییە بێ بەشم. ئیتر ئەمن چۆن دەتوانم تەماشای خەڵکی بکەم و بە چ ڕوویەکەوە شوو بکەم. بە سی جزمەی قورعانیش سوێند بخۆم کەس باوەڕم پێ ناکات، بۆ خۆم هیچ کاکیشم ئابڕووی دەچێ...» مرۆت لە دڵیدا ئەو قسانەی دەگوت، بەچاوی فرمێسکی هەڵدەڕشت و بەمێشکی بیری لەوە دەکردەوە کە چلۆن خۆی هیلاك بکات. پیرۆت هاتە بەر چاوی و لە دڵیدا گوتی: «ئاخ، پیرۆت چەندەم خۆش دەویی، بەڵام حەیا و عیسمەتی کیژی کوردەواری نەیهێشت خۆشەویستیی خۆمت پێ نیشان بدەم. داخوا لە جیاتی من چ کیژێکی تر دیزەڵە دۆت بۆ دەهێنێتە سەر دروێنە؟ نازانی لە ماڵێ چەندەم ئارەخچن و گۆرەوی و دەستەوانە و سەر کڵاو بۆ چنیوی. داخوڵا چ کیژێکی خۆشبەخت دەبێتە هاودەمت، خۆزگەم بەوی کا...».

مروت هێندە گریا و لە خۆی دا کە ئیتر فرمێسکی چاوی ویشك بووبوو وە دڵۆپ دڵۆپ خوێنی لە چاوی دەوەری، عاسمانیش هەر جارەی کە چاوی بەدڵۆپی خوێنی وەك دەنکە هەناری ئەو شۆخ و شەنگە دەکەوت پتر ئاوری تێ بەردەبوو و وەك گۆزەی سەروژێر فرمێسکی دەڕشت.

مرۆت ئیتر لە دڵیدا بەتەواوی بڕیاری دا خۆی بخنکێنێت و لە چەنگ عەزاب و ئازاری ڕوحی نەجاتی بێ، چونکە دەیزانی لە حاست زوڵم و

زۆری ئاغا نە بۆ خۆی و نە شێرکۆی برای و نە پیرۆتی تاقە خۆشەویستی هیچیان لە دەست نایە. ئەگەر بێتو لە چەنگ ئاغا شکایەت لە دەوڵەت بکەن فایدەی نابێ و بۆ خۆیان ماڵوێران دەبن و سەرۆکی ژاندارم هێندەیان بیانوو پێ دەگرێ کە ئاخری دیقیان پێ دەکا و قەرزداریشیان دەهێڵێتەوە، ئاغا لەوانەش نییە گوێ لە مەلا و سەیدی دێ ڕابگرێ.

مرۆت هەرچەند بیری دەکردەوە پتر ئیمانی بەدروستیی بڕیاری خۆی دەهێنا و جیا لە خۆ خنکاندن ڕێگایەکی دیکەی بۆ نەدەدۆزراوە. مرۆت هەڵستا پشتێندە کریشەکەی کردەوە. سەرێکی لە دارە بۆزەکە هالاند و سەرەکەی تریشی لە ملی و دوایین هەناسەی ژیانی بەو قسانەی دڵی تەواو کرد: «عەمرم بۆت نەمینێ کاکە گیان، بە هەویا بووی ئەمن بەمێرد بدەی و ژن بۆ خۆت بهێنی. بەلام هەویاکەت لە قیس چوو و نازانم لەمە بەولاوە بەچی هۆیەك دەتوانی ژن بێنی. کوێر بم بۆت کاکە گیان، ئەتۆ بە هەویا بووی ئەمن سبەینێ قازیاخەت بۆ سوور کەمەوە، دەك لاڵ بم بۆت...».

***

شێرکۆ لە ماڵێ دانیشتبوو و چاوەڕێی خوشکەکەی بوو. زوو زوو دەچووە حەوشە و دەگەڕاوە و کە باران دەستی بەبارین کرد، هێندەی دیکەش نارەحەت بوو، پەشۆکا و ئیتر حەجمێنی لێ بڕابوو. شێرکۆ لە سووی خوشکەکەی، خۆی لە ماڵێ زۆر پێ ڕانەگیرا و هەڵستا وەنێو دێ کەوت و بەر لە هەموو جێگایەك بۆ سۆراغی خوشکەکەی دەچووە ئەو مالانە کە کچەکانیان دەستە خوشکی مرۆت بوون. لە کانی کیسەڵە ئیتر ماڵێك نەما کە شێرکۆ نەچێ و پرسیاری خوشکەکەی نەکا. جیا لە پوورە فاتم هیچ کەسێك نەیدەزانی ئەویش لە ترسی ئاغا وستەی لێوە نەدەهات. شێرکۆ هیچ سەروسۆراغێکی وەچەنگ نەکەوت و بەنابەدڵی بۆ ماڵێ گەڕایەوە. ئەو هێندەی ئیمان بەپاك داوێنی و حەز لێکردوویی پیرۆت و

مرۆت هەبوو کە هیچ بۆی نەدەچوو پیرۆت مرۆتی هەڵگرتبێ، بەڵام لەبەر ناعیلاجی جار جارێك ئەو بیرەش بەمێشکیدا ڕادەبرد.

شەو هەتا ڕۆژێ شێرکۆ خەوی نەچووە چاوی و وەك شێتانی لێ هاتبوو. تاریك و ڕوونی بەیانی هەڵستا و وە نێو دێ کەوت، بەڵام دیسان سەروشوێنێکی وە دەست نەکەوت. شێرکۆ گەڕایەوە ماڵێ و شتومەکەکانی خوشکی بەسەر کردەوە و دیتی کە جلوبەرگە تازەکان و ئارەخچن و دەستەوانە و سەروکڵاوە چندراوەکان هەمووی لە جێی خۆیەتی و ئیتر بەتەواوی خەیاڵی لەوە ئاسوودە بوو کە خوشکی ڕەدووی پیرۆت نەکەوتووە. هێندێکی دیکە کە سەرنجی دایە نێو شتومەکی نێو ماڵێ دیتی کە چارەکەکە و بژارچنەکە دیار نییە و دەستبەجێ وەبیری کەوتەوە کە بەخوشکی گوتبوو قازیاخەی سوورکراوەی بۆ لێ بنێ و فیکری هاتە سەر ئەوەی کە بێ شك دوێنێ خوشکی چووە بۆ دارستان قازیاخە بێنێ. شێرکۆ ئەو بیرەی کرد و گورجێك لە ماڵ وەدەرکەوت و بەغاردان بەرەو دارستان ڕۆیشت. لە پاش گەڕان و خولانەوەیەکی زۆر لە دوورەوە تارماییيەکی وەك ئینسانی وە بەرچاو کەوت کە هەر دەتگوت لە بن دارەکە ڕاوەستاوە ودەستی بۆ گەڵادار درێژ کردووە. شیرکۆ ئەوەی دی هەرای کرد «ئەرێ هۆ هۆ هۆی مرۆت!» چەند جاری دیکەش هەر بەدەم غاردانەوە هاواری کرد جوابێکی نەبیستەوە و ئیتر لە دارە بۆزەکە نزیك بووەوە و چاوی بەکەلاکی بەدارەوە هەڵاوەسراوی خوشکەکەی کەوت. شێرکۆ لە تاوان وەی زانی هێشتا خوشکەکەی زیندووە و گورجێك لکی پشتێندەکەی لە لقی دارەکە کردەوە و چەند جار مرۆتی بانگ کرد، بەڵام مرۆت دەنگی لێوە نەهات و شێرکۆ یەك بەخۆی لە گابۆڕی دا و دەستی کرد بە ماچکردنی دەست و ڕوومەت و نێو چاوانی ساردوسڕی خوشکەکەی. پاش تێر گریان و لە خۆدان شێرکۆ سەری هەڵێنا و تەماشایەکی دەوروبەری کرد و بەر لە هەموو شتێك قونچکە جغارەیەکی گەرمین و جێ ناڵی وڵاخێکی چاو پێ کەوت.

شێركۆ جەنازەی خوشكەكەی بەهەردوو دەستی هەڵگرت و بەرەو ئاوایی گەڕایەوە. تەواوی خەڵكی كانی كیسەڵە بۆ ناشتنی ئەو گەنجە جوانەمەرگە وەدەركەوتن و بەتێكڕایی لە گابۆڕیان دەدا.

دەستە خوشكێكی هەرە نیزیكی مرۆت كە كچی جووت بەندەیەكی دەوڵەمەند بوو لە براكەی پاڕابووەوە كە سوار بێ و بچێ بۆ كانی سەوزەڵە لە دووی پیرۆت. ئەویش چوو، بێ ئەوەی بەپیرۆت بڵێ چ قەوماوە، هێنای بۆ كانی كیسەڵە. كاتێك پیرۆت گەیشتە كانی كیسەڵە ئیتر خەڵكەكە لەسەر قەبران گەڕابوونەوە و بەگوێرەی داب، بەتەنیا پیاوی هەرە نزیكی مردوو، یانی شێركۆ لە بن كێلی خوشكەكەی بەجێ مابوو.

پیرۆت هەربەوەی لە زینووەكەی بەرماڵان وەسەر كەوت و كانی كیسەڵەی وەبەرچاو كەوت، تارماییەكی پێداهات و دڵەكوتەی گرت و ڕەنگی گۆڕا و ئاوی زاری ویشك بوو، بەهەڵاتن خۆی لە ماڵی شێركۆ ڕۆ كرد. ئەو پیرێژن و كیژ و منداڵەی كە لەوێ وەكۆ هاتبوون، بەئەسپاییەك پێیان گوت:

- شێركۆ لەسەر قەبرانە...

پیرۆت بەغاردان بۆلای قەبران چوو، دیتی شێركۆ باوەشی بەكێلێكدا كردووە و خۆی گەیاندێ و دەستی لە ئەستۆی كرد و پرسی:

- چ قەوماوە، بڵێ بزانم، ئاورم تێ بەربوو؟

شێركۆ بەگریان و هەناسەبڕكێوە:

- هەی ڕۆ ڕۆ، خوشكەكەم ڕۆ...

پیرۆت كە ئەوەی بیست، دنیای بەسەر سەریدا گەڕا و خۆی بەسەر قەبرەكەی مرۆت داخست و لە گابۆڕی دا و بەدەنگە خۆشەكەی خۆیەوە دەستی بەشین و واوەیلا كرد و لە بەیتی «خەج و سیامەند» ئەو چەند بەندەی بەئاوی چاوەوە دەكوتەوە:

«سینگ سپییەکەی نەرمونۆڵ، سوورە گوڵە ژیکەڵەکەم خەجێ گیان،

تاقە گوڵە بۆن خۆشەکەی زەرزا و دەموکریانێ،

دەردی من دەردێ بوو دەردێکی زۆر گرانێ،

بەخەو وا لێم وە ڕاست گەڕا، بەندی گوتوویانە هەر دەردەدار بەدەردی دەردەدار دەزانێ،

خەجێ گیان، نەمینم لەبۆ ئەوی جوانێ،

هەی ئامان، هەی ئامان لە بۆت نەماوم خەجێ گەردن بەخاڵێ،

ئای، یای، یای، یای ی ی ی ڕۆ...

خەجێ جوانێ، شۆڕە کابانێ... ئۆف ئۆف دەردێکە بێ ئامانێ، ئەوا ڕۆژم لێ ڕاوەستاوە بەمحەلی دە چێشتانێ،

ڕاسپێری خودەم هاتوونەوە سەری بەهەنگی دەگیان کێشانێ،

ئاخ... ئاخ ئەمن چ بکەم! نەماوە مەودای دەسکردنەوە و جەنگی دەخۆ ڕۆنانێ،

لە بۆت بگرمەوە سەروخواری وڵاتی کرمانجەتی و شەشدانگی دەکۆنە مەیدانێ،

هەراکەم نەتەوی و گودرزم کوانێ،

بەسواری لە پڕتەوی دە قیلە و قاج بکەم و بی ئەنگێومەوە لە دوور و دووران نیشانێ،

یاخۆ سواری ماینی کوێت و ئەسپی شێ و کەحێلان ببم و هەڵکەمە سەر دار جلێتو و تەقڵە و ڕمبازی و بەربەرەکانێ،

یار ببینە زۆرەوانێ،

ئای، یای، یای ی ی ی ڕۆ...

ئەوجار کە هاتوونەوە سەری پیاو و ژنانێ دە دوڕناس و زۆزانێ،
لاو و جحێڵی دە سوارێ، نێر و مێ، جوان پاك و خورتێ شارێ،
زار و منداڵی تەواوی دانیشتووانی هەرێم و وڵاتان دەیاندیت ئەوان
سەرکەوتن و دەرچوونی یەکە قارەمانی خاکی موکریانێ،
چە خەمم لەسەر دڵی نەدەبوو، بێجگە لە دەردی دووری لە بوونێ،
یاخۆ لە نەمانی مەرگ و ژیانێ،
بێجگە لە خەمی خۆشەویستەکەم سوورە گوڵەکەم بەندی دڵەکەم،
یانی خەجێ گیانێ،
ئۆف، ئۆف لە چەنگ زەمان و ڕووڕەشیی دەورانێ...
ئای، یای، یای، یای ی ی ی ڕۆ...».

پیرۆت هەر دەیگوت و نەیدەگۆتەوە، شێرکۆ دەیویست پیرۆت ژیر کاتەوە. پیرۆتیش دەیویست دڵی شێرکۆ بلاوێنێتەوە. ئیتر تاریك داهاتبوو. ئەو دوو جحێڵە هەروەك منداڵی ساوا دەگریان و ژیربوونەوەیان بۆ نەبوو و لە پاشان بەسەر و شانی قوڕاوی و چاوی سوورهەڵگەڕاو و گۆنای هەڵبرزکاو وردە وردە بۆ لای ماڵێ گەڕانەوە. خەڵکی دێ دەستە دەستە دەهاتنە سەرەخۆشی و بەمل کزی دەگەڕانەوە.

دار و بەردی کانی کیسەڵەش شینیان بۆ ئەو جوانەمەرگە گرتبوو. تەمومژ و غوبار تەواوی عاسمانی کانی کیسەڵەی داگرتبوو. لە ماڵێ بەتەنیا شێرکۆ و پیرۆت مابوون، خەو و خواردنیان لێ حەرام بووبوو و بەبێدەنگی پاڵیان بەهەرزاڵەوە دابوو، دانیشتبوون. پیرۆت هەرچەند ئاگای لە هیچ شتێك نەبوو دەیەویست بزانێ ئەوە چلۆن بوو کە لە گوڵە سوورەکەی نێو دڵی لە ناکاو جوانە مەرگ بووە، بەڵام دڵی بڕوایی نەدەدا و ڕەخۆی ڕانەدەدی پرسیار لە شێرکۆیە بکات. شێرکۆ تێ گەیشت کە پیرۆت زۆر حەزدەکا بزانێ چ قەوماوە و لەبەر ئەوە لە جێگاکەی خۆی

هەڵستا و لە تەنیشت وی دانیشت و ئەوەی دەیزانی بۆی گێڕاوە. شێرکۆ گوتی:

ـ براکەم، ئەمن لەو حاستەی کە ئەو جوانەمەرگە خۆی هەڵاوەسیبوو قونچکە جغارەیەکم دۆزییەوە و جێ سمی وڵاغێکیش دیاربوو. بەخوڵای لەو دێیە جیا لە مینە ئاغا کەس جغارەی گەرمینی نییە کە بیکێشێ. ئەو دەویت بابە چەند جار پیاوی لێ ڕاسپاردووم کە خوشکەکەمی بدەمێ، بەڵام جوابم نەدەداوە و زۆریش پیاوێکی داوێن پیسە و بێ شك باعیسی خوێنی خوشکەکەم ئەوە...

پیرۆت کە ئەوەی بیست قسەی شێرکۆی بڕی و گوتی:

ـ وەڵڵاهی هەر ئێستا دەچم بە شەنە ورگی دەدڕم...

ـ نا پیرۆت، ئێستا تۆ دەرەقەتی وی نایەی و نابێ ئێمە خۆمان وا نیشان بدەین کە شکمان لەوییە و قاتلی جوانەمەرگەکەمان ئەوە دەنا ئێمەش دەبەتلێنێ و هیچ تۆڵەیەکمان بۆ نائەستێندرێتەوە. ئێستا ئەو سوارە و ئێمە پیادە و ئەگەر بۆ خۆشی نەتوانێ هیچمان لەگەڵ بکا، بەهۆی سەرۆکی ژاندارم کە لە پەنابادێکیش بەندە تووڕمان هەڵدەدا و نێوی قاچاخچی و دزمان لەسەر دادەنێ. خولا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە، کار نییە خولا چاکی نەکا، ئەو دنیایە هەروا نابێ و ئێمە درەنگ یا زوو تۆڵەی خۆمان دەسێنینەوە.

پیرۆت کە زۆر مات بوو و لە دڵەوە گوێی لەو قسانەی شێرکۆ ڕاگرتبوو، بەبیستنی وشەی (تۆڵە ئەستاندنەوە) داچڵەکی و هەڵستا و قورعانە کۆنەکەی مەلای کانی کیسەڵەی کە لێی بەجێ مابوو لەسەر هەرزاڵەکە هەڵگرت و لەبەردەمی شێرکۆی دانا و گوتی:

ـ وەڵڵا، وەبیلا، وەتەڵاهی، بە سی جزمەی ئەو قورعانە، سوێند دەخۆم هەر وەختێکی تفەنگێکم وەچەنگ کەوت، هەوەڵین گوللەی وی لە تۆڵەی مرۆت لە سینگی ئەو حیزبابە ئاور دەدەم...

چەرخ و زەمانیش هەر دەتگوت بەمەیل و ئاواتی ئەو دوو لاوە دڵپڕە خول دەدا. بەهار ڕابورد و قرچە قرچی هاوینی ساڵی ١٩٤١، بەتیشکی خۆی، کوردەواریی گەرم کردەوە. لە پاش بیست ساڵ دیکتاتۆریی ڕەشی ڕەزاخانی، بۆ هەوەڵین جار لەو هاوینەدا، جێژنی گەورەی کوردەواری خۆی وە دێ دا. گەلی کوردستان تفەنگ و دەمانچە و شێست تیری وەدەست کەوت. بۆ گەلێکی چەوساوە و ژێردەست و داغ لە دڵ چ لەوە خۆشترە کە چەکی وە چەنگ کەوێ.

هەر بە وەدەرکەوتنی فڕۆکەڕەشە لە ئاسۆی لای شەماڵەوە، ئەرتەشی شاهەنشاهی وەك جەواڵی هەرزن بڵاو بووەوە. ئەو گەنجە لادێیانەی کە بەزۆرداری بۆ خزمەتی سەربازییان بردبوون و لە چەنگ زوڵم و زۆری ئەفسەرە خوێنخۆرەکان وەئامان هاتبوون بەدڵخۆشی و شادییەوە وێڕای گەلەکەیان پێشوازییان لە هاتنی فڕۆکەڕەشە کرد و هەر خولاّ خولاّیان بوو زوو جلوبەرگی ئیجباری فڕێ دەن و بچنەوە لای کەسوکاری خۆیان. ئەو بەشە هۆردوویانەی کە لە کوردستان جێگیر بوون بڵاوەیان کردو بەشی زۆری چەك و قۆرخانەی وان بەدەست کوردان کەوت. زۆر کەسی وا هەبوو کە بەکیتەڵە ماستێك، یا بەدوو نان و قوتووە تووتنێك و چەند قران، تفەنگێك و دەمانچەی لە سەربازەکان دەکڕی.

کاتێك کە بەشە هۆردووەکەی سەقز تێکوپێك چوو، ژمارەیەك لە ئەفسەرەکانی وێ زۆر لە خۆیان دەترسان، چونکە لە ماوەی مانەوەی خۆیاندا لە سەقز خراپەیەکی زۆریان لەگەڵ سەربازە کوردەکان کردبوو. ئەوان لە حەولی ئەوەدا بوون کە هەر چلۆنێك بێ، بەساغ و سەلامەتی خۆیان بگەیننە تارانێ و بۆ ئەو کارەش تەواوی هومێدیان بە قەرەنی ئاغای کانی سەوزە بوو. ئەوان دەیانەویست خۆیان بگەیننە کانی سەوزە، لەوێ جلوبەرگی خۆیان بگۆڕن و بەڕێگای تیکان تەپەی هەوشار و بیجاردا بۆ لای تارانێ بچن. ئەو ئەفسەرانە قەرەنی ئاغایان ڕام کردبوو کە لەو کارەدا یاریدەیان بدات و لە بەرامبەر ئەوەدا ئۆتۆمبیلەکەی خۆیان و چەند تفەنگی برنۆ و چەند دەمانچەی پارابلوم بەوی بدەن و سەرپاکی ئەوانە وادەیان بە قەرەنی ئاغا دابوو کە هەر کە گەیشتنە جێ میدالێکی بۆ لە حەمە ڕەزا شا بستێنن. قەرەنی ئاغا بەتایبەتی وەرگرتنی ئەو میداڵەی بە سەربەرزییەکی زۆر گەورە دەزانی و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: «وەڵڵا، هەوەڵین ئاغایەکی کورد کە لە دەستی موبارەکی ئەو پاشا تازەیە میداڵ وەردەگرێ ئەمن دەبم و تەواوی کوردان بەغیلیم پێ دەبەن. جا قوربان میداڵەکەی لەسەر سینگم دەدەم و ئەوی دەمی پاشاش بەنۆکەری خۆم نازانم.

قەرەنی ئاغا لە پاش ئەوەی قەولی یارمەتیدانی بەئەفسەرەکان دابوو، چەند کەسێکی لە نۆکەرەکانی خۆی ئاگادار کردبوو و پێی گوتبوون کە دەبێ ئەو ئەفسەرانە بەساغ و سلامەتی بگەیننە تیکان تەپە وە ئەگەر بێتو تووکێك لەسەری ئەوان کەم بێ، ئیتر نابێ وەبەر چاوی ئەو بکەون. ئەو نۆکەرانەش بۆ ئەوەی لە حاست نۆکەرەکانی تر خۆیان ڕەشید و بەکار لە قەڵەم بدەن بەخۆیاندا دەفشین و دەیانگوت: «ئاغا باوەڕی زۆر بەئێمە هەیە و لە نێو هەمووواندا ئێمەی هەڵبژاردووە، بۆ ئەو کارە بەترسە...»، وردە وردە باسی هاتنی چەند ئەفسەرێکی ئێران لە سەقزەوە بۆ کانی سەوزە بە تەواوی دێیەکەدا بڵاو بووەوە. ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی کانی سەوزە بۆ

ئــیــجــبــاری بــردرابــوون و لــەویّ لــە چــەنگ ئــەفسەرەکــان عــەزاب و کوێرەوەرییەکی زۆریان دیتبوو و چەند کەسێکیش لە وان لە خزمەتی ئیجباری نەگەڕابوونەوە و بیّ سەروشوێن کرابوون. ژمارەیەك لەو لاوانە بەبیستنی باسی هاتنی چەند ئەفسەر لە سەقزەوە بۆ کانی سەوزە، هاتنە سەر ئەوەی کە بۆ ئەستاندنەوەی تۆڵە بچن ڕێگایان پیّ بگرن و ڕووتیان بــکــەنــەوە. جــا لــەبــەرئــەوە ئــەو لاوانــە چــوونــە لای پــیــرۆت و دەیــانــەویست ئــەویش لــەگــەڵ خــۆیــان بــەرن، چــونکــە بــەقــووەتــی و کــارچــاکــیــی پــیرۆت دەیتوانی زۆر یارمەتی بەوان بکات. پیرۆت بەبیستنی داخوازیی هاواڵە لادێییــەکــانــی دەستبــەجــیّ وەدەستــهێنــانــی تفــەنگ و تۆڵە ئەستاندنەوە لە مینە ئاغای هاتە بەرچاوی و ڕازیبوونی خۆی دەربڕی، پیرۆت بووە سەرکردەی ئەو لاوانە. پیرۆت بەهۆی نۆکەرەکانی ئاغا زانی کە سبەی شەویّ بەهۆی ماشێن لە سەقزەوە دێنە کانی سەوزە و ئەو بۆ ئەوەی نەخشەکەی سەر بگریّ، هاوەڵەکانی وەکۆ کرد و پێی گوتن کە دەبیّ ئێستا بچین ڕێگەکە تاقی کەینەوە و بزانین لە چ حاست ڕێیان پیّ بگرین. لای بانگی شێوان پیرۆت لەگەڵ پێنج کەسی تر بەرەو ڕێگای سەقز وەڕیّ کەوتن. سیّ چارەگە سەعات لەولاتری کانی سەوزە، ڕێگاکە بەنێو شیو و دۆڵێکدا ڕادەبری و لە هەردووك لا سەری کێو گەیشتووەتە عاسمان و گاشەبەردی گەورە گەورە بەرچاو دەکەون. لەو جێگایەوە هیچ ئاوەدانی دیــار نــیــیــە و ئــەگــەر تــەقــەش بــیّ، دەنــگــی زۆر دوور نــاڕوا. پــیرۆت ئــەو جێگایەی پیّ لە هەموو جێگایەکی تر باشتر بوو و بەهاوەڵەکانی گوت کە سبەی شەویّ کاری خۆمان لێرە دەکەین.

سبەینیّ پیرۆت و پێنج کەسەکەی تر، لای ئێواریّ هەریەکەی بەلایەکدا لە ئاوەدانی وەدەرکەوتن و دوور لە چاوان لەلای یەکترە وەکۆ بوون. ئەو شەش کــەسە تــفــەنگێکی پێنــج تیری ژەنگــاویــی زەمــانــی ساڵــی شێخــی و جانبیزارێکی کۆنبووی ساڵی خاڵۆ قوربانیان پیّ بوو وە هەردووکی ئەو

تفەنگانە لە کاتی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی ڕەزاخاندا لەلایەن لادێییەکانەوە لە لبادی پێچرابوو وە لە بنمیچی تاقەت کرابوو، جیا لەو دوو تفەنگە ئەوانی تریش خەنجەر و تەورداس و شەنەیان هەڵگرتبوو. پیرۆت خەنجەرێکی دەبانی پێ بوو.

کاتێك گەیشتنە شیوەکە، تاریکیی شەو تەواوی دنیای داگرتبوو دەستبەجێ گاشە بەردی گەورەیان لەسەر ڕێگاکە ڕیز کرد دوو کەس لەلایەکی ڕێگاکە و سێ کەسیش لەلایەکی تر خۆیان لە بن بەرد و کەنداڵ وەمات کرد و یەکێکیشیان ناردە سەر زینووەکە کە ئەگەر لە دوورەوە چرای ماشێنەکە وەدیار کەوت دەستبەجێ بەردێك خلۆر بکاتەوە و هاوەڵەکانی ئاگادار بکات. ئەو شەش کەسە بۆ ئەوەی نەناسرێن بە دەسرە دەم و لووتی خۆیان بەستبووەوە بەعاستەم چاویان بەدیارەوە بوو، پیرۆت لە عومریدا هەوەڵ جاری بوو کە ڕێگریی دەکرد و دەیزانی کە زۆر مەترسیی هەیە، بەڵام وەدەستهێنانی تفەنگ و ئاوری تۆڵە ئەستاندنەوەی یارە جوانەمەرگەکەی دڵی وا وەجۆش هێنابوو کە هەر دەتگوت لە بن ئەو گاشە بەردە بەو شەوە تاریکە بۆ شەڕ و خوێنڕێژی مات نەبووە، بەڵکو بەنوێژی نیوەڕۆ لەسەر چۆمی سەقز بەئیشتیا پاڵی داوەتەوە و قولاپی هاویشتووەتە نێو چۆمی و ماسی دەگرێ.

سەرۆکی ستادی بەشە هۆردووەکەی ئێران لە سەقز سەرهەنگ خۆچەندی، هێشتا لە سەرەتای ئەو ساڵەدا ژن و منداڵەکەی بۆ تارانێ بەڕێ کردبوو وە ئەو ڕۆژەی کە بەشە هۆردووەکەی سەقز پرش و بڵاو بوو بارگە و بنکەی لە چەند چەمەدانێك نابوو و هەر لە دەرفەتێك دەگەڕا کە زوو بۆی دەرچێ. ئیتر ئەو دەرفەتەی وەدەست هاتبوو و خۆش خزمەتیی قەرەنی ئاغا، دڵی خۆچەنەدیی خۆش کردبوو. خۆچەندی سبەینێ زوو لە خەو هەڵستا چەمەدانەکانی بەسەر کردەوە و بەتایبەتی شتە عەنتیك و بەنرخەکانی بەتوندی لەبن هەموو شتێکەوە تاقەت کرد، ڕدێنی تاشی و

لەسەر کورسی لێی دانیشت. سەرگورد یاوەریی یاریدەدەری، لەگەڵ دوو ئەفسەری تر لەلای وی دانیشتبوون و خەریکی بەرقەننە خواردن بوون. لە جەنگەی نانخواردندا خۆچەندی ڕووی لە ئەفسەرەکانی تر کرد و بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

- تێر تێر لەو کەرە و پەنیر و توراخ و شیرەی کوردستان بخۆن، خولا دەزانێ بەڵکو ئیتر قەت بۆ ئێرە نەگەڕاینەوە. ئەمن بەش بەحاڵی خۆم غەڵەت دەکەم جارێکی دیکە بۆ ئێرە دێم... خۆچەندی و هاواڵەکانی ئەو ڕۆژەیان پێ بە سەد ڕۆژ وابوو و هەرچەند دەهاتن و دەڕۆیشتن و قسەیان دەکرد و ڕادەکشان ڕۆژیان لێ ئاوا نەدەبوو. بەڵێ، ئەو کاتەی کە بەبێ سەبرییەوە چاوەڕێی بوون هات گەیشت. ئەو ئەفسەرانە هیچ سەربازێکیان لەلا نەمابوو کە ماشێنەکە لێ بخوڕێ، جا لەبەرئەوە سەرگورد یاوەری هەرچەند ماشێن لێخوڕینی پێ عەیب و شوورەیی بوو. بەلام مەجبوور بوو لە پشت ڕۆڵی ماشێنەکە دانیشێ. ئەفسەرەکان چەمەدانەکانیان لە پشت ماشێنەکە بەست، چەند تفەنگ و دەمانچەی زیادییان هەڵگرت و سوار بوون و وەڕێ کەوتن. سەرهەنگ لە حاست یاوەری و دوو ئەفسەرەکەی تریش لە پشتەوە دانیشتن و وەڕێ کەوتن. جا وەرە تاریکەشەو بێ و ئەو ئەفسەرانەی ئەرتەشی شاهەنشاهی کە لە خراپە و دوژمنایەتی بەدەر هیچ کارێکی دیکەیان لەگەڵ کوردان نەکردبوو، بەکێو و شاخی کوردستاندا ڕابرن و کوردی چەکداریان وەبەرچاوبێت. یاخولا لەو حەلەدا کافریش بەحاڵی وان نەبێ. سەرهەنگ و هاوڕێکانی متەقیان لێوە نایە و یاوەریش هەرچەندە ڕێگا زۆر بەردەلانە، زۆر بەتوندی ماشێنەکەی لێ دەخوڕێ. خۆچەندی و هاواڵەکانی لە ترسان ڕەنگیان وەك جاو سپی هەڵگەڕابوو، لەو حەلەدا تەواوی ئەو خراپە و ناپیاوەتییانەی کە لەگەڵ سەربازە کوردەکانیان کردبوو وەك شریتی فیلمی سینەما بەبەر چاویاندا دەهات و دەڕۆیشت.

ئەو لاوە لادێییە کوردانەی کە بۆ خزمەتی ئیجباری دەبردرێن هەر لە ڕۆژی هەوەڵەوە لەبەر ئەوەی کە زمانی فارسی نازانن لەگەڵ شەق و پێلاقە و قامچی و جنێوی ئەفسەرەکانی فارسی زمان ڕووبەڕوو دەبن، چونکە لە فەرمانەکان حاڵی نابن وە بەپێچەوانەی وی دەبزوونەوە. مەسەلەن ئەگەر ئەفسەر فەرمانی (دوش فەنگ)[1] بدات سەربازە کوردەکە تفەنگەکە لە عەرزی دادەنێ وەیا ئەگەر بڵێ (عەقەب گەرد)[2] کوردە ڕووبەڕووی ڕادەوەستێ و... جا هەر سەربازێکی ئەو کارەی بکا پەنجا قامچی بۆ دەبڕنەوە و لە بەرامبەر سەربازەکان درێژیان دەکەن و لێی دەدەن. جا لەبەرئەوە لاوی کوردی هەر لە ڕۆژی یەکەمی خزمەتی ئیجبارییەوە لە بیری هەڵاتندا دەبن و لە دەرفەتێك دەگەڕێن کە لەو عەزاب و کوێرەوەری و سووکایەتییە نەجاتیان بێ. هەر سەربازێکی بەچەکەوە هەڵێ جەزای وی تیرەبارانە و ئەگەر وەدەست کەوت لەبەر چاوی سەربازەکان تیرە بارانی دەکەن. جا لەو ماوەیەدا کە خۆچەندی، سەرۆکی ستادی سەقز بوو، چەند سەربازێکی کورد بەهۆی چەکەوە هەڵاتبوونە کوردستانی عیراق و لەوێ پۆلیسی مەلیك ئەوانەی دۆزیبووەوە و تەسلیمی حکوومەتی ئێرانی کردبوو، خۆچەندی بەدەستی خۆی حوکمی تیرەبارانکردنی ئەو لاوە کوردانەی ئیمزا کردبوو. جیا لەوە، خۆچەندی دەردێکی بە ئاغاوەتی دەوروبەری سەقز دابوو کە با بە دەواری شڕی نەکردبێ. ئەو بەزۆرداری هەمووی مەجبوور کردبوون کە بچنە شارەکان بژین و هەر ئاغایەی بۆ جێگایەك هەڵداشتبوو و ئەوەش بۆ خۆشی وێنەیەك لە تەبعیدکردنی ئاغاوەتی کوردستان بوو، بەگزادەی فەیزوڵڵا بەگی کە لە دەوروبەری سەقز دەژیان سۆراغیان لە ورمێ و تەورێز و شیراز و کرمانڕا دەهات و سەرهەنگ خۆچەندی ماڵی بەشی زۆری ئەوانی بەقوڕ گرتبوو و سەدەها هەزار تمەن بەرتیلی لێ ئەستاندبوون. سەرهەنگ

١- یانی: بۆ سەر شان

٢- یانی: بۆ دواوە!

خـۆچـەنـدی، سەرۆکـی عـێڵـی دێبـوکـریـی گـرتـبـوو وە بـردبـوویـە سەقز و بـەنوێژی نیوەڕۆ پـەتێکی لـە ئـەستۆ کردبوو و بـەنێو شاریدا گێڕابووی. عـێڵـی دێبـوکـریش قـەت ئـەو نـاپـیـاوەتـی و سووکـایـەتـیـیـەیـان لـە بـیر نـەچووبـووەوە. بـەتـەنیا لـە نێو ئـەو عێڵەدا قـەرەنی ئاغای کانی سەوزە بوو کـە دەوری لستـنـەوەی حـکـوومـەتـی ئـێرانـی ڕەچـاو کـردبـوو وە بـووبـووە نۆکەری عالقە لە گوێی حەمە ڕەزا شا.

ئـەفسەرەکـانـی تـری لای سەرهـەنگ خـۆچـەندیش هـەر کـەسـەی ئـاکـارە خراپەکانی خۆی دەرهـەق بـەگـەلی کوردستان دەهێنا پێش چاوی و ترس و لـەرز وەگـیانیان دەکـەوت. لـەو کاتـەدا هـەر دەتگوت ئـەو ئـەفسەرانە بۆ جاری هـەوەڵ لـە عومری خۆیاندا هـەستی ئـەوەیان کردووە کە دەبێ لە حاست ئەو هەموو خراپە و ناپیاوەتییەی کە کردوویانە جەواب بدەنەوە. سەرهـەنگ و هـاواڵەکانی بۆ ئەوەی تەمومژی بەرچاویان و نێو مێشکیان برەوێننەوە زوو زوو جغارەی دادەگیرسێنن، وە خولا خولایان بوو گوێیان لە وەڕینی سەگ بێ و بەو جۆرە دڵیان ئاسوودە بێ کە گەیشتوونەتە ئاوەدانی. بەڵام هێندەی پێ نەچوو چاوی ڕەشیان کاڵ بووەوە.

لە حاڵێکدا کە یاوەری ماشێنەکەی بەتوندی لێ دەخوڕی و چاوی زەق کردبووەوە سەر ڕێگاکە لە پڕا قیژاندی:

ـ یا ئەبول فەزلی عەبباس، ڕێگایان بڕیوە!

یاوەری ئەوەی گوت و بێ ئەوەی خۆی لێ بشێوێ چرای ماشێنەکەی کوژاندەوە. هەر دەو دەمەدا چەند گوللە تەقاندرا و یاوەری ماشێنەکەی ڕاگرت و هەر چوار ئەفسەر بەگورجی دابەزین و هەر یەکەی لەلایەك خۆی تەقەت دا. لەو دەمەدا دیسانیش چەند گوللەی دیکە بۆ لای ماشێنەکە هـاوێژرا. بـەڵام کـوردەکـان دیتـیـان لـەلایـەن ئـەفسەرەکـانـەوە هـیـچ تـەقـە ناکرێ وایان زانی کە هەموویان کوژراون وە یا بریندار کراون. پیرۆت لەگەڵ یەکێکی دیکە وردە وردە بۆ لای ماشێنەکە هات. دەو تاریکە شەوەدا

چاو چاوی نەدەدی و بەتەنیا ماشێنەکە وەك تارماییەکی ڕەشی گەورە لە نێزیکەوە دەبیندرا. خۆچەندی کە لەلای چەپی ماشێنەکە لە قەت پاڵی کێو لە بن بەردێکی زەلاّم خۆی مات دابوو لە ناکاو دیتی کە ئەوە یەکێك لە ڕێگرەکان لە تەنیشت وییەوە خەریکە بۆ لای ماشێنەکە دەچێ دەستبەجێ ڕووی لوولەی دەمانچەکەی تێ کرد و ئاوری دا. پیرۆت کە لە دواوە دەهات و برینداربوونی هاواڵەکەی چاو پێ کەوت خەنجەرێکی لەسەر دڵی خۆچەندی دا. خۆچەندی هەر ئەوەندە هاوارێکی لێ هەڵسا و گوتی: «ئەی وای موردەم...» کوردەکانی دیکە بەبیستنی تەقەی دەمانچە وایان زانی کە ئەفسەرەکان خۆڕاگری دەنوێنن و دەست نادەن و بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێی دەهاوێن چەند گوللەی دیکەشیان هاوێشت. هاوار و واوەیلای خۆچەندی و تەقەی چەند گوللەی دیکە، ئەفسەرەکانی ئەوەندەی دیکەش وەترس و خۆف خست، ئەوان بەگاگۆلکەکردن خۆیان لە ڕێگاکە دوور خستەوە و بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ دەچن ڕێی کێوەکانیان گرتە بەر.

کوردەکان بەسینگەخشکێ خۆیان لە ماشێنەکە نزیك کردەوە و بۆ ئەوەی ماشێنەکە لە جێی خۆی نەبزوێ چەند خەنجەریان لە تەکەرەکان دا و کون کونیان کرد. پیرۆت بەدەستی چەپی دەرگای ماشێنەکەی کردەوە وە بەدەستی ڕاستی نووکی خەنجەرەکەی بۆ نێو ماشێنەکە ڕاداشت و فەرمانی دا:

- سەگە تەسلیم!

لە نێو ماشێنەکەوە هیچ دەنگێك نەهات. کوردەکان کە زانییان کەسی تێدا نییە وەژوور کەوتن و ئەوی وە بەر دەستیان هات هەڵیان گرت و تاقە فیشەکێکیان نەهێشتەوە. پیرۆت وێڕای هاواڵێکی دیکە هاوڕێ بریندارەکەی هەڵێنا و سواری قەلاّندۆشیان کرد و خێرا خێرا لە ڕێگاکە دوور کەوتنەوە.

لەو شتانە کە وەچەنگیان کەوتبوو، پیرۆت تەنیا دوو تفەنگی برنۆی

قوڵی لەگەڵ دوو سەد فیشەك هەڵگرت و لە ترسی کاك مامەندی بابی نەیوێرا بیباتەوە ماڵێ و ڕووی کردە جێ کوڵووشەکەی خۆیان تفەنگ و فیشەکەکانی لە نێو گیشە گەنمێکدا تاقەت کرد و گەڕاوە ماڵێ. ئیتر شەو لە نیوە تێ پەڕیبوو وە تەواوی ئاوەدانی خەوی لێ کەوتبوو، بەتەنیا سەگە وریاکان بوون کە جار جارێك دەوەڕین و بێدەنگیی شەویان تێك دەدا. پیرۆت گەیشتەوە ماڵێ و لەسەر سەربانێ لە جێگاکەی خزا. بەڵام بە وەدەست هێنانی تفەنگ هێندە دڵخۆش بوو کە خەوی نەدەچووە چاوییەوە و تەواوی فکر و بیری لە دەوروبەری تۆڵە ئەستاندنەوەی مینە ئاغا دەسووڕا و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: «بەکەلاموڵڵا سوێندم خواردووە کە هەوەڵین گوللەی تفەنگەکەم لە سینگی ئەو مارزە ئاور دەم و هەتا سوێندەکەم بەجێ نەگەینم تەقەی لێ ناهێنم...»

***

تاریك و ڕوونی بەیانی پیرۆت هێشتا بەدەم خەوەوە بوو کە هەراوهۆریای گاوانەکان کە یەك بەخۆیان دەیاننەڕاند «گاڕان ڕۆیی کەر بەجێ ما!»، «گاڕان ڕۆیی گوێلك بەردەن!» وەخەبەری هێنا و هەڵستا چووە نێو ماڵەکەوە و دیتی خەزاڵی خوشکی حەوجۆشەکەی بەکوڵ هێناوە و تەواوی خێزان وەکۆبوون چای بەکشمیش دەخۆنەوە، کاك مامەند لە هەمووان زووتر داس و هەسان و گۆزەڵە ئاوەکەی هەڵگرت و بۆ دروێنە وەدەرکەوت و منداڵەکانی ماڵیش هەریەکەی بەلایەکدا بڵاوەیان کرد. خات مەنیجی دایکی پیرۆت کە لە ماڵێ بەجێ مابوو ڕووی کردە پیرۆت:

- ڕۆڵە ئەتۆ بۆ ناچی بۆ دوروێنە؟ بابت چل ساڵ لە تۆ گەورەترە لە پێش تۆدا ڕۆیی، هیچ عەیب و شوورەیی ناکەی؟

پیرۆت بەئەنقەست ئەو ڕۆژە دەیەویست لە ماڵێ بمێنێتەوە و بزانێ باسی ڕووتکران و کوژرانی ئەفسەرەکە بەدێیەکەدا چلۆن بڵاودەبێتەوە. پیرۆت خۆی کز کرد و لە وەڵامی دایکیدا گوتی:

ـ دایـە گـیـان، ژانـەسەر و دڵـەکـزەم گـرتـووە و دەمـەوێ ئـەورۆ لـە مـاڵـێ بمێنمەوە. پیرۆت ئەوەی گوت و لەسەر لبادە کۆنەکەی نێو ماڵ لێی ڕاکشا.

لای چێشتان خەزاڵ بەگۆزە ئاوەوە لەسەر کانی گەڕاوە و بەپەشۆکاوی و هەناسەبڕکێ ڕووی کردە کاکی و گوتی:

ـ کاکە، هیچ دەزانی چ قەوماوە. لەسەر کانی گۆزەکانم پڕ دەکرد کە دیتم لە ڕێگای لای سەقزەوە جووتێك گایان لە ترومبێلێك کردووە و بۆ لای ماڵە ئاغای دەکێشن و ئاغا و کوڕەکانی و کوێخا و نۆکەرەکانی هەموویان بەدوایدا دەڕۆن: پیرەژنەکان دەیانگوت ئەو ترۆمبیلە هی ڕەئیسەکەی سەقـزە و شەوێ سوارەی کـوردان ڕێگـایـان پـێ گـرتـووە و ڕووتـیـان کردووەتەوە و کوشتوویانە.

پیرۆت بەبیستنی ئەو قسانەی خوشکی بزەیەکی هاتێ و خۆی گێل کرد. لای ئێوارێ کاك مامەند لە دروێنە گەڕاوە و هەر کە داس و هەسانەکەی لەسەر تاقەکە دانا ڕووی کردە پیرۆت:

ـ ئەرێ بیستووتە دەڵێن ڕەئیسەکەیان کوشتووە و شەوێ پیاوەکانی کۆمەڵە ڕێگایان پێ گرتووە. قەرەنی ئاغا زۆر پەشۆکاوە و دەیەوێ لەگەڵ ئـاغـاکـانـی دیکە پێکەوە بەهەر جۆرێك بێ، ڕێگرەکان بدۆزنەوە. کاك مامەند سەبیلەیەکی تێ کرد و چۆڕێك ئاوی خواردەوە و دیسان گوتی: حەك لەبەر دەستیان مرم، بەخوڵای کارێکی باشیان کردووە، ئەو ڕەئیسە گۆڕبەگۆڕە دەردی سەگی بەکوردان دا، حەك دەستیان خۆش بێ...

پیرۆت بەوەی کە زانیی باوکی ئەو کارەی پێ خۆشە لە دڵەوە زۆر کەیف خۆش بوو و لەو کارەی کردوویەتی هێندەی دیکەش ڕازی بوو، بەڵام هەتا ئـەو ڕۆژە کـۆمـەڵـەی نـەبـیستـبـوو، وەنـەشیـدەتـوانـی بـیـبـیستـێ، چـونکـە داگـیـرکـەرانـی نیشتمـانـی، زمـانـە شیرینـەکـەی زگمـاکـی وییـان قـەدەغـە کردبوو وە هیچ هەلی ئەوەیان نەدەدا کە پەرە بگرێت و بەوشەی پەتیی کوردی خەزێنەی بێ بنی خۆی دەوڵەمەندتر بکات. پیرۆت و لاوانی وەك

وی، هەرچەند خوێندەوار نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە تەمەنی لاوێنیی خۆیاندا هەتا دەهات پتر وشەی فارسییان دەبیست. جا لەبەرئەوە ئەو قسە تازەیەی زۆر پێ سەیر بوو و بێ ئەوەی کە بزانێ ئەوە نێوی مرۆیە، نێوی ئیدارەیە وە یا نێوی تیرەیە، ئەو قسەیەی لە دڵی چەقی و نیسبەت بەوی حورمەت و خۆشەویستی و بەڕێزیی هەست دەکرد، چونکە ئەوەندەی دەزانی کە کۆمەڵەش دوژمنی ئەو ڕەئیسە خوێنخۆرانەیە.

پیرۆت بۆ ئەوەی کە کۆمەڵەی لێ حاڵی بێ پرسی:

- ئەرێ بابە، کۆمەڵە چییە و لە کوێیە و کوێندەرییە؟

- وەڵڵا ڕۆڵە ئەمن بۆ خۆشم هێندەم سەر لێ دەرناچێ، بەڵام وەکی دەگێڕنەوە ئەو کۆمەڵەیە لە سابلاغێیە وە بەنهێنییەوە دوژمنی ئاغاوەت و حەجەمانە و دەڵێ کە دەبێ کوردەواری ئازاد بکرێ.

کاك مامەند لەمەڕ کۆمەڵە ئیتر لەوە زیاتر شتێکی دیکەی نەدەزانی کە کوڕەکەی حاڵی بکات، بەڵام هەر ئەو چەند خاسیەتەی کە کاك مامەند بەکۆمەڵەی دا، لە نێو دڵی ئەو باب و کوڕە کرمانجە هەژارەدا بۆ دواڕۆژی خۆش و ڕزگاربوون لە چەنگ زوڵم و زۆری ئاغاوەت ڕووناکییەکی هێنا گۆڕێ.

پیرۆت لای ئێوارێ چووە مەزرا و لە گیشە کولوشەکە تفەنگەکانی دەرهێنا و بەپەرۆ دەستی بەخاوێنکردنەوەی ئەوان کرد. هەتا درەنگانێك پیرۆت هەر تەماشای تفەنگەکانی کرد و لە تەماشاکردنیان تێر نەدەبوو و لە بریقەی قۆنداغی تفەنگەکاندا کەللەی مینە ئاغای دەدی. لە پاشان هەر دووك تفەنگەکەی لە چارەکەیەك پێچا و لە نێو گیشەکەدا تاقەتی کرد و بەرەو ماڵ گەڕاوە. لە ترسی باوکی نەیدەوێرا ئاواتی دڵی خۆی بەوی بڵێ و هەر چاوەڕێی دەرفەتێك بوو کە قسەی دڵی خۆی بۆ باوکی دەربڕێ. لە پاش بەسەرهاتی ڕووتکردنی ماشێنی سەرۆکی ستادی سەقز و کوشتنی خۆچەندی، پیرۆت بەتەواوی گۆڕابوو و هەر دەتگوت ئەو پیرۆتەی جاران

نییە کە بچێتە هەرەوەز و جۆگە جۆماڵکردن و باغ تەکمیش کردن و لە پێش هەموو پاڵەیەك قەباڵی خۆی بەجێ بگەینێ. ئیتر بیری لەلای ئەو جۆرەکانە نەمابوو و نەیدەویست بچێ بۆ ئاغا کارداری بکا و تەنانەت بەئاواتەوە بوو زووتر لە کانی سەوزە وەدەرکەوێ و گوللە بهاوێ و سەربەست بێ و بەئیشتیای خۆی بژی و سەر بۆ کەس دانەنوێنێ. ئیتر ئەو لەوانە نەبوو کە گوێ لە گزیری ئاغا ڕابگرێ و لە هەموو کەس زووتر بۆ بێگار وەدەرکەوێ. وەك پێشینیان گوتوویانە: «کوێر چت دەوێ؟ دوو چاوی ساغ». تەواوی ئاوات و ئارەزووی پیرۆتیش ئەوە بوو تفەنگێك وەدەست بهێنێ، ئێستا ئەو ئاواتەی بەجێ گەیی بوو و هەر چلۆن دەڵێن: «دۆم بێ و کلاش بۆ خۆی بکا»، جا کورد بێ و تفەنگی چەنگ کەوتبێ! وای بەحاڵی دوژمنی ئەو کوردە!

کاك مامەند لەوەی گەیشتبوو کە پیرۆت زۆر کزە و پەشێوی و ناڕەحەتی دەروونی دڵەکەی وەوەلوەل خستووە. کاك مامەند لە دەردی کوڕەکەی ئاگادار بوو و دەیزانی کە پیرۆت لە سوێی مرۆت هەر وەك شێتانی لێ هاتووە و لەوەتا مرۆت خۆی کوشتووە، بەتەواوی گۆڕاوە و گێژ و حۆل بووە و بۆ ئەوەی دڵی کوڕەکەی بێنێتە جێ، شەوێ کاتێك لەسەر سەکۆکەی حەسار دانیشتبوون ڕووی تێ کرد و گوتی:

- ئەرێ ڕۆڵە، بۆچی هیچ ناچیە لای شێرکۆ. ئاخر ئەو بەستەزمانە بەتەنێ ماوەتەوە و ئەتۆشی زۆر خۆش دەوێ. باش نییە زوو زوو سەری لێ بدە.

کاك مامەند ئەوەی گوت و سەبیلەکەی داگیرساند و دیسان:

- بەشێرکۆ بڵێ با دڵتەنگ نەبێ خەزاڵ هی وییە و هەر وەختێك بیەوێ دەتوانێ بیگوێزێتەوە.

خات مەنیج کە ئەوەی بیست لە جێگای خۆی داچەڵەکی و قسەی کاك مامەندی بڕی و گوتی:

ـ ئەی لەو کابرایە، دەڵێی ماخولیا بووی. ئەتۆ هیچ بیر لەوە ناکەیەوە کە بەچ هۆیەك ژنی پێ بێنین بۆ هەتیوەکە.

کاك مامەند لە ژنەکەی توورە بوو و گوتی:

ـ عافرەت ئەتۆ عەقڵت پێ ناشکێ و نازانی. شێرکۆ هاتووەتە ماڵە من، پێکەوە نان و خوێمان خواردووە و ئەمن گفتم پێ داوە. قسەی کورد یەکێکە و دوو نییە. پیاو دەبێ پیاو بێ و لەسەر قسەی خۆی ڕاوەستێ. مەخوازە بەو پیرییە دەتەوێ شەرمەندەم بکەی و بکەومە بەر گاڵتەی ئەم و ئەو؟ نا، نا، ئەتۆ نافامی و عەقڵت سووکە، ئەمن کوڕی بابمم و بیلاتەشبی بیژوو نیم. ئاخر ئەویش لە پاش خوشکی لە ژنبەژنکردن بێ بەش بووە. ئەویش حیسانە دڵی بەکچەکەی ئێمەوەیە.

خات مەنیج دەیەویست دیسانیش قسە بکا و فیکر و بیری خۆی بەرێتە سەرێ، بەڵام کە دیتی مێردەکەی زۆر توورەیە و کەفی هەڵخراندووە، متەقی لێوە نەهات. پیرۆتیش لە دڵەوە بەقسەکەی باوکی دڵخۆش بوو، بەڵام بەگوێرەی ڕێوشوێنی کوردەواری حەقی نەبوو لە قسەی نێوانی دایك و بابی تێوەچێ و بێدەنگەی کردبوو. پیرۆت لە دڵی خۆیدا بیری لە مرۆتە خۆشەویستە جوانەمەرگەکەی دەکردەوە و دەیگوت: «خەزاڵ دەدەین بەبراکەت وە با ببیتە گوڵێك لە گوڵستانی نێو دڵم کە بۆ تۆم پەروەردە کردووە، باببێتە نموونەیەك لە عیشق و خۆشەویستیی من بۆ تۆ، ئەی گوڵە سیسبووەکەی کوردستان با ڕۆحە پاك و خاوێن و بێگەردەکەت ئاسوودە بێ لە حاست برا تاقانەکەت...».

کاك مامەند هێشتا هەر توورە بوو و نەهاتبووە سەر خۆی و لە پڕ هەرای کرد:

ـ خەزاڵ، خەزاڵ، دە وەرە ئێرە بزانم.

خەزاڵ کە لە نێو ماڵەکە دانیشتبوو و لەبەر چرا فەتیلەکە دەرپێ و کەواکەی باوکی پینە و پەڕۆ دەکرد، بەبیستنی دەنگی باوکی داچڵەکی و گورجێك هەڵستا و بۆ حەساری وەدەرکەوت:

ـ بابە چ دەفەرمووی؟

ـ ئەریٚ ڕۆڵە شوو بەشێرکۆیە دەکەی؟

خەزاڵ کە چاوەڕێی پرسیارێکی وا لە باوکی نەبوو، بەبیستنی ئەو پرسیارە هەر دەتگوت گۆزەیەك ئاوی سەهۆڵت بەتەوقی سەریدا کردووە و وەك چەوەندەری کوڵاو سوور هەڵگەڕا و سەری داخست و تەنانەت دەتگوت پشووشی لێوە نایە.

کاك مامەند:

ـ دەی بڵێ بزانم، شووی پێ دەکەی یا نا؟

خەزاڵ دیسانیش وستەی لێوە نەهات.

کاك مامەند بەتووڕەیی:

ـ کچە تیوە! کەڕ بووی، زمانت بڕاوە، هەناوت ڕەش بووە، بۆ چ جوابم نادەیەوە. ئەوە لە کەنگیوە وات لێ هاتووە کە جوابی من نادەیەوە؟

خات مەنیج کە لە خاسیەتی مێردەکەی شارەزا بوو و دەیزانی ئەگەر زۆر دەهری بێ لە کچەکەی دەدا بەئەسپاییەك چووە بن گوێی و بەسرتەوە گوتی:

ـ ڕۆڵە، جوابی بدەوە، با دەهری نەبێ...

کاك مامەند دیسانیش:

ـ دەی دەڵێی چی! مەخوازە حەز لە کەسێکی دیکە دەکەی و لە حەولی ڕەدووکەوتن دای و دەتەوێ ئابڕوو و حەیام بەری!

خەزاڵ بەبیستنی ئەو قسانەی باوکی هەر دەتگوت خەنجەرێکت لە دڵی داوە و لە کوڵی گریانی دا. کاك مامەند هێندێك بە شێنەیی:

ـ دە بیبڕەوە، بیبڕەوە.

ـ بابە گیان قەت ڕەدووکەوتن لە کچی تۆ دەوەشێتەوە کە وام پێ دڵێی؟

کاك مامەند قسەی کچەکەی بڕی و گوتی:

- زۆری مەڕێسە، بڵێ بزانم دەتەوێ بەو پیرییە وەدرۆم خەیەوە؟

خەزاڵ بەو قسەیە هێندەی دیکەش دڵی پڕ بوو وەبەدەنگێکی نزمەوە و بەگوێرەی دابی کوردەواری گوتی:

- ئەمن لە ئیختیاری کاکمدام و هەر چلۆنێکی ئەو مەسڵەحەت بزانێ وا دەکەم. خەزاڵ ئەوەی گوت و بەنێو ماڵەکە گەڕاوە.

ئیتر شەو لە نیوە تێپەڕ بووبوو. پیرۆت، خەزاڵ و کاك مامەند هەریەکەی بەجۆرێك دڵخۆش بوون. پیرۆت دڵخۆش بوو لەبەرئەوەی کە دەچێ بۆ کانی کیسەڵە و تۆڵە لە مینە ئاغا دەستێنێتەوە و مزگێنیی خۆش بەشێرکۆ دەدات. خەزاڵ دڵخۆش بوو لەبەرئەوەی کە باوکی ڕازی بووە بەشێرکۆی بدات. کاك مامەندیش بەوە دڵخۆش بوو کە وادەی خۆی بەجێ دەگەیەنێ و بەدرۆزن دەرناچێ و دڵی کوڕە کرمانجێکی هەژار خۆش دەکات.

هەر بەتەنیا خات مەنیج خەوی نەدەچووە چاویەوە و ناڕەحەت بوو، چووبووە فکر و خەیاڵەوە نەیدەزانی بە چی هۆیەك ژن بۆ پیرۆت بهێنن.

پیرۆت هەر ئەو شەوە لە ماڵێ ڕۆیی، چوو تفەنگ و فیشەکەکانی لە تایە کولۆشەکە دەرهێنا و بەکوێرە ڕێگایەکدا بەرەو کانی کیسەڵە وەڕێ کەوت. کاتێك لە زینووەکەی بەر ماڵان وەسەر کەوت بووبووە پارشێو و شنەبای بەیانی دەنگی مۆسیقای کانی کیسەڵەی لە دوورەوە بەگوێ پیاو دەگەیاند. هەر خەمبارێکی گوێی لەو مۆسیقایە ببایە، بێ شك هەموو چەشنە دەرد و خەمێکی لە بیر دەچووەوە، بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ دەستی بەهەڵپەڕین و سەماکردن دەکرد.

مۆسیقا چ مۆسیقایەك! دەنگی مەشك ژاندن، سۆزەی کچانی مانگادۆش، خوێندنی کەڵەشێری بەری بەیان، حیلەی ئەسپ، کاڕەکاڕی کاریلە و بەرخ، قاقای قاز و مراویی قەراغی گۆلەکەی بەر ماڵان، هەرای شوان و گاوان و گوێلکەوان و سەدەها دەنگی دیکەی جیاوان، تێکەڵاوی یەکتر بووە و ئاهەنگێکی مۆسیقاییی ئەوتۆ لەبەردڵانی لێ ساز بووە کە کێهە مۆسیقادانەری بەناوبانگی دنیا هەیە نووسینی مۆسیقایەکی وای لە دەست نایە. بەڵام وێڕای ئەو ئاهەنگە دڵگیر و ڕۆح لاوێنەرە، دەنگێکی تریش دێ کە هەتا خولا حەز بکا، ناخۆش و لەبەردڵ گرانە، لەوەی دەچوو کە قاز و قورینگ و کەو و کوڕکوڕ و دارکونکەرە و شوان هەڵخەڵەتێنە و سیرو و مریشکەئاوی و کۆترەباریکە و جوڕە پۆپنە و هەوێردە و سەدەها باڵیندەی

دیکە، بەدەنگی خۆشی خۆیان جێژنی بەهار دەگرن و کوندەبووش لەسەر کەلاوەی زستان هەڵتروشکاوە و بەدەنگی ناخۆش جوابیان دەداتەوە و دەڵێ: «بەهاریشتان لێ دەبێتە کەلاوە و زستان دێتەوە، هێندە بەخۆتاندا مەفشن» و بەو قسانە هەموویان بێدەنگ دەکا و خەم و لێوبەبارییان بۆ هەڵدەوەرێنێ. ئەو دەنگەش کە ئاهەنگی مۆسیقای تەبیعیی کانی کیسەڵەی تێك دابوو و وەك دەنگی کوندەبوو لە نێو ئەو هەموو ئاهەنگەشەوە بەگوێ دەگەیشت، دەنگی گزیری ماڵە ئاغا بوو کە بەو بەیانییە وە کۆڵانان کەوتووە و خەڵك دەنگ دەدا بۆ بیگار. بەڵام پیرۆت گوێی لەو دەنگە شل نەکردبوو. پیرۆت کانی کیسەڵەی پێ لە هەموو جێگایەکی دنیا خۆشتر بوو، چونکە بۆ جاری هەوەڵ لەسەر کانییەکەی ئەو دێیە لە مانای ڕاستەقانیی حەزلێکردوویی گەیشتبوو و تەواوی ئاوات و ئارەزووی دوارۆژی بەهێنانی کچەکەی ئەو دێیە خۆش کردبوو. پیرۆت لەبەر خاتری گوڵە جوانەمەرگەکەی دار و بەردی کانی کیسەڵەشی خۆش دەویست. ئەو لەو کاتەدا کە لە زینووەکە وەسەر کەوتووە و کانی کیسەڵەی لێ وەدیار کەوتووە و کچان و عافرەتانی مەشکەژین و تەپاڵەکەر و گوێلك بەردەر و ئاوهێنەر و تەندوورداخەر و کابانی چێشت لێنەر و شیاکە پیژی دێتە بەرچاوی، دڵی گەش و چاوی ڕوون دەبێتەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: «ئەوان هەموویان ناسیاو و دەستە خوشکی مرۆتە شیرینەکەی من بوون و بۆنی عەتر و مێخەکی مرۆتیان لێوە دێ...».

ماڵی شێرکۆ لە قەراخ دێ لەو لایەوە کە پیرۆت هاتبوو هەڵکەوتبوو. پیرۆت بەکوێرە ڕێگایەکدا بێ ئەوەی کەسێك ببینێ خۆی لە حەوشەی شێرکۆ هاوێشت، شێرکۆ تازە لە خەو هەڵستا بوو. بەدیتنی پیرۆت بەدوو تفەنگ و گەلێك فیشەکەوە تاوێك عەبەسا، بەڵام دەستبەجێ هۆشی هاتەوە بەر خۆی و پیرۆتی بردە ژوورەوە و بەر لە هەموو شتێك تەنانەت بەر لەوەی چاك و خۆشی لەگەڵ بکا یەکێك لە تفەنگەکانی بەدوو دەستی هەڵگرت و

مـاچـی کـرد و لـه چـاوی خشانـد. هـەر دەتـگـوت سۆفـی حـەمـە حـەسەنـە مەشوورەکەی شار وێرانە، چۆڕێك ئاوی دەزنوێژی دەست و لاقی چڵکنی شێخـی بـە مـەدفـەرك وەبـەرکـەوتـووە و بـەچـاوی کـوڕە تـاقـانـەکـەی دا هەڵدەسوێ تاوەکونێ وەبەر چاوەزار نەکەوێ. یا وەوەی دەچوو مام حاجی لە مەککە و مەدینەوە لالویچێك گڵی هێناوە بۆ ماڵێ و تێکەڵاوی ئارد و ڕوون و گەنم و قەند و چای ماڵێی دەکا کە بەرەکەتی تێ کەوێ.

شێرکۆ لە پاشان تفەنگ و فیشەکەکانی لە نێو کەندووی ئارددا تاقەت کرد و پیلی پیرۆتی گرت و لە لای ژوورووی ماڵەکە ڕووی نا. پیرۆت زۆر دڵتەنگ و خەفەتبار بوو و لە سوێی مرۆت چاوی پڕ بووبوو لە ئاو، بەڵام لە شەرمان وەسەر خۆی نەهێنا و بێ ئەوەی بتوانێ تەماشای چاوی شێرکۆ بکا، سەری داخست و دانیشت. تاوێك هەردووکیان مات بوون لە دەردی یەکتری گەیشتن. شێرکۆ وەك خانەخوێ پیرۆتی بەخێر هێنا و حاڵ و هەواڵی کاك مامەند و خات مەنیجی لێ پرسی، بەڵام لەبەر شەرمێونی باسی خەزاڵی لێ نەپرسی. پیرۆت بۆ ئەوەی کە دڵی شێرکۆی دۆستە برای خۆش کا گوتی:

ـ بابم گوتی کە خەزاڵت دەداتێ و خەزاڵیش ئەمنی کردووەتە وەکیل. خۆ ئەویش دەزانێ ئەمن بۆ تۆ لە هیچ درێغی ناکەم و خوشکەکەم پێشکێشە.

شێرکۆ بەبیستنی ئەو قسانەی دواییی پیرۆت بەگوێرەی داب هەڵستا و دەستی وی ماچ کرد و پیرۆتیش ئیتر لە بیانوویەك دەگەڕا دڵی پێ ئەهوەن بکـاتـەوە و لـەبـەرئـەوە دەستـی لـە ئـەستـۆی شێرکـۆ کـرد و گـریـا. پـاش ژێربوونەوە پیرۆت گوتی:

ـ کاکە لە بیرتە سوێندم خوارد کە تۆڵەی مرۆتی لەو حیزبابەی بکەمەوە، ئەوە هاتووم و بڵێ بزانم ڕاو و تەگبیرت چییە؟

شێرکۆ لە پیرۆت بەمشوورتر و لەسەرەخۆتر و تێگەیشتووتر بوو، وە پیرۆتیش ئەوەی دەزانی و بۆیە پرسی پێ دەکرد. شێرکۆ گوتی:

ـ کاکە ئەمنیش هەر لەمێژە لەو بیرەدام و بەدیتن و هاتنی تۆ لەو حەلەدا هەر دەڵێی هەلێکی باش بۆ پێکهێنانی ئاواتەکەم هاتووەتە گۆڕێ.

دەنێو لادێییەکانی کوردستاندا دابێکی وا هەیە کە کاتێك قینی خۆیان لە حاست زوڵم و زۆری و بێگاریی لەحەد بەدەری خاوەن مڵك دەردەبڕن لە ڕێگای جیاوازەوە زەرەری پێ دەگەینن. گیشەی ئاور تێ بەردەدەن، کلکی ئەسپە خۆشەویستەکەی دەبڕن، مەڕ و ماڵات لە قورغ و بێستان و توتنەکەی دەکەن و یا ئاوی بێ وادەی بەردەدەنێ و دەیبەتڵێنن و داری دەبڕن و هی دیکە.

جا ئێستا ئەو دوو لاوە دڵپڕەش دانیشتوون و فکر لەوەی دەکەنەوە کە بەر لەوەی مینە ئاغا ببەتڵێنن، زەرەرێکی لێ بدەن. شێرکۆ کە بەچاکی لە دێیەکە و قەڵا و باڵەخانە و حەول و حەوشی ماڵە ئاغا، بەڵەد بوو فیکری خۆی دەربڕی و گوتی:

ـ لەو دوایییانەدا مینە ئاغا، زۆر وەترس و خۆف کەوتووە و بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی تفەنگێکی زۆری کڕیوە. ئاغاکەی کانی گورگە دوژمنی خوێنیی مینە ئاغایە و ئێستاکە چەك و قورخانەی وەدەست کەوتووە، هەر هەڕەشە لە مینە ئاغا دەکا. جا مینە ئاغا لەبەرئەوە شەوانە خەوی ناچێتە چاویەوە و هەتا ڕۆژ دەبێتەوە چەند کەسی بۆ کێشککێشان لەسەر ڕێگاکەی کانی گورگە لە حاست باغەکە داناوە و ڕای ئەسپاردوون کە هەرکاتێك دیتیان سوارە دێ، تفەنگێکی پتۆقێنن و خەبەرداری بکەن. مینە ئاغا بەنۆکەرەکانی دیکەشی ئەسپاردووە کە هەر بەبیستنی تەقەی تفەنگ لە باغەکەوە بۆ لای وی هەراکەن و نەهەێڵن دوژمن بێتە نێو دێیەکەوە، تەنانەت بەکێشکچییەکانی سەر گیشە یۆنجەکەشی ئەسپاردووە، بەبیستنی تەقە ڕانەوەستن و بەهیمدادی نۆکەرەکانی دیکەوە بچن. جا ئەتۆ سبەی شەوێ پاش بانگی شێوان و بڵاوەکردنی خەڵکەکە لە مزگەوت، تفەنگەکەت هەڵگرە و بۆ لای باغەکە بچۆ. دوو سەد هەنگاوێك لەم لای

باغەکە پردێك هەیە و هەر لە حاست ئەو پردە گوللەیەکی پتۆقێنە و بەلای ڕۆژئاوادا وەرەوە ماڵێ و لێی بخەوە.

پیرۆت بەر لەوەی کە بهێڵێ شێرکۆ قسەکانی تەوا و بکا گوتی:

ـ کاکە ئەمن سوێندم خواردووە و دەبێ هەوەڵین گوللەی تفەنگەکەم لەسەر دڵی مینە ئاغا پتۆقێنم. ئەوەی تۆ دەڵێی بەمن ناکرێ. شێرکۆ گوتی: ئەتۆ لاساری مەکە و هەرچی پێت دەڵێم بەقسەم بکە. نەخشەیەکی چاکم کێشاوە و لێم تێك مەدە.

ـ نا کاکە، هەرچی دەڵێی بەقسەت دەکەم، بەڵام هەوەڵین گوللەی تفەنگەکەم ناهاوێم. شێرکۆ کە دیتی، فایدەی نییە هەڵستا و هەر دووك تفەنگ و تەواوی فیشەکەکانی لە کەندووەکە دەرهێنا و لەسەر لبادەکەی دانا پرسی:

ـ ئەو دوو تفەنگەت بۆ چییە؟

ـ یەکیان هی تۆیە و ئەوی تریش هی من.

ـ کێهەیان هی منە؟

ـ هەر کامێکی دەتەوێ هەڵی گرە.

شێرکۆ تفەنگێك و سەد فیشەکی جوێ کردەوە و بەجیاوازی لە کەندووەکەی ناو گوتی:

بۆ ئەوەی سوێندت لێ نەکەوێ، سبەی شەوێ تفەنگەکەی من هەڵگرە.

پیرۆت کە هەتا ئەو دەمە لە مەبەستی شێرکۆ نەگەییبوو لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

ـ بەخولای فێڵەزانی. دە بڵێ بزانم لە پاش ئەوەی ئەمن گوللەیەکم تۆقاند ئەتۆ چ دەکەی؟

شێرکۆ گوتی:

- پێم گوتی بگەڕێوە ماڵێ و بخەوە، ئیتر کارت بەهیچ شتێکی دیکە نەبێ و لە پاشان دەبینی.

پیرۆت ئەو ڕۆژە لە ماڵە شێرکۆ وە دەرنەکەوت و بەبێ سەبرییەوە چاوەڕێی ڕۆژئاوا بوون بوو. تاریك كە داهات مجێور چووە سەر سەربانی مزگەوت و بانگی دا. پیرۆت بەقەدرایە سەعاتێك لە نێو حەوشەکەی ماڵی شێرکۆ خۆی مات دا و هەر کە دیتی خەڵکەکە لە مزگەوت بڵاوە دەکەن، تفەنگە قوڵەی شێرکۆی هەڵگرت و پێنج فیشەکی تێ نا و بۆ لای پردەکە وەڕێ کەوت و هەر چلۆنێکی شێرکۆ پێی گوتبوو، کردی و بەلای ڕۆژئاوادا بەرەو ماڵێ گەڕاوە، کاتێك گەیشتە حەوشەکە، هەر دەنگ و هەرا بوو، بەگوێی دەگەیشت و دیار بوو کە تەواوی نۆکەرەکانی ئاغا بەرەو باغەکەکە هەرایە دەکەن. پیرۆت لە چەپەری نێو ماڵەکە نیزیك بووەوە و خەریك بوو بیکاتەوە و بچێتە ژوورێ کە لە ناکاوڕا دیتی شەوی تاریك وەرگەڕا سەر ڕۆژی ڕووناك. گیشە یۆنجەکەی ماڵە مینە ئاغا کە سەری گەیشتبووە عاسمان وای گڕگڕتبوو کە لە پشت کێوەکانیشەوە گڕەکەی دیار بوو و عاسمانی سوور هەڵگێڕابوو، پیرۆت لەو حەلەدا لە نەخشەی شێرکۆ گەیشت و بزەیەکی هاتێ و لە دڵی خۆیدا گوتی: «بەخوڵای سەگە، وەڵڵا کلاش بۆ شەیتان دەدوورێ».

پیرۆت چووە ژوورەوە و هێندێك دانیشت، بەڵام کە دیتی شێرکۆ نەگەڕاوە دڵی ڕانەوەستا و چووە دەرێ و لە دوورەوە سەیری گڕی گیشەکەی دەکرد. تاوێکی پێ چوو، دیسانیش شێرکۆ هەرنەهات. ئیتر حەجمینی لێ بڕا و خۆی پێ ڕانەگیرا. پیرۆت تفەنگ و فیشەکەکانی تاقەت کرد خەنجەرەکەی لەبەر پشتێندەکەی ناو بۆ لای گیشەکە وەڕێ کەوت و زۆر پەرۆشی شێرکۆ بوو لە دڵیدا دەیگوت: «مەخوازە وە چەنگ ئاغا کەوتبێ، وەڵڵا دەیکوژن»، پیرۆت لە پشت دیوارێکی نزیك بەگیشەکە خۆی مات دا و تەواوی خەڵکەکەی کە خەریك بوون بەپێمەڕە و گۆزە و ستڵ و گڵ پێداکردن

گیشەکەی بکوژێننەوە لێوە دیاربوو و ڕووناکاییی گڕی گیشەکە، وەك چلچرای کارەبا تەواوی دەوروبەری ڕووناك کردبووەوە و پیرۆت بەهاسانی دەیتوانی لێکیان جویّ کاتەوە. پیرۆت کە زۆر بەوردی سەرنجی هەمووانی دەدا لە پڕا دیتی شێرکۆش لە لایەکەوە پێمەڕەی بەدەستەوە گرتووە و خۆڵ و بەرد بەسەر گڕی گیشەکەدا دەکا. پیرۆت کە ئەوەی دی باوەڕی بەچاوی خۆی نەدەکرد، بەڵام هەتا دەهات گڕی ئاورەکە خۆشتر دەبوو و چاکتر و ڕووناکتر سەروسەکوتی شێرکۆی چاو پێ دەکەوت. پیرۆت خۆی پێ ڕانەگیرا و بە ئاسپاییەك بۆ لای شێرکۆ چوو، بێ ئەوەی تەماشای شێرکۆ بکا، ئەویش دەستی کرد بەکوژاندنەوە. هێندەی پێ نەچوو شێرکۆ چاوی بەپیرۆت کەوت و کاتێك ئەو دوو چاوە یەکتریان دی، ئەو قسانەی تێدا دەخوێندراوە کە شێرکۆ بەپیرۆتی دەگوت: «ئاخر پێم نەگوتی بچۆ ماڵێ و لێی بنوو، بۆچی هاتیە ئێرە. لە منت کەوێ بۆ تەقەی تفەنگت...»، چاوی پیرۆتیش دەیگوت: «بەخوڵای سەگ و فێڵەزانی وەکو تۆ لەو دنیایە وەگیر ناکەوێ...». پیرۆت چاوێکی بەدەوروپشتدا گێڕا و دیتی دە پازدە گەزێك لە پشتەوە پیاوێك ڕاوەستاوە و بەشەدەی سەری و مرادخانیی ڕەش و پانتۆڵی زەرد و پشتێندی پەشمێنە و خەنجەری دەسك سپی و چەند قوببە زێڕ پێوە، زانی کە ئەوە ئاغایە و هەر لەو حەلەدا دەیەویست دەست داتە خەنجەرەکەی هەڕای کاتە سەری و ونجرونجڕی بکات، بەڵام کە چاوێکی لە شێرکۆ گرت تێ گەیشت کە شێرکۆ بەوەی ڕازی نییە و بەنابەدڵییەوە دەستی کرد بەکوژاندنەوەی گیشەکە. شێرکۆ هەر لەو دەمەدا کە خەریك بوو بەپێمەڕە گڵ و بەردی بەسەر گیشەکەدا دەکرد لە دڵیدا فیکری دەکردەوە کە هەر بەو شەوە مینە ئاغا بفەوتێنێ و هەرچەندە بەهاتنی پیرۆت بۆ لای گیشەکە زویر بوو، بەڵام لەلایەکی دیکەوە پێی خۆش بوو و دەیگوت: «چا بوو پیرۆتیش هات، وەڵڵا هەر ئەو شەو ئەو مارزە دەفەوتێنین. دەنا لە پاش گیشە ئاور

تێبەردانەکەی زۆرتر وریا دەبێتەوە. ئێستا تەواوی نۆکەرەکانی خەریکی کوژاندنەوەی گیشەکەن و سەریان قاڵە و ناپەرژێنە سەر ئەوەی کە، ئاغا بۆ دیوی ژوورەوە بەرێ کەنەوە. وا چاکە کارێك بکەم، ئاغا بچێتەوە ژوورێ و ئەمنیش دەچم لە دالانە تاریکەکەی سەر ڕێگا، خۆم دەگرم...».

شێرکۆ هەر کاری دەکرد و لە دڵیدا نەخشەکەی دەکێشا و کاتێك دیتی هەمووی بەڕێوەچێیە ویستی پیرۆتیش لە مەبەستی خۆی حاڵی بکات. شێرکۆ بۆ ئەوەی خۆی لە پیرۆت نزیك بکاتەوە و هەمووی پێ بڵێ ڕووی کردە باپیری نۆکەری ئاغا کە لە حاست وی ئەویش بەپێمەرەوە خەریکی کوژاندنەوەی گیشەکە بوو، گوتی:

ـ کاك باپیر، ماڵت شێوێ، بچۆ بەئاغا بڵێ لێرە لەبەر ئەو تیشکە ڕانەوەستێ، بچێتەوە ژوورێ. کێ چووزانێ بەشکو ئەو سەگبابەی کە ئاوری لە گیشەکە بەرداوە لە پەنایەك خۆی مات داوە و سێرەی لە ئاغا گرتووە کە گوللەیەکی لێ دا. هەر بەبێ مینە ئاغاش تەواوی خەڵکی دێیەکە لێرەیە و گیشەکە دەکوژێننەوە.

باپیر کە ئەوەی بیست هەمووی سەلماند و پێمەرەکەی فڕێ دا و چوو بۆ لای ئاغا. پیرۆت کە دیتی پێمەرەکە بەتاڵە گورجێك هات هەڵی گرت و شانبەشانی شێرکۆ دەستی کرد بەکارکردن و شێرکۆ تەواوی نەخشەکەی پێ گوت. پیرۆت کە ئەوەی بیست گوتی:

ـ بابچم تفەنگەکەم هەڵگرم.

شێرکۆ بەتووڕەیییەوە گوتی:

ـ پەلەی مەکە، ئەتۆش بەدووی مندا وەرە.

لەو دەمە شێرکۆ دیتی کە باپیر بەسرتە شتێکی بەگوێی مینە ئاغادا سرەواند و ئەویش گورجێك لە گیشەکە دوور کەوتەوە و بەرەو دیوی ژوورەوە ڕۆیشت. کاتێك باپیر گەڕاوە حاست گیشەکە شێرکۆ گوتی:

کاك باپیر، هانی پێمەڕەکەی من هەڵگرە هەتا دەچم دەستێك بەئاو دەگەینم.

دیوی ژووری مینە ئاغا لەلای دێ و ئەو جێگایەی کە گیشەکەی لێ دەسووتا دیار نەبوو و دەروازەی سەر دالآنی ژوورەوە رووبەڕووی مێشەیە و هەر دە پازدە هەنگاوێك بەولاترەوە سەربەرەوژێرەوە کوێرە ڕێگایەك بۆ لای مێشەکە دەچێ. مینە ئاغا لەلای ڕاستەوە ڕۆیی و شێرکۆ بۆ ئەوەی پێشاوبڕی بداتەوە و کەس تێی نەگا بەلای چەپدا ڕۆیی و گەلێك زووتر لە مینە ئاغا گەیشتە نێو دالآنە تاریکەکەوە. پیرۆتیش هەر لە پاش ڕۆینی شێرکۆ، بەبیانووی ماندوو حەساندنەوە، پێمەڕەکەی دانا و بەدوایدا ڕۆیشت. شێرکۆ تازە گەییووە جێ کە مینە ئاغا بەکۆخە کۆخ لە دالآنەکە نزیك دەبێتەوە. کۆخە کۆخی ئاغا لە کاتی وادا لە ترسانە و بۆ هەڕەشە لێکردنە و هەر دەتگوت دەڵێ: «ئەوە منم دێم، لەسەر ڕێگاکەم وەلاچن... ».

مینە ئاغا هێشتا پێی لە دالآنەکە نەنابوو کە شێرکۆ لێی وەدەر کەوت، مینە ئاغا بەدیتنی شێرکۆ لەو نیوە شەوەدا تاوێك عەبەسا و بێ ئەوەی وە سەرخۆی بێنێ، خۆی تووڕە کرد و گوتی: هەتیوە، ئەوە لێرە چ دەکەی، خەڵك هەموو خەریکە گیشەکەی دەکوژێنێتەوە، هەرۆ هەرۆ ئەتۆش یاریدەیان بدە!.

شێرکۆ لە وەڵامی پرسیارەکەی ئاغادا گوتی:

- قوربان چووبوومە خزمەت ئاغاژن.

مینە ئاغا کە ئەوەی بیست دەستی بۆ خەنجەرەکەی درێژ کرد و لە کالانی دەرهێنا و خەریك بوو لە شێرکۆی بدا، کە لەو حەلەدا پیرۆت لە پشتەوە بەدەستی بەهێزی مەچەکی مینە ئاغای ڕێك گوشی و خەنجەرەکەی لە دەستی کەوتە عەرزی. پیرۆت خەریك بوو بەخەنجەر لەتوپەتی بکا، بەڵام شێرکۆ دەستی گرت و گوتی:

ـ پەلە مەكە ماڵت شێوێ. دەی زوو بە پشتێندەكەی لە پشتی بكەوە و لەكۆڵتی كە و با بڕۆین.

پیرۆت گورجێك پشتێندە پەشمینەكەی لە مینە ئاغا كردەوە و دای بەشێركۆ و مینە ئاغای لە كۆڵی كرد و شێركۆش بەپشتێندەكە توندتوند دای پێچا و دەسرەی بەر خەنجەرەكەشی لە دەمی ئاخنی كە دەنگی لێ دەرنەیە و بۆ لای مێشە سەرەوژێر بوونەوە. نیزیكەی سێ چارەگە سەعات ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە ئەو جێگایەی كە شێركۆ جەنازەی خوشكەی لێ دیبووەوە. كاتێك گەیشتنێ، شێركۆ مینە ئاغای لە كۆڵی پیرۆت كردەوە و دەسرەكەی لە دەمی دەرهێنا و گوتی:

ـ دەی، مارزباب بڵێ بزانم مرۆتت بۆچی كوشت و لەبن كێهە دار ئەو جینایەتەت كرد؟

مینە ئاغا لە ترسان زمانی بەسترابوو، وەمتەقی لێوە نەدەهات و جوابی نەداوە. پیرۆت بەشەقەزللە و پێلاقە تێی بەربوو و ناعیلاج قرخە قرخێكی لێوەهات و بەدەستی دارەكەی نیشان دا. شێركۆ دەستبەجێ لكێكی پشتێندە پەشمینەكەی لە لقی دارەكە گرێ دا و بەپیرۆتی گوت:

ـ دە بچۆ گاشە بەردێك بهێنە و لە بن لاقی ئەو سەگەی دانێ.

پیرۆت هەروەك پاڵەوان باوەشی بە بەردێكی گەورەدا كرد و هێنای لە بن دارەكەی دانا و حوكمی لە مینە ئاغا كرد وە سەر بەردەكە كەوێ. جا ئەو جار شێركۆ لكەكەی دیكەی پشتێندەكەی لە ملی مینە ئاغا هاڵاند و ڕووی كردە پیرۆت و گوتی:

ـ حا لە بیرتە گوتم «كاكە دنیا دەوران دەورانە و ڕۆژی ئێمەش دێتەوە»، ئەوەتا ئەو حەرامزادە و بێ نامووس و داوێنپیسە كە بووە باعیسی خۆكوشتنی خوشكی من و خۆشەویستەكەی تۆ لەبەر دەستمانە و لە ژێر داری تۆڵەكردنەوەیە. ئەو ڕووڕەشە نەك هەر قاتلی خوشكەكەمە، بەڵكە

بابیشمی لە برسان کوشت و چەند جار، سووکایەتی و بێ فەزیحەتیی بەمن کردووە. لەبەرئەوە ئەتۆ ڕوخسەت بدە بەردی بەر پێی وی ئەمن لای بەم و دڵی پڕم بەتاڵ کەم.

شێرکۆ ئەوەی گوت و بەردەکەی لابرد و کەلاکی مینە ئاغا بەحەواوە هەڵاواسرا و هەر دووك چاوی زەق دەرپەڕی. پیرۆتیش بۆ ئەوەی قینی خۆی لە دڵ دەرکا چەند خەنجەرێکی لە گیانی مردووی دا.

شێرکۆ و پیرۆت بەکەیف خۆشی بۆ ماڵێ گەڕانەوە و دیتیان هێشتا گیشەکەی ئاغا گڕی لێ هەڵدەستێ و عالەم خەریکی کوژاندنەوەیەتی. شێرکۆ ڕووی لە پیرۆت کرد و گوتی:

- ئیتر گیربوونمان لێرە بێ فایدەیە و دەبێ هەر ئەو شەو بڕۆین. هەستە تفەنگەکانمان هەڵگرین و بچینە کانی سەوزە، بۆ لای کاك مامەند، سبەینێ لەوێ دەبین و بۆ ئێوارێ وەڕێ دەکەوین، بزانین خولا بۆ کوێمان دەبا.

هەردووك تفەنگ و فیشەکەکانیان هەڵگرت و وەدەرکەوتن. پیرۆت ڕووی لە شێرکۆ کرد و گوتی:

- ئەرێ توخولا با بەمێشەکەدا بڕۆین و جارێکی دیکەش تەماشای کەلاکی ئەو دەویت بابە بکەین.

شێرکۆ بێ ئەوەی لە مەبەستی پیرۆت بگا، ڕێگاکەی خستە نێو میشەکەوە و زۆری پێ نەچوو گەیشتنە حاست کەلاکی مینە ئاغا. پیرۆت دەستبەجێ لوولەکەی قوڵە برنوکەی لەسەر سینگی بێ گیانی مینە ئاغا دانا و پلیتکەی کێشا و ئاوری داوە، لە دڵەوە نەفەسێکی تازەی کێشا و گوتی:

- ئۆخەی، سوێندەکەم بەجێ گەیاند و بەدرۆزن دەرنەچووم. تازە مجێور وەسەربانی مزگەوت کەوتبوو کە بانگی سبەینێ بدات، شێرکۆ و پیرۆت لە

کانی سەوزە نیزیك بوونەوە و تفەنگ و فیشەکەکانیان لە مەزرا تاقەت کرد و چوونە ماڵی کاك مامەند. کاك مامەند تازە لە خەو هەڵستابوو و خەریکی دەستنوێژ بوو کە دیتی شێرکۆ و پیرۆت وەژوورکەوتن. شێرکۆ هەر کە چاوی بەکاك مامەند کەوت دەستی ماچ کرد و ئەوە بەو مانایە بوو کە: «زۆر بەختەوەرم ئەمنت بەنۆکەری خۆت قبووڵ کردووە...». کاك مامەند و خات مەنیج وەك مێوانێکی هەرە خۆشەویست شێرکۆیان بەخێرهاتن کرد و خەزاڵیش لەولاوە بۆ حازرکردنی بەرقاوەڵتوون وەخۆ کەوت. لە پاش نان و چا خواردن کاك مامەند خەریك بوو داس و هەسانەکەی هەڵگرێ و بچێ بۆ دروێنە. بەڵام پیرۆت چووە بن گوێی و پێی گوت کە شێرکۆ کاری پێیەتی و واچاکە جارێ نەڕوا. کاك مامەند وەی زانی کە شێرکۆ لەمەڕ خەزاڵ قسەی لەگەڵ دەکا و لەبەرئەوە چاوێکی لە خات مەنیج کرد کە لەگەڵ خەزاڵ وە دەرکەوێ و ئەوانیش بەبیانووی ئاو هێنان ڕۆیشتن.

کاتێك کە هەرسێکیان پێکەوە مانەوە شێرکۆ سەری قسەی داگیرساند و گوتی:

ـ کاك مامەند ئەتۆ بۆ من لە جێگای بابی و بەهەویام بەقەت پیرۆت منیشت خۆش بوێ. ئەمن و پیرۆت کارێکمان کردووە کە دەمانەوێ بەتۆی بڵێین و پرست پێ بکەین؟ شێرکۆ ئەوەی گوت و حاڵ و هەواڵەکەی گیشە ئاور تێ بەردان و کوژرانی مینە ئاغای هەموو بۆ گێڕاوە و کاك مامەند لە قووڵاییی دڵەوە گوێی دابوویە و لە پاشان پرسیاری کرد:

ـ ئەی تفەنگتان لە کوێ وەدەست کەوت؟

پیرۆت کە دەیزانی بابی بەکارەساتەکەی ڕووتکران و کوژرانی ڕەئیسی ستادی سەقز دڵخۆشە بێ ئەوەی بترسێ هەمووی بۆ گێڕایەوە. کاك مامەند کە ئەوەی بیست لە دڵەوە بە بەکاری و ئازایەتیی کوڕەکەی دڵخۆش بوو، بەڵام وەسەر خۆی نەهێنا و ڕووی گرژ کرد و گوتی:

ـ هەتیوە چڵمنە، بۆچی بەبێ پرسی من، ئەو کارەت کرد و ئەوە لە کەنگێوە وات لێ هاتووە کە پرسم پێ ناکەی؟

لە چەشنی قسەکانیڕا دیار بوو کە لە دڵەوە نایڵێ و لەبەرئەوە شێرکۆ و پیرۆت هێندەی پی تێك نەچوون. لە پاشان کاك مامەند قەننەیەکی تێ کرد و مژێکی لێ دا و سەرلەنوێ دەستی بەقسەکردن کرد و گوتی:

ـ کورە هەرچی باداباد، دەستو خۆش بێ، خۆ ئەو ڕەئیس و ئاغاواتە حەشریان بەئێمە کرد و هەدایان پێ نەدەداین. دەك لەبەر دەستو مرم! خەڵکەکەش پێیان وایە پیاوەکانی کۆمەڵە هاتوون ڕێگایان بەماشێن گرتووە و ئەو سەگەیان تۆپاندووە، ئیتر نازانن پیرۆتە کوڵکنەی ئێمە پیاوی لێهاتووە و بەخەنجەر کەوتووەتە زگ ئەو ڕەئیس و مەئیسە. مەسەلێکە مەشوور کە پێشینیان وتوویانە «جاشی کوڵکن، گوێرەکەی ورگن و منداڵی لیکن، ڕەسەنن»، بەخوڵای پیرۆتە کوڵکنەی ئێمەش لەوانەیە.

کاك مامەند کە ئەوەی گوت شێرکۆ و پیرۆت لە قاقای پێکەنینیان دا و ئەو بۆ خۆشی گەلێك پێ کەنی و لەو پێکەنینەڕا دیار بوو کە کاك مامەند بەکوڕەکەی شانازی دەکا. تاوێك هەرسێك بێدەنگ بوون و لە پاشان شێرکۆ هەڵی دایە و گوتی:

ـ ڕاستت دەوێ کاك مامەند ئیتر مانی ئێمە لەو حەوڵ و حەوشە قەحتە وە دەبێ ڕوو لە وڵاتێکی دیکە بکەین. هەرچەند کە جارێ لەمەڕ بەسەرهاتەکەی ڕووتکران و کوژرانی ڕەئیسی ستاد کەس شك لە پیرۆت ناکا، بەڵام هەموو دەزانن ئاور تێبەردانی گیشە و کوشتنی مینە ئاغا کاری ئێمەیە. تەواوی خەڵکی کانی کیسەڵە دەزانن کە قاتڵی مرۆتی خوشکم، مینە ئاغا بوو و ئەمن قینی ویم لە دڵدا ڕاگرتبوو. جا ئێستا ئەوە هاتووین و پرست پێ دەکەین و دەمانەوێ سەری خۆمان هەڵگرین و بڕۆین و بزانین خوڵا چمان لێ دەکا.

پیرۆتیش بۆ ئەوەی قسەی دڵی خۆی بۆ باوکی دەربڕێ بەدوای شێرکۆدا گوتی:

- بەخولای بابە، بشمکوژی ئیتر حازرنیم بێگار بۆ ماڵە قەرەنی ئاغا بکەم و هەموو ڕۆژێ جنێوی بێ فەزیحەتی ئاغا و کوێخا و گزیر ببیستم. ئیتر تفەنگم هەیە و شاش بەنۆکەری خۆم نازانم. دەمەوێ بە سەربەستی بژیم و لە حاست هیچ کەسێك سەر دانەنوێنم. کاك مامەند بەبیستنی ئەو قسانەی کوڕەکەی چاوی پڕبوو لە ئاو و گوتی:

- ئاخ چ بکەم، کۆڵێکم ماڵ و منداڵ بەرپیشەوە بووە، دەنا ئەمنیش ڕەگەڵتان دەکەوتم و ئەوی دەمی دەتاندی چ حەشرێك بەو ئاغاوەت و ڕەئیس و مەئیسە دەکەم.

پیرۆت بەبیستنی ئەو قسانەی باوکی بزەیێکی هاتێ و گوتی:

- بابە ئیتر پیر بووی، لە ماڵێ دانیشە چت بەو کارانە داوە. ئێستا دەور دەوری ئێمەیە.

کاك مامەند کە ئەوەی بیست زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:

- ڕۆڵە، «شێر کە پیر بوو، چەقەڵ گاڵتەی پێ دەکا». ئێستا تۆ پێتوایە پیر بووم و هیچم لە دەست نایە. وەڵڵا ئێستاش بۆ ئەنگیوەیی هەزاری وەکو تۆ دەسکم لە دوو ناکا و بۆ تەقڵە و ڕمبازی سەدی وەکو تۆ لە گیرفانم دەنێم. نەتبیستووە ڕۆڵە کە دەڵێن: «وشتر بژمرێ، کەولی باری نۆ کەرە!».

پیرۆت سەری داخست و شێرکۆش وێڕای کاك مامەند لە قاقای پێکەنینی دا. لە پاشان کاك مامەند گوتی:

- خولا ئاگادارتان بێ بڕۆن، بەلام لە بیرم مەکەن و جار جار سەرم لێ بدەن.

شێرکۆ و پیرۆت بەشەو لە کانی سەوزە وەدەر کەوتن، بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ دەچن و چ ئامانجێکیان لەبەر چاو گرتووە.

پیرۆت لە پاش ئەوەی کە بەسەرکەوتنەوە لە عۆدەی کوشتنی ڕەئیسی ستادی سەقز و مینە ئاغا هاتبوو، ئیتر بیر و فیکری لەمەڕ دنیا بەتەواوی گۆڕابوو وە هەمیشە شەڕ و ڕێگرتن و پیاوکوشتن و تفەنگی بەخەیاڵدا دەهات و فکری بۆ هیچ شتێکی دیکە نەدەچوو. تەواوی هەوڵ و تەقەللای دەروونی پیرۆت بۆ ئەوە بوو کە بە سەربەستی بژی و ژێردەستی هیچ کەسێك نەبێ، بەڵام نەیدەزانی ڕێگای ژیانێکی بەو جۆرە چلۆنە و بەتەنیا شکی بۆ تفەنگەکەی دەچوو. هەرچی کە شێرکۆ بوو بەچەشنێکی دیکە لە دنیای دەڕوانی و ئەو وەك پیرۆت لە بیری شەڕ و ڕێگری و پیاوکوشتندا نەبوو. شێرکۆ دەیەویست بە سەربەستی و ئازادی بژی، بەڵام نەك لە کێو و شاخان بەخۆی و تفەنگە قوڵەکەیەوە.

هەردووکیان بەڕێگادا دەڕۆن و هەریەکەی بەجۆرێك بیر دەکاتەوە، وەك چلۆن دەڵێن «دڵ ئاگای لە دڵە»، ئەوانیش لە دڵی یەکتری شارەزا بوون. لە ناکاو شێرکۆ دەستی بەقسە کرد و گوتی:

- پیرۆت، وەرە با ئەو شەو خۆمان بگەیەنینە بەردەڕەش و بچینەماڵی میرزا قۆیتاس. قۆیتاس پیاوێکی دنیا دیتووە و لەگەڵ بابم دەستەبرا بووە،

زۆر تێگەیشتووە و پرسی پێ دەکەین و بزانین چیمان پێ دەڵێ.

پیرۆت ڕازی بوو، هەردووك بۆ لای بەردەڕەش وەڕێ کەوتن و نێزیکی پارشێو گەیشتنە جێ و لە حەوشەی میرزا قۆیتاس وەژوور کەوتن. میرزا قۆیتاس کە چاوی بەو دوو لاوە کەوت بەتفەنگەوە هێندێك ترسا، بەڵام سڵاوی بەحورمەتی شێرکۆ، دەستبەجێ هێنایەوە سەرخۆ و زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردن و لە لای ژووروویی دانان. میرزا قۆیتاس لە کاتی منداڵیدا لە حوجرەی فەقێیان وەك سوختە هێندێکی لەلای مەلا خوێندبوو و گەیشتبووە (مریشکە ڕەشە) مەلا ئەو ڕۆژەی گەیشتبووە سوورەتی (عەبەسە وەتەوەللا، ئەن جائەهول ئەعما وەما یودریکە لەعەللەهوو یەززەککا)، بەمیرزا قۆیتاسی گوتبوو: «قۆیتاس، عەبەسە، یانی خوێندن بەسە، وەتەوەللا یانی بوویە مەلا، وەما یودریکە، یانی بوویە گوێرەکە، جا ئێستا بۆ مەلا مریشکە ڕەش گەرەکە...»، زرِدایکی مریشکەڕەشەی بە قۆیتاس نەدابوو، بۆ مام مەلای بەرێ و ئەویش دەستی لە خوێندن هەڵگرتبوو. بەڵام بەو نیسکە خوێندنەیش دەیتوانی سیاییی گۆشت و قەرزدارەکانی بەدووکاندار بنووسێ، جا لەبەرئەوە هەر لە منداڵییەوە خەڵکی دێ نێوی میرزا قۆیتاسیان لەسەر دانابوو. میرزا قۆیتاس لە پاش گەورەبوون بۆ بەرەوژووربردنی سەوادی خۆی شانامەیەکی پێست چەرمی کۆنی فیردەوسیی وەچەنگ خستبوو بەشی زۆری هەڵبەستەکانی لەبەر کردبوو و شەوانە خەڵکی دێی لێ وەکۆ دەبوو وەپڕ بەزاری بۆی دەخوێندنەوە. ئەو خەڵکە نەخوێندەوارە کە چاویان لە دەم و لەوسی میرزا قۆیتاس دەکرد و هیچ لە هەڵبەستەکانی فیردەوسی نەدەگەیشتن دەیانگوت، «پیاوێکی کە کتێبێکی بەو زەلامی و ئەستوورییە بخوێنێتەوە، بێ شك مەلای دوازدە حیلمە...»، میرزا قۆیتاس جارجارێك سەری لە سیاسەتیش دەخورا و لە ساڵەکانی دواییی حوکماتی پەهلەویدا بووبووە (پیاوی دیوان)، بۆ ئاغاکەی بەردەڕەش. ئاغا کە بۆ خۆی نەخوێندەوار بوو و هەر جارەی کاری

دەکەوتە ئیدارەیەکی دەوڵەتی لە شاری میرزا قۆیتاسی دەنارد.

میرزا قۆیتاس لە دەست ئیدارەکانی دەوڵەتی، بەتایبەتی لە دەست ژاندارم و پۆلیس و ئیدارەی سەربازگیری هێندەی عەزاب و کوێرەوەری و چەرمەسەری و نالەباری دیتبوو کە ڕقی دنیای لێ هەڵگرتبوون. ئەو بەچاوی خۆی دیتبووی کە کاربەدەستانی دەوڵەت بە چ جۆرێك سووکایەتییان بە نەتەوەکەی ، زمانەکەی وە داب و ڕێوشوێنی وڵاتەکەی دەکەن، ئەگەر دەستی ڕۆیشتبایە هەر ئەوێ دەمێ ئەوانەی کە سووکایەتییان بەنەتەوەکەی دەکرد لەتوپەت دەکرد وە یا بەقەولی خۆی گوتەنی بە(جەهەنەمی موششەرەت) دەکردن. میرزا قۆیتاس نەتەوەکەی خۆی زۆر خۆش دەویست وە هەر کاتێك (شانامە)ی دەخوێندەوە بەدەعیە و تەشەخوسەوە بە خەڵکەکەی دەگوت: «ئەو پاڵەوانانەی کە، فیردەوسی باسیان دەکا، هەموویان کورد بوون، بەڵام ڕووی زەمانە ڕەش بێ، ئێستا دەوران گۆڕاوە و مشك و شەمشەمە کوێرە سوارن، شێر و پڵینگ پیادە. لە جێی بازان قەل دەقیرێنێ، لە جێی قورینگ کوند دەخوێنێ...».

لە کاتی ڕەزاخاندا هەرچەند پێچ و پشتێند قەدەغە کرابوو، وە هەرکەسێکی بیبەستبا ژاندارمەکان لێیان دەکردەوە و ئاوریان تێ بەردەدا و خاوەنەکەیان جەریمە دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەش میرزا قۆیتاس پێچ و پشتێندی دانەنابوو و بە تەنیا کاتێك کە ئاغا دەینارد بۆ شاری بەدووی کارێك لە نزیك شاری پێچەکەی لە باغەڵی دەناو کڵاوێکی چڵکن و بۆری (پەهلەوی)ی لەسەر دەنا. کاتێك دامودەزگای ڕەزاخان تێك تەپی، میرزا قۆیتاس بەر لە هەموو شتێك ئەو کڵاوەی وەبەر شاپان دا و بە حوزووری خەڵکی دێیەکە ئاوری تێ بەردا.

تێکچوونی حوکماتی پەهلەوی، چەکداربوونی کوردان، سازبوونی (کۆمەڵە)، لە سابڵاغ و وردە وردە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی ڕزگاریخوازی لە کوردستان لە دڵی میرزا قۆیتاس ڕووناکییەکی گەورەی

هێنابووە گۆڕێ و هومێدێکی زۆری بەدواڕۆژ هەبوو. میرزا قۆیتاس چووە سابلاغ و لەوێ بە نهێنی بووبووە ئەندامی (کۆمەڵەی ژ–ك) و لە لایەن کۆمەڵەوە بەسەرۆکی لکی بەردەڕەش و حەولوحەوش، دیاری کرابوو. میرزا قۆیتاس کاتی قسەکردن بۆ ئەوەی کە خوێندەواربوونی خۆی بنوێنێت و بە گوێدێرەکان حاڵی بکات کە پیاوی دیوانە، زۆر بەرێوجێ و تێکەڵ پێکەڵی بەوشەی فارسی و عەرەبی و کوردی دەدوا.

کاتێك کە شێرکۆ و پیرۆتی بەخێرهاتن کرد و داینان لێی پرسین:

ئۆغربێ فەرموون بزانین لە کوێرا تەشریف فەرمابوون و بەو ئەسلەحە و قەد و قەوارەوە تەشریفتان بۆ کوێ دەچێ؟

شێرکۆ کە میرزا قۆیتاسی دەناسی و چەند جارێك هاتوچۆی کردبوو، باوەڕێکی زۆری پێ هەبوو و تەواوی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاوە، هەروەك بۆ باوکی خۆی بگێڕێتەوە. لە پاشان کە تەواو بوو گوتی:

ـ فلانی، حاڵوهەواڵ بەو جۆرەیە و ئێستا هاتووینە ماڵی تۆ پرست پێ بکەین و بزانین چت پێ مەسلەحەتە وابکەین. میرزا قۆیتاس تاوێك چووە نێو فیکر و خەیاڵەوە. ئانیشکی لەسەر ڕانی دانا و بەدەستی بەرچاوی گرت و لە پاشان دەستێکی بەدەم و چاویدا هێنا و گوتی:

ـ دە وەڵڵا ئەمنیش لە ئینسانێکی وەکو ئێوە دەگەڕام و خوڵا ئێوەی گەیاند. بابم ئێوە هیچ ئیسمی کۆمەڵەتان بیستووە؟

پیرۆت هەڵی دایە و گوتی:

ـ بەڵێ، بیستوومە دەڵێن دوژمنی ئاغاوات و ڕەئیس و مەئیسەی حەجەمەکانە و خەڵك دەیانگوت ڕووتکران و کوشتنی ڕەئیسەکەی سەقزیش کاری کۆمەڵەیە.

میرزا قۆیتاس زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:

ـ ئەوەڵەن کۆمەڵە دوژمنی هەموو عەجەمێك نییە، بەتەنیا دوژمنی ئەو

ڕەئیسانەیە کە زوڵم و زۆری لە میللەت دەکەن، کۆمەڵە ڕێگری و ئینسانی بێ خەتا و بێ گوناه کوشتن بەکارێکی زۆر خراپ و قەباحەت حیساب دەکات و وا مەعلوومە هێشتا بەچاکی لە مەعنای کۆمەڵە حاڵی نەبوون. جا گوێتان لێ بێ با بۆتان بەیان کەم.

عەرزی بەخزمەتی ئاغای خۆم بکەم، کۆمەڵە بۆ ئازادی و ئیستقلالی میللەتی کورد تەشکیل بووە، وە ئیدعا دەکا کە دەبێ میللەتی کورد ئیختیاری ماڵی خۆی بدرێتێ، بەزمانی خۆی گفتوگۆ بکا و سەنعەت و ئاوەدانی و فەرهەنگ و سەحیەی کوردستان تەوسیعە پدیدا بکات. کۆمەڵە دەیەوێ حەندرمە و ئاژانی بێگانە بەسەر میللەتی کورددا حاکمییەت نەکا، موقەدەسات و عادەت و ڕەسم و زوبانی کوردەواری تەحتی تەحقیر و جنێو قەرار نەگری.

کۆمەڵە زۆری ئیحتیاج بەجەوانی وەك ئێوە هەیە و ئێوەش کە چارەبڕاو و دەربەدەر بوون لە کۆمەڵە زیاتر پشت و پەناهێکی دیکەتان نییە، وەرن داخلی کۆمەڵە بن، ئەمما ئەوەی بزانن کە هەر کەسێکی داخلی کۆمەڵە بێ، دەبێ بۆ فیداکردنی گیانی خۆی لە ڕێگای ویدا ئامادەبێ.

شێرکۆ کە زۆر بەوردی سەرنجی دابووە وێژراوەکانی میرزا قۆیتاس هەڵی دایە و گوتی:

ـ بەڕاستی ئێمەش نێوی کۆمەڵەمان بیستبوو و زۆرم حەزدەکرد لەمەڕ وی پتر بزانم، زۆر چاك بوو کە ئەتۆ حاڵیت کردم، بەڵام ئاخر ئێمە چلۆن خۆمان بە پیاوەکانی کۆمەڵە بناسێنین چلۆنیان بدۆزینەوە؟ میرزا قۆیتاس خەریك بوو، وەڵامی شێرکۆ بداتەوە کەچی پیرۆت بڕی داوە و گوتی:

ـ کاکە، بەخوڵای ئەمن بەوەی ڕازی نیم. ئێستا دەوران گۆڕاوە وە وڵات بووەتە پشێوێنی و هەر کەس هەر کەس، بەشی زۆری کوردان چەکیان

وەدەست کەوتووە. یەکێك خەریکە تۆڵە لە دوژمنی خۆی دەکاتەوە، ئەوی تریش ئەوا لەسەر ڕێگا لە بن بەرد و لە نێو قوڵگەدا خۆی مات کردووە و دەیەوێ بارووبنەی دەوڵەمەندان ڕووت بکاتەوە. ئێمە چیمان لەوانە کەمترە. تفەنگمان هەیە؟ هەمانە، لە ڕێگابڕین و پیاوکوشتن سەر ڕاستین؟ سەر ڕاستین. میرزا قۆیتاس، هیچ دەزانی ئەو کاتەی کە ڕەئیسەکەمان کوشتووە لەگەڵ کاك شێرکۆ، مینە ئاغامان هەلاواسی، چەند لەزەتم برد! هیچ لەوە خۆشتر هەیە کە لەگەڵ دوژمنت دەست بەیەخە بی و بەسەریدا زاڵ بی و بیفەوتێنی، نا نا، برالە وەرن بە سەربەستی و ئازادی بژین و سەر بۆ هیچ کەس دانەنوێنین.

میرزا قۆیتاس کە چاوی بڕیبووە چاوی پیرۆت و بەوردی گوێی لەو لاوە خوێن گەرمە ڕاگرتبوو بەمەنتقی پەتیی خۆی دەستی بەقسە کرد و پرسی:

- لە ئاغاوەت چەند نەفەریان دوژمنی تۆیە؟

پیرۆت کە لە ئامانجی میرزا نەگەیشت وەڵامی داوە:

- دووکەس، یەکیان ئەوە لە جەهەننەم لینگە فرتەیەتی، ئەوی تریش ماوە.

میرزا قۆیتاس:

- ئەی ئەو هەموو ئاغایە کە خوێنی سەدەها هەزار ڕەعیەت هەڵدەمژن، دوژمنی تۆ نین؟ ئەتۆ حازر نی بۆ ئینتیقام ئەستاندنەوە لە وان کۆمەك بەخەڵکی بکەی؟

میرزا قۆیتاس نەیهێشت پیرۆت وەڵام بداتەوە و بۆ ئەوەی کە پتر حاڵی بکات، دیسان پرسی:

- دەتەوێ بەئەسلحەوە بەئازادی و بێ ئەوەی کەس مانعت بێ بگەڕێی؟

پیرۆت بەبیستنی ئەو پرسیارە وەی زانی کە میرزا قۆیتاس لەگەڵ ئەو هاوبیرە و لە وەڵامدا گوتی:

ـ ئەی من دەڵێم چی؟ خۆ بە حەجەمی قسان ناکەم!

میرزا قۆیتاس دیسان پیرۆتی وەبەر پڵاری پرسیار دا و گوتی:

ـ ئایا دەتەوێ هەمیشە لیباسی کوردی لەبەر بکەی؟ ئایا دەتەوێ خاتمە بەخودسەری و چەپاولی ئەربابان بدەی؟ ئایا دەتەوێ بەئازادی لە ئاوەدانییەکەی خۆت دانیشی؟ ئایا دەتەوێ مەششەقەت و زەحمەت و ئەمەگی خۆت بۆ خۆت بمێنێتەوە و تێروتەسەل بی؟ ئایا دەتەوێ ... میرزا قۆیتاس دەیەویست چەند پرسیارێکی دیکەش بکا، بەڵام پیرۆت قسەکەی بڕی و بەتووڕەیی گوتی:

ـ مام قۆیتاس، وا دیارە بەکەرم دەزانی. ئاخر منیش هەر ئەوەی دەڵێم و بۆیە دەمەوێ بچمە سەر شاخ و چیاکان بەسەربەستی بژیم و سەر بۆ کەس دانەنوێنم.

پیرۆت لە دڵەوە زۆر کەیفخۆش بوو کە بیروباوەڕی میرزا قۆیتاسیش لەگەڵ هی وی یەکێکە. میرزا قۆیتاس لەوەی حاڵی بوو و لە پاش کەمێك بێدەنگە گوتی:

ـ نا ڕۆڵە، مەعنای ئەو گوفتارەی بەندە بەو تەرتیبە نییە کە تۆ لێی حاڵی بووی. ڕێگابڕین و لە کێو و شاخ زیندەگانی کردن عاقیبەتی نییە، ئەتۆ بەتەنیا هیچت پێ ناکرێ. نەتبیستووە کە دەڵێن: «گا بەتەنیا گێرە ناکات» خۆ تۆ بەچاوی خۆت وەقتی ڕووتکردن و کوشتنی ڕەئیسی ستاد برینداربوونی ڕەفیقەکەت دی. فەرزبکەین ئەو ڕەفیقەت مردبایە وە ئەو نەبایە و ئەتۆ بایەی. ئەوی دەمێ هەم بێ ئابڕوو دەبووی هەم خوێنەکەت بەخۆڕایی فەوت دەبوو. لە وەقتی ڕێگری و جەردەییدا ئینسان هەمیشە غالب نابێ، «گۆزە هەموو جارێك بەساغی لە کانی ناگەڕێتەوە» ئەوە مەسەلێکە مەشهوری عالەم.

غەیرەز ئەوە، ئینسان بەڕێگری و جەردەیی هەر دووسێ ئەربابی پێ

دەکوژرێ. ئەی ماباقی چییان لێ بێ؟ نەخێر، عەزیزەکەم ئەو ڕێگایەی کە ئەتۆ لە نەزەرت گرتووە ڕێگایەکی ڕاست و موستەقیم و سەحیح نییە. ڕێگای سەحیح ئەوەیە کە تەنیا بۆ خودی خۆت نا، بەڵکو بۆ تەواوی جەماعەت فەعالییەت بکەی و قازانج و مەنفەعەت بەمیللەت بگەیەنی. ئەوێ دەمێ ئەگەر ئینسان لەو ڕێگایەدا بشکوژرێ شەهیدە و ئینتقامی بۆ دەستێننەوە و نێویشی لە نێو تەئریخدا سەبت دەکرێ.

میرزا قۆیتاس تاوێك مات بوو و لە پاشان گوتی:

- هیچ بیستووتە کە تەواوی ئەربابەکان لە کۆمەڵەی دەترسن؟

- بەڵێ بیستوومە.

- ها... قسە لەسەر ئەو مەتلەبەیە. ئەگەر لە ڕێگر و جەردە، وەیا لە من و لە تۆ تەنیا ئەربابێك بترسێ لە کۆمەڵە هەموو ئەربابە زاڵم و جنایەتکارەکان دەترسن. بە عەلاوە، جەندرمە و ئاژاوەکانیش زەهلەیان لێ دەچێ وە لە ترسی کۆمەڵە کونی مشك بەئاوات دەخوازن.

لەو بەینەدا شێرکۆ کە هەتا ئەو کاتە بێدەنگ بوو پرسیارەکەی هەوەڵی خۆی دووپات کردەوە و پرسی:

- دە باشە، پیاوەکانی ئەو کۆمەڵەیە چلۆن بدۆزینەوە؟

- بەندە یەکێك لەوانم وە ئەوا لە خزمەتتاندا ڕاوەستاوم، وەرن ئەمن کارتتان پێ دەدەم وە دەتانبەمە سابڵاغ.

پیرۆت کە ئەوەی بیست چاوێکی لە شێرکۆ کرد و زۆری پێ سەیر بوو کە میرزا قۆیتاس پیاوی کۆمەڵەیە، پیرۆت پێی وا بوو پیاوی کۆمەڵە ڕەنگ و ڕوخسارێکی تایبەتی هەیە و هیچ لە پیاوی دیکە ناچن. لەبەرئەوە زۆر بە سەیرەوە پرسی:

- کاك میرزا چۆن، مەگەر ئەتۆش کۆمەڵەی، ئەی بۆچی هیچ شوێنێکت پێوە دیار نییە؟

ـ ڕۆڵە، شوێنی کۆمەڵە خۆ لە نێو چەوانی ئینسان نانووسرێ، دەبێ لە نێو قەلبی ئینسان‌دا جێگیر بێ. کۆمەڵەش هەر لە ئینسانی وەکو من و تۆ هاتووەتە گۆڕێ.

ـ دەی باشە، ئەی (کارت) چییە کە پێمان دەدەی؟ نەکا مۆرمان پێوەدەنێی؟

میرزا قۆیتاس لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

ـ نا بەرخم، هیچ مۆر و شتتان پێوە نانێم. کارت لەتکە قاقزێکە کە لە باغەڵی دەنێی وە دەبیتە هاودەم و هاوڕازی تۆ، دەبێتە شەرەف و نامووسی تۆ. ئەتۆ لە نێو میللەتدا بەو لەتکە کاقەزەوە دەناسرێی.

وێژراوەکانی سادە، بەڵام پڕ مانا و وردی میرزا قۆیتاس لە دڵی پیرۆت چەقی. پیرۆت بەدڵخۆشی و شانازییەوە ئامادەبوو هەر لەو حەلەدا وێڕای شێرکۆ و بەدەستی میرزا قۆیتاس ببێتە ئەندامی (کۆمەڵەی ژ – ك) و بەگوێرەی داب حەوت جار بەقورعان سوێندی خوارد کە لە ڕێگای ئامانجی کۆمەڵەدا لە فیداکردنی گیانی خۆی درێغی نەکات.

شێرکۆ و پیرۆت چەند ڕۆژێك بەمیوانی لە ماڵە میرزا قۆیتاس مانەوە لە پاشان خانەخۆ ئەوانی هەڵگرت و لەگەڵ خۆی بردنی بۆ سابڵاغ.

***

ئەو سێ کوردە بەدڵێکی پڕ لە ئاوات و ئارەزووی خۆشی لە (دۆڵی بەسری) وە سەرکەوتن و سابڵاغیان لێ وە دیار کەوت. میرزا قۆیتاس بۆ ئەو دوو لاوە هەم بەڵەدچی بوو، هەم ڕدێنسپی لەبەرئەوە شێرکۆ و پیرۆت هەر چاویان لە دەمی وی بوو کە شتێکی بڵێ و ئەوانیش بیکەن. میرزا قۆیتاس لە بیری هاوڕێکانی گەیشت و گوتی:

–عەرز و بەحوزووری موبارەك بکەم، ئەوا گەیشتینە (مەهاباد). جا وەرن بچینە نێو باغی قازی هێندێك ئیسراحەت بکەین هەتا تاریك دادێ و

بەعدەن دەچینە نێو شاری بۆ ماڵی کاکە سوار و ئێوەی پێ موعەریفی دەکەم. کاکە سوار مەردێکی حیسابییە و عوزوێکی فەعال و مەشهووری کۆمەڵەیە و بەوەسیلەی وی لەگەڵ کۆمیتەی مەرکەزی موناسیبات بەرقەرار دەکەین.

لای ئێوارێ میرزا قۆیتاس بەلای (گەڕاوان)دا شێرکۆ و پیرۆتی بردە نێو شاری و چوونە ماڵی کاکە سوار کە لە گەڕەکی (خڕێ) هەڵکەوتبوو. کاکە سوار لە ماڵێ نەبوو و خێزانی مێوانەکانی بردە ژوورەوە و ڕایگەیاند کە ئێستا مێردەکەشی دێتەوە، مێوانەکان هێشتا نەپرژابوونە سەر ئەوەی کە ئیستیکانێك چا بخۆنەوە کە کاکە سوار وەژوور کەوت و زۆر بەگەرمی میرزا قویتاس و هاوڕێکانی بەخێرهاتن هێنا.

میرزا قۆیتاس بۆ ئەوەی کاکە سوار حاڵی بکا کە هاوڕێکانیشی ئەندامانی کۆمەڵەن و دەتوانێ ڕەپوڕوو قسەیان لەگەڵ بکات گوتی:

– برادەر، ئەو دوو جەوانە کە یێکیان ئیسمی شەریفی شێرکۆیە و ئەوی تر ئیسمی موبارەکی پیرۆتە بوونەتە عوزووی کۆمەڵە وە دەتوانی بەئاشکرایی سوحبەتیان لەگەڵ بکەی و نێوی نهێنیی شێرکۆ (ئازەر) وە نێوی پیرۆتیش(برا)یە.

کاکە سوار بەوەی زۆر دڵخۆش بوو وە بەزەردەخەنەوە گوتی:

- جا میرزا قۆیتاس، ئەتۆ کەسێکی هاوبیر و هاوڕێ نەبێ، بۆ ماڵی ئێمەی ناهێنی. ئەمن هەر بەوەی چاوم پێیان کەوت دەستبەجێ زانیم هاوەڵ و هاوڕێ و هاوبیری ئێمەن و هەستی نیشتمانپەروەری بۆ ئێرەی هێناون، زۆر زۆر بەخێر بێن.

میرزا قۆیتاس سەری قسانی دامەزراند و گوتی:

- ئەو دوو جەوانە چارەیان لێ قەتع بووبوو وە هاتبوونە خانەی بەندەی حەقیر مەسڵەحەت وە تەدبیرم پێ بکەن. ئەمنیش تەسمیمم گرت داخلی کۆمەڵەیان بکەم و بیانهێنمە ئێرە.

میرزا قۆیتاس تەواو بەسەرهاتەکانی پیرۆت و شێرکۆی بۆ کاکە سوار گێڕاوە و گوتی:

ـ ئەوانە ئیتر ناتوانن لە دێیەکانی خۆیان زیندەگانی بکەن وەحەتمەن ئێستا جەندرمە و ئاغاکان وەك چاوێشەدار لەوان دەگەڕێن کە بیانگرن و تەنبێیان بکەن. بەناشوکری نەبێ لە ئەترافی سەقز هەنوز جەندرمەکان دەستیان دەڕوا وە لە تەواوی ئومووراتی کوردانیدا دەخاڵەت دەکەن. ئومێدەوارم ئێوە لێرە بتوانن ئەوانە محافەزە بکەن وە بدوونی شەك و شوبهە هەردووکیان دەستووراتی ئێوە بەچاکی ئەنجام دەدەن وە ناهێڵن مامە قۆیتاسیان روسیاهـ بێت.

کاتێك کە کۆمەڵە لە هەموو لایەکەوە دەستی بەتێکۆشینی نهێنی کردبوو پێداویستییەکی زۆری بەلاوانی کۆڵنەدەر و تێکۆشەر و بە کار هەبوو. ئەندامانی دەستەی سەرکردەیی کۆمەڵە تاقتاق بۆ مەڵبەندەکانی جیاوازجیاوازی کوردستان وەڕێ دەکەوتن کە لکی کۆمەڵە دابمەزرێنن وە پتر خەڵك بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. لە بەشی زۆری کوردستان هێشتا ژاندارم و ئاژانەکان وە لە چەند جێگایەك بەشە هۆردووەکان و هەروەها خاوەن موڵکە زۆردار و نیشتمانفرۆشەکان دەستیان دەڕۆیشت و بەتەواوی هێزی خۆیانەوە لە ڕێگای سازبوونی کۆمەڵەدا کۆسپ و بەرهەڵستیان پێك دەهێنا. هەر لادێییەکی لە حاست زوڵم و زۆری لەتامدەرچووی خاوەن موڵك وستەی لێوە هاتبایە بەبێ قسە نێوی کۆمەڵەیان لەسەر دادەنا و دەیانگرت. تەنانەت ئاغایەك لە محاڵی (شار وێران) گوێی کرمانجێکی بڕیبوو لەسەر ئەوەی کە بەلادێیەکانی دیکەی گوتبوو وەرن بچین تێکەڵاوی کۆمەڵە بین.

گۆڤاری (نیشتمان) کە بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی کۆمەڵە بوو، تازە دەرچوو بوو، بڵاوکردنەوەی ئەوەش بەتەواوی مەڵبەندەکانی کوردستاندا، ئەرکێکی زۆر گران و چەوت و نالەبار بوو لەسەر شانی ئەندامانی دەستەی سەرکردەیی.

دانیشتووانی کوردستان، بەتایبەتی لادێییەکان بەباوەشێکی ئاواڵەوە بەرەوپیری نوێنەرانی کۆمەڵە دەهاتن وە لە دڵەوە ئەندامەتیی وییان قبووڵ دەکرد و ئەوەندی بۆیان هەڵکەوتبایە بەنێوی حەقی ئەندامەتی و یارمەتی دراویان دەدا بەسندووقی کۆمەڵە.

دەرکەوتنی هەوەڵین ژمارەی گۆواری نیشتمان وەك تۆپ لە تەواوی کوردستان دەنگی داوە وە هەر کەسێکی کەچە سەوادێکی ببایە چ خاوەن موڵك و تاجر و کەسەبە بێ چ مەلا و فەقێ و میرزا و هیدی کە لە هەموو لایەکەوە هەوڵی دەدا ژمارەیەکی «نیشتمان» وەدەست بهێنێ و بیخوێنێتەوە. (نیشتمان)دەستاودەست دەگەڕا. ئەو هەڵبەستانەی کە لە وێدا چاپ دەکران، بەتایبەتی (دەمەتەقەی بایز و بایر) کە بەشێوەیەکی پەتی و خۆماڵی دەردی دەروونی وەدی دەدا و ئاغاوەت و سەرۆك عەشیرەتە نیشتمانفرۆشەکانی وەبەر پلاری ڕەخنە و لۆمە دەگرت تەنانەت لە لایەن نەخوێندەوارەکانیشەوە لەبەر دەکران وە لە هەموو جێگایەك باس باسی بایز و باپیر بوو.

کۆمیتەی سەرکردەییی کۆمەڵە لە بەرامبەر داخواز و هەستی دانیشتووانی کوردستاندا، نەدەپەرژا سەر ئەوەی کە گۆواری (نیشتمان) بەهەموو جێگایەك بگەینێت لەبەرئەوە زۆری پێداویست بەلاوانی لەخۆ بوردوو و تێکۆشەر و کۆڵنەدەر هەبوو کە بەهۆی وان لەگەڵ تەواوی تەشکیلاتەکانی پێوەند ڕابگرێ و گۆڤاری (نیشتمان) بەنێو کورداندا بڵاو بکاتەوە.

کاکە سوار بەدیتنی ئەو لاوانە گەلێك کەیفخۆش بوو وە لە دڵیدا دەیگوت: «ئەوانە بۆ ئێمە زۆر پێویستن و دەتوانن کارێکی زۆرمان بۆ بکەن...» کاکە سوار ڕووی کردە میرزا قۆیتاس و گوتی:

–سبەی شەوێ (ئازەر) و (برا) هەڵدەگرین دەچینە لای (کاك بینایی)

هـاوالّەكانی دیكەش لەویّ دەبن و هەرچی ئەوان بیلّەن وا دەكەین و لام وایە زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنیان دەكەن.

جێگای كۆمیتەی سەركردەیی كۆمەڵە لە چەند وەتاغێكی پیاوێكی هەرە دەوڵەمەندی سابلاغ هەڵكەوتبوو. ئەو پیاوە دەوڵەمەندە لە زەمانی ڕەزاخاندا زۆری چەرمەسەری دیتبوو وە بەتەنها لە پاش تێكچوونی ڕێوشوێنی دیكتاتۆری توانیبووی هەناسەیەكی بەرەحەت بكێشێت. ئەو لە دڵەوە پیاوێكی نیشتمانپەروەر و كورد خۆشەویست بوو و بەنهێنی یارمەتییەكی زۆری بەكۆمەڵە دەكرد، بەڵام كەس شكی بۆ نەدەچوو كە ئەو نیشتمانپەروەر بێ و هەر لەبەرئەوەش كۆمیتەی سەركردەیی خانووەكەی وییان بۆ ناوەندی تێكۆشینی خۆیان هەڵبژاردبوو كە لە بەرچاوی دوژمنان دوور بێت. ئەو خانووە لە چەند لاوە دەروازەی هەبوو و تەواوی ئەندامەكانیش بەجێگای وییان نەدەزانی، تەنانەت بەشی زۆری ئەندامەكانی یەكتریان نەدەناسی و هەریەك لە ئەندامەكانی كۆمیتەی سەركردەیی لەگەڵ چەند ئەندامێك پێوەندیی هەبوو.

بۆ سبەی شەویّ كاكە سوار هاواڵەكانی هەڵگرت و ڕۆیشتن وە كاتێك گەیشتنە كۆڵانێك گوتی:

ـ ئێوە لێرە چاوەڕیّ بن ئێستا دێمەوە.

هێندەی پیّ نەچوو كاكە سوار گەڕاوە و هاواڵەكانی بەدوی خۆیدا برد و لە دەرگایەك نزیك بووەوە و چوار تەقەی لیّ هێنا و دەرگاكە كراوە. بەژێرخانێكی تاریكدا ڕۆیشتن وە لە پاشان چەند پلێكانێك وەسەركەوتن و چوونە ژوورێكەوە. ژوورەكە چرایەكی فتیلەی لیّ داییسا و كەسی لیّ نەبوو، لە نێوەڕاستیدا چەند كورسی لیّ دانرابوو. لە قونیچكێكی ژوورەكە پەردەیەك بەتاقەوە هەڵاواسرابوو و بەر لە هەموو شتێك ئەو پەردەیە نەزەری شێركۆ و پیرۆتی بۆ لای خۆی ڕاكێشا. ئەوان بەوردی تەماشای پەردەكەیان دەكرد كە لە ناكاو لە پشتەوە یەكێك وە ژوور كەوت و گوتی:

- شەوباش!

کاکە سوار و میرزا قۆیتاس دەستبەجێ هەڵستان و شێرکۆ و پیرۆتیش لە جێی خۆیان قیت بوونەوە و لە چەشنی ڕاوەستانی کاکە سوار و میرزاڕا زانییان کە ئەو پیاوە پیاوێکی گەورەیە و ڕەنگە ئەو (کاك بینایی)یەی کە، لە ماڵێ کاکە سوار باسی دەکرد ئەوە بێ.

هێشتا هەموو بەپێوە ڕاوەستا بوون کە کاکە سوار هەڵی دایە و گوتی:

- قوربان، ئەو دوو لاوەی عەرزم دەکردی ئەوانەن هاتوونە خزمەتت.

(کاك بینایی) پیاوێکی کەڵەگەت و چوارشانە و بەخۆوە بوو، تەمەنی لە ٤٠ – ٤٥ دەدا و ڕدێنێکی ڕەنگ کارەبایی تەنکی هێشتبووەوە، دایما زەردەخەنە لە لێویەوە دیار بوو وە ئەوە هێندەی دیکەش سەحەتی سووك کردبوو. جلوبەرگێکی سادەی مەلایانەی لەبەردا بوو وە هەر کەسێکی نابەڵەد و نەناسیاو دیتبایەی دەیگوت ئەوە فەقێی هەژاری مزگەوتی ڕۆستەم بەگە. (کاك بینایی) ڕووی کردە لاوەکان و پرسی:

- ڕۆڵە نێوتان چییە؟

- قوربان شێرکۆ وە پیرۆت.

(کاك بینایی) کە ئەو نێوانەی بیست بەنابەدڵییەوە تەماشایەکی کاکە سوار و میرزا قۆیتاسی کرد وە ئەوان لە چاوی ویدا خوێندیانەوە کە دەڵێ: «تەڕو فێر کردوون، هەر دەڵێی نێوی نهێنیتان لێ نەناون...»

میرزا قۆیتاس کە زانی (کاك بینایی) بەوەی قەڵس بوو، هەڵی دایە و گوتی:

- قوربان ببەخشە، ئیسمی هۆوەیان (ئازەر) و هی ئەوەشیان (برا)یە، ئەمن فەرامۆشم کرد کە حاڵییان بکەم لەمەو بەدوا نێوە تازەکانیان بڵێن.

شێرکۆ وە بەتایبەتی پیرۆت ئەو قسانەیان پێ سەیر بوو وە هیچ ڕانەهاتبوون کە بەنێوێکی دیکە یەکتر بانگ بکەن.

کاك بینایی فکری دڵی ئەو لاوانەی خوێندەوە  و دەستی بەقسە کرد و گوتی:

- ڕۆڵەکانم، ڕووی دنیا ڕەش بێ، ڕۆڵەی کوردان بۆ ئەوەی خۆیان لە چەنگ دوژمن بپارێزن جارێ دەبێ نێوی ئەسڵیی خۆیان فڕێ دەن و نێوی دیکە لە خۆیان بنێن. بەوەی دڵتان تەنگ مەکەن و ئەوەی بزانن هەتاوەکونێ تەشکیلاتەکەی خۆمان بەتەواوی وەڕوو نەخەین نێوی ئێوە ئازەر و برایە، وەهەر بەو نێوانەی یەکتر بانگ بکەن تاوەکونێ خووی پێ بگرن. دەی کاك ئازەر کاك برا! بڵێن بزانم سەرۆکی ستادی سەقز و مینە ئاغاکەی کانی کیسەڵەتان چلۆن کوشت. ئەو کارەی ئێوە لە تەواوی کوردستان دەنگی داوەتەوە. زورناچییەکانی تاران پاش کوژرانی خۆچەندی دەیانگوت ئەوە کاری کۆمەڵەیە، بەلام لە پاش کوژرانی مینە ئاغا وە ونبوونی ئێوە ئیتر دەستیان لە کۆڵ کۆمەڵە کردووەتەوە و ئێستا نێو هەر نێوی پیرۆت و شێرکۆیە. لەو ڕۆژانەی دواییدا لە حەولوحەوشی سەقز چەند کاروان ڕووت کراوە و چەند ژاندارمێکیشیان کوشتووە و تەواوی ئەوانەشیان بەئەستۆی ئێوەدا بڕیوە. برام ئێستا ئێوە بوونەتە قارەمانی ڕۆژ و لە هەموو لایەکەوە لێتان دەگەڕێن.

شێرکۆ و پیرۆت کە ئەوەیان بیست پەشۆکان و تەماشایەکی یەکتریان کرد و لە دڵەوە دەیانگوت: «ئەوە چ زوو پێی زانی...».

شێرکۆ خەریك بوو وەڵامی پرسیارەکەی کاك بینایی بداتەوە کە میرزا قۆیتاس هەڵی دایە و گوتی:

– قوربان، کاك برا بەهیچ وەجهێك حازر نەدەبوو لەگەڵمان کەوێ و هەر دەیەویست بچێ ڕاهزەنی و غارەت و چەپاول بکا، ئەمما بەندە حاڵیم کرد کە ئەو کارانە فایدەی نییە.

کاك بینایی هەڵستا سەر پێ و بەدەستی پەردەکەی کە بەسەر تاقەوە

هەڵاواسرابوو وەلابرد و چلۆن مامۆستا دەرس بەقوتابیان دەڵێ هەر بەو چەشنە رووی کردە شێرکۆ و پیرۆت و زۆر بەژماردە و لەسەرەخۆ و ئەسپایی گوتی:

ـ ئەو نەخشەیەی کە دەیبینن بێرەدا هەڵاواسراوە نەخشەی کوردستانە، یانی نیشتمانی کوردە کە ئێستا بەچوار لەت بەش کراوە و لە ژێر حوکماتی بێگانەدایە. چەرخی بیستەم کە چەرخی رزگاری و سەربەخۆیی وەدەستهێنانی گەلانی جیهانە ئەرکێکی زۆر گەورەی لە بەرامبەر نەسلی ئەورۆکەی نەتەوەی کورددا داناوە. ئەورۆکە نەتەوەی کورد لە هەموو نەتەوەیەکی دنیا لێقەوماوتر و پاشکەوتووتر و بەشخوراوترە، بەڵام وێرای ئەوە هەست و بیری رزگاریخوازی و سەربەستی وەدەستهێنان زۆر بەتوندی لە نێو نەتەوەکەی ئێمەدا رەگئاژوو بووە. هەر کوردێکی بیدوێنی دڵی پڕە لە قین و غەزەب لە بەرامبەر داگیرکەراندا، خۆ بەکاری و ئازایەتی و نەترسی و لەیاقەت و مشووریش نیعمەتێکی خودادادەیە کە لە رەگی کوردانەوە سەرچاوە دەگرێ وە لە شیری دایکمانەوە هەڵدەوەرێ. جا کۆمەڵەی ئێمە بۆیە ساز بووە کە هەست و بیری رزگاریخوازی لەگەڵ خاسیەتەکانی تایبەتی کوردان کە باسم کردن، تێکەڵاو بکات وە بەتاقە رێگایەکدا بەرەوپێشی بەرێ بۆ رزگاری کورد و کوردستان لە چەنگ داگیرکەران، جا ئەوەش هەر بەقسە و خۆهەڵکێشان و بەخۆدا فشین نابێت. زۆر کەس پێیان وایە کە هەر بەگوتنی ئەمن کوردم و تفەنگم هەیە و کوردایەتی دەکەم دەبێتە تێکۆشەر و شۆڕشگێڕی ئازادی و سەربەخۆیی. تێکۆشەر و شۆڕشگێڕی ئازادیی گەل سەربەرزی و ئیفتیخارێکی زۆر گەورەی ئینسانە و بۆ گەیشتن بەو سەربەرزییە دەبێ قوتابخانەی تێکۆشەری و شۆڕشگێری ببینی و بتوانی لە بۆتەی بەرجەوەند و تاقیکرانەوە بێیە دەرێ. شۆڕشگێڕ بەو کەسەی دەڵێن کە تەواوی ژیانی خۆی خستبێتە پێناوی خزمەتکردن بەبەختەوەری و سەعادەتی گەلەکەی، بەو کەسەی دەڵێن کە لە هیچ هەوراز

و نشێوێکی ژیانی هەڵنەنگوتیٚ، بەهەڵە نەچیٚ، خۆی لە خەڵك بەجیاواز دانەنیٚ، بەخەڵك پشت ئەستوور بیٚ، دوارِۆژ بەچاکی و باشی و رِووناکی هەست بکا، دۆست و دوژمن لێك جیاکاتەوە، کاتی پێویست بەرەوپێش برِوا و ئەگەر پاشەکشەش پێویست بوو دەست و پێی لیٚ ون نەبیٚ و رِوحیە و گیان لەبەری بیٚ هێز نەکا و هومێدی نەبرِیٚ و هێزی نویٚ بۆ بەرەو پێشچوون کۆ کاتەوە. بەکورتی شۆرِشگێرِ دەبیٚ بەرنامە و ئامال و هەڵوێستێکی ئاشکرا و رِووناکی هەبێت. بۆ دابینکردنی تەواوی ئەو پێداویستییانەی شۆرِشگێرِ، دەبیٚ قوتابخانەی شۆرِشگێرِی دابمەزرێت کە ئەوەش برایەتییە لە حیزبی پێشکەوتوو. کۆمەڵەی ئێمە لەو رِێگایەدا تیٚ دەکۆشیٚ.

ئێستا کە ئێوەش هاتوون و تێکەڵاو بوون دەبیٚ بەر لە هەموو شتێك لە دڵەوە ببنە شۆرِشگێرِی ئەو رِێگایە و دەبیٚ وردە وردە لە مێژوو هەڵکەوتوایەتی نەتەوە و نیشتمانەکەتان و رِێگای بەرەو پێشچوونی شۆرِشەکەی شارەزابن.

لەو دەمەدا لاوێکی خوێنشیرین و سەحەتسووك و چاوکاڵ و سمێڵرِەش وەژوور کەوت. چاوەکانی وەك ئەستێرە دەدرەوشاوە، زەردەخەنەیەکی پرِ لە باس و خەبەری خۆش بەسەر لێویەوە بوو. زەردەخەنەکەی هێندە جوان و جۆر بوو کە هەر دەتگوت تەواوی ئەعزای بەدەنی پیٚ دەکەنیٚ و مزگێنی لە سەرکەوتنێکی گەورە دەدات کاك بینایی لە پێشدا و ئەوانی تریش بەدوای ویدا لە بەری هەڵستان. کاك بینایی رِووی تیٚ کرد و گوتی:

ـ کاك هێمن خێرە شوکر، وا بەدەم پێکەنینەوە هاتووی؟ دەڵێی قسە و باسێکی خۆشت پێیە، دە بۆمان بگێرِەوە بزانین.

ئەو لاوە، هۆنەری تازە پێگەیشتوو، بەڵام مەشوور و بەناوبانگی کوردستان، محەمەد ئەمینی شەیخولئیسلامی بوو کە لە پاش ئەوەی بوو بە ئەندامی کۆمەڵە نێوی (هێمن)یان پیٚ دابوو. کاك بینایی بەرێزی و خۆشەویستییەکی تایبەتی دەرحەق بە هێمن هەبوو، سەربەرزی و

شانازییی پێوە دەکرد وە ڕای سپارد کە هەموو شیعرە جوانەکانی پڕ مانا و باش و جوانی هێمن لەبەر کەن و بیکەنە پرۆگرامی تێکۆشینی خۆیان. هێمن هەر لە پلەی یەکەمی تێکۆشینی خۆیدا وەك شاعیرێکی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی بیروباوەڕی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو، چونکە هەڵبەستەکانی لە ڕاستەقینەدا بووبوونە ئاوێنەی دڵی کۆمەڵانی گەل و دەربڕی بیر و ئاواتیان. هێمن هەر لە ژووری یەکەمی تێکۆشینی هونەریی خۆیەوە بۆ خاوێنکردنەوە و پەرەپێدانی زمانی زگماکی کوردی قۆڵی هەڵماڵی، هەڵبەستەکانی بەزمانێکی ساکار دەهۆندەوە و بەزمانی گەل دەدوا. جا کاك بینایی پێی ئەسپاردبوو کە بۆ گەلێك وشەی فارسی و عەرەبی کە لە ڕێڕەوی خەباتی سیاسیدا بەکاردەهێنرێن وشەی کوردی پەتی بدۆزنەوە و لە کاری بینین. هێمن بەسەرۆکی کۆمیسۆنێك کە بۆ ئەو کارە دیاری کرابوو داندرابوو.

هێمن لە وەڵامی کاك بیناییدا گوتی:

- قوربان، وەڵڵاهی قسەیەکی هێندە خۆشم پێیە کە ئەگەر بۆت بگێڕمەوە ڕەنگە باوەڕم پێ نەکەی. ئەوە دوو ڕۆژ بوو ژمارەیەك لە برادەرانی خوێندەوار و هونەرمەند و پسپۆڕ و زمانناسم وەکۆ کردبوو کە بزانین لە زمانی کوردیدا لە جیاتی وشەی سەرباز و نیزامی و عەسکەر و موجاهید و فیدایی چ وشەیەك لە کار بێنین. زۆرمان قسەوباس لەسەر کرد، کێشە و هەرایەکی گەورە پەیدا بوو، بەڵام نەتیجە وەگیر نەکەوت، هەموو ماندوو و شەکەت بووین و داوای چامان کرد. پیرەپیاوێکی دنیا دیتوو چای بۆ هێناین و بەپێکەنینەوە گوتی:

- با نەخوێندەواریش بم، خۆ کافر نابم بڵێم کێشەی مامۆستاکان لەسەر چییە؟

لە وەڵامدا پێمان گوت کە بەپێچەوانە، ڕەنگە بتوانی یارمەتیشمان بدەی. جا بڵێ بزانین لە باتی سەرباز لە کوردیدا چت پێ شك دێ؟

پیرە دیسان پیّ کەنی و گوتی:

- بیّ بەلاّ بن، بۆ هێندە خۆتان ماندوو دەکەن. مەگەر نەتانبیستووە لە ڕابردوودا لە نێو کوردەواری بەپیاوی لە خۆ بووردویان دەگوت (پێشمەرگە).

جا ئەوە هاتوومەتە خزمەتت ئەو خەبەرەت پیّ بدەم، چونکە دەزانم خەبەری وات زۆر پیّ خۆشە. کاك بینایی ئەو وشەیەی زۆر بەدڵ بوو. لە خۆشییان چاوی پڕ بوو لە ئاو و لە وەلاّمی هێمندا گوتی:

- بیّ بەشی و زوڵم و زۆرداریی لەحەد بەدەر، هەموو کوردێکی خاوەن شەرەفی کردووەتە نیشتمانپەروەر و ئەو هەستە نیشتیمانپەروەرییە پشتیوانێکی بەهێز و دانەنوواوە بۆ وەدەسهێنانی ئازادی و سەربەخۆییی گەلەکەمان. جا بزانە ئەو پیرە نەخوێندەوارە تا چ ڕادەیەك خاوەنی هەستی نیشتمانپەروەرییە کە ئەو وشە جوان و پڕ مانایەی لەسەر قامووسی زمانی نەتەوەکەمان زیاد کردووە. بەڕاستی پیاو کە ئەو وشەیە دەبیستیّ خۆ بەخۆ کوردێکی کۆڵنەدەر و ئازا و بەکار و نەترس و کارچاکی دێتە پێش چاو و هەویا و هومێدی پتر و قایمتر دەبێت. بەهەویام ئەو دوولاوەش کە هاتوونە لامان وێچوویایەتیی ئەوەیان هەبێت کە پێیان بڵێن (پێشمەرگە).

شێرکۆ و پیرۆت کە، بەوردی گوێیان لەو قسانە ڕاگرتبوو هەر تەقەیان لەسەری دەهات. پیرۆت وەی دەزانی کە لە خەوندا ئەو قسانەی پیّ دەڵێن. ئەو قەت ئەوانەی نەبیستبوو و لە زۆر قسەی کاك بینایی نەدەگەیشت چونکە کاك بینایی بەکوردییەکی پەتی و خاوێن دەدوا. کاك بینایی چەند باسێکی دیکەشی بۆ کردن و لە پاشان گوتی:

- با ئەوڕۆ بەس بیّ، کاکە سوار! ئازەر و برا بەتۆ دەسپێرم و بەڕۆژ با بوخلێنەوە و ماندوویان بحەسێتەوە، شەوانەش بیانهێنە ئێرە بۆ سکالاّ. با دە پازدە ڕۆژێك هەروا ڕای بوێرن و هەندێك شارەزا بن لە سیاسەت و

چلۆنایەتیی نیشتیمانەکەیان و لە پاشان تاقییان دەکەینەوە. ئیتر نێزیك بەپارشێو هەر چواریان وەدەرکەوتن و بۆ ماڵێ گەڕانەوە. لە ڕێگا پیرۆت ڕووی لە شێرکۆ کرد و گوتی:

ـ ئەرێ کاك شێرکۆ لەو قسانە شتێك حاڵی بووی؟

میرزا قۆیتاس نەیهێشت شێرکۆ وەلام بداتەوە گوتی:

ـ کاك برا ئەوە نەشود، قەرارمان چ بوو، مەگەر نازانی ئیسمی شەریفی ئەو ئاقایە ئازەرە.

پیرۆت هێندێك سوور هەڵگەڕا و دەنگی نەکرد. شێرکۆ و پیرۆت چەند ڕۆژێك هەر بەو جۆرە ڕایان بوارد. بەڕۆژ لە نێو شاریدا دەخولانەوە و دەچوونە بازاڕ و قاوە خانە، شەوانەش لەگەڵ کاکە سوار دەچوونە کۆمەڵە و کاك بینایی لەمەڕ کورد و کوردستان قسەی بۆ دەکردن.

ڕۆژێکی لە قاوەخانەی سەر چۆمی سوور دانیشتبوون و تەماشایان کرد هەموو باسی ئەوە دەکەن کە چەند سەرۆك عەشیرەتێکی نیشتمانفرۆش لەشکری خۆیان لە دەوری سابلاغ وەخڕ کردووە وە دەیانەوێ بەشەو پەلامار بهێننە سەر شاری و تالانی بکەن وە قازیش پیاوی وەنێو شار خستووە کە هەر کەسێکی پیاوە ئێوارێ تفەنگ و دەمانچە و خەنجەر هەڵگری وە لە هەر چوار لای شاری کێشك بکێشی و بەهیچ چەشنێك نەهێڵن سوارەی عەشیرەتە نیشتمانفرۆشەکان بێنە نێو شارییەوە. شێرکۆ و پیرۆت دەستبەجێ بۆ ماڵی کاکە سوار گەڕانەوە ئەوەی بیستبوویان بۆ خانەخۆیان گێڕاوە، پیرۆت گوتی:

ـ ئەرێ کاکە سوار، ئەو قازییە کێیە کە خەڵك وا بەحورمەتەوە باسی دەکەن و بەدوویدا دەڕۆن؟

ـ کاك برا، قازی سابلاغێیە و لە بنەماڵێکی زۆر ماقووڵ و نێو بەدەرەوە و خزمەتگوزاری کوردەوارییە و چەند سەد ساڵە خزمەتی ئەو نەتەوەیە

دەکەن و لەم ڕێگایەدا فیداکارییەکی زۆریان کردووە و قوربانییان داوە. لەو پەشێوێنی و گیروگرفتەی ئێستادا خەڵکی سابلاغ قازییان بەگەورەی خۆیان هەڵبژاردووە، باوەڕ و ئیمانیان پێ هەیە و لە قسەی دەرناچن. قازی شەو و ڕۆژ، بە بێوچان بۆ دابینکردنی هێمنایەتی و ئاسایش و ژیانی خۆشی خەڵك تێ دەکۆشێ، حەول و تەقەڵلا دەدا و ڕێگای باشیان پێ نیشان دەدا. تەنانەت شەوانەش حەسانەوەی نازانێ، بەنێو شاردا دەگەڕێ و لەگەڵ لاوانی لەخۆبوردووی تر کێشکی خەڵکی شار دەکێشێ کە نەوەکو دوژمنان خەوی شیرینیان لێ حەرام کەن.

لە پاشان کاکە سوار گوتی:

- چابوو وەبیرم کەوتەوە: کاك بینایی ڕای ئەسپاردووە، ئەوڕۆ هێندێك زووتر بچینە لای و گوتوویەتی تفەنگەکانیش هەڵگرین.

ئێوارێ کە تاریك داهات هەر سێکیان تفەنگ و فیشەکەکانیان هەڵگرت و چوونە کۆمەڵە و کە گەیشتنە ژوورەکە تەماشایان کرد «کاك بینایی» ڕانکوچۆغەیێکی بۆری لەبەر کردووە، دەمانچەیەکی ناگانی بەڕووتی لەبەر پشتێندەکەی چەقاندووە و چاوەڕێی ئەوانە. هەر کە چاوی بەوان کەوت گوتی:

کاکە سوار، ئەتۆ بچۆ لای پیاوەکانی گەڕەکی خۆتان و ئەمن «ئازەر» و برا لەگەڵ خۆم دەبەم.

کاك بینایی هەردووك لاوی هەڵگرت و وەنێو شار کەوت وە هەر لە کۆڵانێکرا بۆ کۆڵانێك، لە گەڕەکێکرا بۆ گەڕەکێك دەچوو. هێندە گورجوگۆڵ و پتەو و سووکڕەوت بوو کە شێرکۆ و پیرۆت بەو لاوێنییەی نەیدەگەیشتنێ و تووشی هەناسەبڕکێ بووبوون. کاك بینایی کە دیتی هاوڕێکانی ماندوو بوون لەسەر سەکۆیەك ڕاوەستا و گوتی:

دەی، هێندێك با ماندوومان بحەسێنینەوە، لە پاشان دەچینە قەراغ

شاریٚ. لەو دەمەدا کە هەڵتروشکابوون پیرۆت هەڵی دایە و گوتی:

ـ وەڵڵا کاك بینایی ئەگەر تەواوی خەڵکی شاری وەکو تۆ بەقسەی قازی وا بخولێنەوە و وریابن و کێشك بکێشن نەك هەر لەشکری عەشیرەتەکان، لەشکری هیچ دەوڵەتێك ناتوانیٚ پەلامار بۆ سەر سابلاغ بهێنیٚ. ئەتۆ کە وای داخولا قازی چلۆن بیٚ؟

کاك بینایی بەبیستنی ئەو قسانە زەردەخەنەیەکی هاتیٚ و هیچ دەنگی نەکرد، لە پاشان پیرۆت سەر لەنویٚ گوتی:

ئەریٚ ماڵی قازی لە چ حاستە و چلۆن پیاوێکە و داخولا لەگەڵ کۆمەڵەی ئێمە نێوانی چۆنە؟

کاك بینایی وەڵامی دایەوە:

ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵە نێوانی خراپ ببایە ئێمە بەقسەی وی کێشکی شاریمان نەدەدا وە دەچووین لە نێو لێفە و دۆشەکی نەرمدا لیٚ دەنووستین.

پیرۆت دیسان پرسی:

ـ ئەریٚ کاك بینایی، قازی ئەندامی کۆمەڵەیە یا نا؟

کاك بینایی وا دیار بوو لەو هەموو پرسیارەی پیرۆت خۆشی نایە و لەبەرئەوە گوتی:

ـ ڕۆڵە، هیچ کاتێك حەول مەدە هەموو شتێك دەستبەجیٚ بزانی، دەنا ئەگەر وابیٚ تووکی سەرت هەمووی سپی دەبیٚ وە زوو پیر دەبی.

لە پاشان کاك بینایی دەسرەیەکی پێچراوەی لە باغەڵی چۆغەکەی دەرهێنا و گوتی:

ـ ئازەر، برا! ڕەنگە برسی بووبن، هێندێکم نان و پەنیر و پیوازی تەڕم پێیە وەرن با بیخۆین و لە پاشان هەڵدەستین دەچینە قەراغ شاری وە سەرێك لە کێشکچییەکانی ئەویٚ دەدەین. چەند شەوێك هەتا بەری بەیانی کاك بینایی

لەگەڵ ئەو دوو لاوە بەنێو شار و قەراغەکانیدا دەخولانەوە و هەر شەوەی کاک بینایی ڕانکوچۆغەیەکی دیکەی لەبەر دەکرد و بەجۆرێك دیمەنی خۆی دەگۆڕی کە تەنانەت ئەگەر شێرکۆ و پیرۆت لە ناکاو تووشی هاتبایەن نەیاندەناسییەوە. خەڵکی قارەمانی سابلاغ بەورد و درشتەوە و بەوریاییەکی تایبەتییەوە کێشکی شاری خۆیان دەکێشا و نەهایەت سەرۆك عەشیرەتە نیشتمانفرۆشەکان کە ئەوەیان هەست کرد مەجبوور بوون بەرەودووا بکشێنەوە و رەخۆیان ڕانەدی پەلامار بۆ سەر سابلاغ بەرن. شێرکۆ و پیرۆت بەچەشنێك گیرۆدەی سکالا و هەڵستان و ڕونیشتن و ڕێوشوێنی کاك بینایی بووبوون کە هەر دەتگوت لە منداڵییەوە لەگەڵی ناسیاون. کاك بینایی نەك هەر وەك مامۆستا، بەڵکو وەك هاوەڵێکی هەرە نێزیك و سادە لەگەڵ وان دەدا و لە کاتی هەڵستان و ڕونیشتن و چوون و هاتن قەت، خۆی لە ژووری ئەوانەوە دانەدەنا هەر چەندە بەتەمەن ١٠ – ١٥ ساڵ لەوان گەورەتر بوو، بەڵام خۆی وەك دەستەبرایەکی هاوڕاز بەڕێوە دەبرد و هەموو چەشنە جەفەنگ و گاڵتەیەکی لەگەڵ دەکردن. شێرکۆ و پیرۆتیش ئیتر لە ڕاست وی وەك جاران شەرمێون نەبوون و ڕەپوڕوو لەگەڵی دەدوان و جەفەنگیان لەگەڵ لێ دەدا.

ڕۆژێك شێرکۆ و پیرۆت لە قاوەخانە دانیشتبوون کە بیستیان دەڵێن ئەورۆ لە (چوارچرا) خەڵك وەکۆدەبن و قازی قسەیان بۆ دەکا. ئەوانیش بەئاواتی دیتنی قازی و گوێ ڕاگرتن لە وتارەکانی وی بەپەلە خۆیان گەیاندە چوارچرا و لە نێزیك ئەو جێگایەی کە، کورسییەکی بەرزی لێ داندرابوو ڕاوەستان. دەستە دەستە خەڵك لە مەیدان وەکۆدەبوون. لە ماوەی سەعاتێکدا نێزیکەی بیست هەزار کەس لەوێ وەکۆبوون و بەجۆرێك دەوری مەیدانەکەیان گرتبوو کە دەرزیت هاوێشتبایە وەعەرزی نەدەکەوت. لە ناکاو لای ڕۆژئاوای مەیدانەکەوە خەڵکەکە ڕێگایەکی باریکیان ئاواڵە کردەوە وە مەلایەکی دەرپێ سپی و کالە لە پێ و کەڵەگەت بەو ڕێگا باریکەدا بۆ لای کورسییەکە هات و تەواوی خەڵکەکە بەدیتنی وی لە چەپڵەیان دا.

شێرکۆ و پیرۆت کە بەوردی تەماشایەکی ئەو مەلایەیان کرد دیتیان ئەوە کاك بینایییە، و دەستبەجێ لە کوردێکی کە نیزیك بەوان ڕاوەستا بوو پرسییان:

ـ ئەرێ کاکە، کووانێ قازی؟ خۆ دەیانگوت ئەورۆ ئەو قسان دەکات.

کابراکە، تەماشایەکی ئەو دوو لاوەی کرد زانی کە لە دی ڕاهاتوون و نابەڵەدن لە وەڵاما گوتی:

ـ قازی ئەوەتا قسان دەکا.

شێرکۆ و پیرۆت کە، ئەوەیان بیست تاوێك مردن و ژیانەوە وە تەواوی لەشیان عارەقی لێ دەڕژا و باوەڕیان بەچاوی خۆیان نەدەکرد. هەرچەند کە کاك بینایی نەیدەزانی شێرکۆ و پیرۆت لەوێن، بەڵام ئەوان لە شەرمان خۆیان لەوێ پێ ڕانەگیرا و بەدزەدزەوە لە مەیدانەکەی وەدوور کەوتن. هەر دەتگوت زمانیان بەستراوە وە تەنانەت لەگەڵ یەکتریش ماوەیك قسەیان نەدەکرد. کاك بینایی ڕۆژێك پێشتر بەوانی گوتبوو کە ئێوارێ هێندێك زوو بچنە لای. شێرکۆ و پیرۆت لە ڕوویان هەڵنەدەهات کە بچن بۆ لای و لە شەرمان وەختە بوو دیق بکەن. لای ئێوارێ کاکە سوار هاتەوە ماڵێ و بەدیتنی ماتبوون و خەفەتباربوونی مێوانەکانی لێ پرسین:

ـ چیتان لێ قەوماوە، بۆ چ وا خەفەتبار و کزن؟

شێرکۆ و پیرۆت تەواوی هەواڵەکەی ئەو ڕۆژەیان بۆ گێڕاوە و ڕایان گەیاند کە لە ڕوویان هەڵنایە بچنە لای «کاك بینایی». کاکە سوار دڵداری دانەوە و گوتی:

ـ نا، نا، هەستن بچن و هیچ وەسەر خۆتانی مەهێنن. ئێوە نازانن کاك بینایی هەتا خودا حەز بکا سادە و پەتییە و ئەگەر بێتو نەچن لێتان زویر دەبێ.

شێرکۆ و پیرۆت بەنابەدڵی و لەرزەلەرزەوە وەڕێ کەوتن و کاتێك

گەیشتنە ژوورەکە دیتیان کاك بینایی هەر بە جلوبەرگەکەی ئەو ڕۆژەی دانیشتووە و کتێبێکی لە بەردەمی خۆی داناوە و دەیخوێنێتەوە. ئەوان تاوێك عەبەسان و مەتەقیان لێوە نەهات. لە پاشان بەرەوپێش چوون و ویستیان دەستی کاك بینایی ماچ کەن. کاك بینایی کە ئەوانی تر لە بەریان هەڵستا و نەیهێشت دەستی ماچ بکەن وە دەستبەجێ تێ گەیشت کە ئەو لاوانە ئەویان ناسیوەتەوە و لەبەرئەوە بۆ ئەوەی شەرمێونییان وەلابەرێ بەپێکەنینەوە گوتی:

ـ دەی قازییە لینگ ڕووتەکەتان چاو پێ کەوت؟

هەرچەند کاك بینایی بەوانی گوتبوو دانیشن ئەوان دانەنیشتبوون و دەستەونەزەر ڕاوەستابوون و سەریان داخستبوو. لە پاشان پیرۆت خۆی پێ ڕانەگیرا و گوتی:

ـ قوربان، جەنابی قازی! لێمان ببوورە. تا ئێستا نەمانناسیوی.

کاك بینایی تاوێك نێوچەوانی گرژکرد و گوتی:

ـ ئەوە لە کەنگێوە ئەمن بۆ ئێوە بوومەتە جەنابی قازی! کاك برا مەگەر تۆ نێوی منت لە بیر چووەتەوە، ئەمن بۆ تۆ جەنابی قازی نیم، کاك بینایيم. کاکە قەت ئەوەت لە بیر نەچێ دەنا تووشی کێشە دەبی و بەچووکترین بەسەرچوونێك هەل بەدوژمن دەدەی لە کارە نهێنییەکانمان شارەزا بێت. بۆ ئێمە ئەوڕۆ وریایی، ئەویش وریاییيەکی بە تێگەیشتوویی لە هەموو شتێك پێویستترە.

کاك بینایی تاوێك بێدەنگ بوو وە لە پاشان بەپێکەنینەوە گوتی:

ـ پێتان وا بوو قازی شاخی هەیە وە لە پیاوان ناچێ؟ نا نا براکانم، ئەمنیش هەر وەك ئێوەم و هیچ شتێکم لە ئێوە زیاتر نییە وە ئەگەر لەمە بەولاوەش هەروەك دەستەبرا و هاوڕاز و هاواڵ تەماشام نەکەن دڵم لێتان دێشێ.

جەفەنگ و قسەخۆشی و سادەیی کاك بینایی شەرمێونیی ئەو لاوانەی

وەلابرد و ئەوان دانیشتن و کاك بینایيش لەمەڕ مێژووی کوردستان بەدرێژی قسەی بۆ کردن.

کاك بینایی لە پاشان ڕووی تێ کردن گوتی:

- سبەینێ ماشێنێکی لۆری بۆ لای ورمێ دەچێ. ئێوەش سواری ئەو ماشێنە بن وە ئەو بوخچە کتێبە بەرنە مەحاڵی (تەرگەوەر) وە بیدەن بە کاك جەنگۆی هەرکی لە دێی سیرمە با بڵاوی بکاتەوە. بەڵام تفەنگ لەگەڵ خۆتان هەڵمەگرن.

شێرکۆ و پیرۆت لە مێژ بوو چاوەڕێی ئەوە بوون کە لە لایەن کۆمەڵەوە، وە بەتایبەتی لە لایەن کاك بیناییيەوە ئەسپاردەیەکی ئەوتۆیان پێ بدرێ کە خۆیان بنوێنن. پیرۆت هەر چاوەڕێی ئەوە بوو کە ڕۆژێك پێی بڵێن بچۆ بۆ فلان سەرۆك عەشیرەتی نیشتمانفرۆش بکوژە وە یا پەتی کە و بیهێنە بۆ شاری و یا بچۆ فلان سەرۆکی ژاندارم ڕووت کەوە. بەڵام هیچ چاوەڕێی ئەوە نەبوو کە کۆڵێکی کاغەز لە پشتی قایم کەن و پێی بڵێن بچۆ بڵاوی کەوە. لەبەرئەوە زۆر بەنابەدڵییەوە لە لای کاك بیناییيەوە دەرکەوت و لە ڕێگا ڕووی لە شێرکۆ کرد و گوتی:

- حەی بەڕیشی خێوی، ئەوە تەواومان کرد! جا توخوڵا پیاو بە کاغەز و پەڕۆ بەسەر دوژمندا سەردەکەوێ؟ حەیف نییە تفەنگە ڕەشەی لە دوژمن ئاور نەدەی.

شێرکۆ وەڵامی داوە و گوتی:

- ئەوان لەمە عاقڵترن و هەرچی بە مەسڵەحەتی بزانن دەبێ وا بکەین کاغەز بڵاوکردنەوەش کارێکە، لە هەموو جێگایەك تفەنگ بەکار نایە.

شێرکۆ و پیرۆت هەر چلۆنێکی پێیان گوتبوون بەجێیان گەیاند وە بۆ سابلاغ گەڕانەوە.

- ئەو جووتە لاوە بووبوونە خۆشەویستی کۆمەڵە و هەر کارێکی پێیان دەسپاردن بەسەرکەوتنەوە بەجێیان دەگەیاند. کاك بینایی چەند جار ئەو جووتە لاوەی لەگەڵ خۆی بۆ نێو عەشیرەتەکان و سەفەری دوور دوور

بردبوو وه له عەینی وەختدا هەموو ڕۆژێ سەعاتێك دەرسی سیاسیی پێ دەگوتن، پاش ساڵێك ئەو دوو لاوە فێری نووسین و خوێندنیش بووبوون.

بەکورتی، قولی ئەو قولی نەمابوو. بەقەولی کاك مامەند پیرۆتە کوڵکنەکەی بەتەواوی وڵاتدا نێوی بانگی بەکاری و تێکۆشەری و ئازایەتیی بڵاو بووبۆوە. پیرۆت بەتەنیا لە شتێك قەڵس بوو. ئەویش ئەوە بوو کە دۆست و برادەرەکانی هەر بەبرا نێویان دەبرد و نێوە خۆشە کوردییەکەی خۆی نەدەکرا بوێژرێ. ڕۆژێك پیرۆت لەگەڵ چەند دۆست و هاواڵێکی خۆی کە هەموو ئەندامی کۆمەڵە بوون، دانیشتبوون نانیان دەخوارد و هەموو بەبرا، برا نێویان دەبرد. لە پڕا گورپەیەك بەمیاومیاوکردن وەژوور کەوت و پیرۆت کە گورپەکەی دی لە قاقای پێکەنینی دا و هەموو پێیان سەیر بوو و لێیان پرسی بۆچی پێ دەکەنی. پیرۆت گوتی:

لە لای ئێمە مەلایەك هەبوو کە نێویان نابوو مەلا خت فس وە ئەوەش لەبەر ئەوە بوو کە ئەو مەلایە بەو دوو قسەیە، یانی بەخت فس زۆر تووڕە دەبوو. فەقێکانی ڕۆژی جومعە دەچوون ڕاتبەیان دەکرد ڕۆن و برنج و مریشکیان وەکۆ دەکرد وە بەئیشتیاوە پلاو و مریشکیان لێ دەنا و کاتێك وێڕای مەلا وەکۆ دەبوونەوە سەر مەجووعمە پلاو و گۆشتەکەی بخۆن گورپە بۆریان لێ وەژوور دەکەوت. فەقێکان لە ترسی مەلاکان نەیاندەوێرا بڵێن ختە ـ فسە و مەجبوور بوون بەنێوی دیکە گورپەکە دەنگ بدەن، یەکێك دەیگوت وەحە!، ئەوی تر هەچە، سێیەمی کس ـ کس! بەڵام گورپەبۆر گوێی لەو قسانە ڕانەدەگرت وە کیهە تکە گۆشتی چەوری دیبایە دەیرفاند چەند جار ئەو کارە دووپاتە بووەوە و ئیتر یەکێك لە فەقێکان حەجمینی لێ بڕا وە ڕۆژێك کە نانیان دەخوارد وە گورپە بۆر وەژووور کەوت گوتی: «وەڵڵا مەلا بشمکوژێ ختیش و فسیش». جا ئێستا ئێوەش دەمکوژن و دەمبڕن کەیفی خۆتانە نێوی من پیرۆتە، برا، برام لێ دامەنێنەوە.

***

پیرۆت لەو کاتەوە کە لە کانی سەوزە دەرکەوتبوو هیچ کاتێك باب و دایك و خوشك و براکانی لە بیر نەچووبوو و بەهۆی ڕێبواری ناسیاو هەر بەچەند مانگ جارێك دراو و پێڵاو و قەند و چای بۆ ماڵێ دەنارد وە کاك مامەند بەو هۆیەوە لە چەنگ زوڵم و زۆری لە تام دەرچووی قەرەنی ئاغا ژیانێکی نەمر و نەژیی بەڕێوە دەبرد و هەر دوعای بۆ عومر درێژیی کوڕەکەی دەکرد.

پیرۆت هەروەها چەند جارێك هەڕەشەی بۆ قەرەنی ئاغا ناردبوو وە گوتبووی: «ئەگەر ڕۆژێکم بمێنێ تۆڵەی خۆم و بابمی لێ دەکەمەوە...» پیرۆت چەند جارێك ویستبووی بۆ ئەنجامی کارێك لە لایەن کۆمەڵەوە بۆ مەڵبەندی لای سەقز بنێرن، بەڵام سەرۆکەکانی کۆمەڵە کە دەیانزانی لەوێ مەترسی بۆ پیرۆت هەیە و لە هەموو لایەکەوە لێی دەگەڕێن ئەو داخوازەی ویان قبووڵ نەکردبوو، قەرەنی ئاغاش لە هەڕەشە و نێو بەدەرەوەیی پیرۆت زۆر ترسی کەوتبووە بەر نەیدەوێرا لەگەڵ کاك مامەند دوژمنایەتی بکات، بەڵام لە ژێرەوە و لە ڕێگای جیاواز جیاوازەوە بۆ پتر ماڵوێرانکردن و چارەڕەشکردنی خێزانی کاك مامەند لە هیچ چەشنە خراپە و ناپیاوەتییەك نەدەپرینگاوە.

لە هاوینی ساڵی **١٩٤٥دا** لە لایەن کۆمەڵەوە پیرۆت وێڕای دوو کەس لە سەرۆکەکانی کۆمەڵە بۆ مەڵبەندی لای ماکۆ و خۆی و سەلماس ناردرابوون بۆ کاروباری سیاسی و لەو سەفەرەدا چەند مانگێکیان پێ چوو و لەو ماوەیەدا پیرۆت نەیتوانی یارمەتییەك بۆ باوکی بنێرێ، نەهاتنی یارمەتی لە لایەن پیرۆتەوە و خراپکاریی بەئانقەستی قەرەنی ئاغا، لەگەڵ حاسڵەکەی کە کاك مامەند بەرەنجی شانی هێنابوویە بەرهەم چلۆنایەتیی ئەو ماڵەی لە زستانە سەختەکەی ساڵی **١٩٤٥دا** تووشی چەوتی و نالەباری و برسێتییەکی زۆر پیس کردبوو.

لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٩٤٤دا ئیتر کۆمەڵەی ژ ـ ك باڵی بەسەر تەواوی کوردستاندا کێشابوو و سابلاغ بەئاشکرایی بەدەست کۆمەڵەوە کاروباری بەڕێوە دەبردرا. کۆمەڵە لە نێو بەشی زۆری کۆمەڵانی دانیشتووی کوردستاندا مەرج و هەلێکی باشی بۆ شۆڕشی بەرەوڕوو پێك هێنابوو. ئیتر کاتی تێکۆشینی نهێنی بەسەر چووبوو و حەلی ئەوە هاتبوو کە حیزب وەڕوو کەوێت و بۆ ئاوات و ئامانجی کۆمەڵانی گەل، یانی بۆ وەدەستهێنانی ڕزگاری و سەربەخۆیی و خودموختاریی کوردستان وەخۆ بکەوێت.

لە سەرەتای ١٩٤٥دا ئیتر پۆل پۆل تفەنگچیی کورد دەچوونە لای کۆمیتەی سەرکردەییی کۆمەڵە و داوایان دەکرد کە بیاننێرن مەڵبەندەکانی دیکەی کوردستانیش ڕزگار بکەن. دەستە دەستە لاوانی لادێیی، عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان، هەژارانی شارەکان دەهاتنە سابلاغ و چاوەڕێی ئەسپاردە و ئەمری کۆمەڵە بوون. لەو لای ترەوە هاتنی لەشکری قارەمانی بارزانییەکان و چەند ئەفسەرێکی خوێندەوار و بە مشوور و تێگەیشتوو و پسپۆڕی کورد لە عێراقەوە هێندەی دیکەش بزووتنەوەی شۆڕشی بەهێزتر و پەرەگرتووتر لێ کرد بەر لە هەموو شتێك وەڕووکەوتنی حیزب وەك کانگا و مامۆستای ڕێکوپێککردنی بزووتنەوە و هاندەری شۆڕش، پێویست بوو.

کۆمەڵەی ژ ـ ك، جێگای خۆی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتاڵ کرد و هەوەڵین هەنگاوێکی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵی هێناوە سازکردنی هێزی پێشمەرگی کوردستان بوو.

هێزی پێشمەرگە، ئەو نێوە خۆشە کوردییە هەر بێ ئەوەش هێندەی دیکە لاوانی خوێنگەرم و نیشتمانپەروەری کوردی وەڕوح دەهێنا و ئازایەتی و بەجەرگی و بەکاریی ئەوانی پلە پلە بەرەوژوور دەبرد. هەر لاوێك بۆ ئەوە هەوڵی دەدا کە لە پێناوی ڕزگاریی نیشتمانەکەیدا ببێتە پێشمەرگە و لە هاواڵەکانی تری وەپێش بکەوێت. پیرۆتیش یەکێك بوو لەو لاوە پێشمەرگانە. لەو ماوەیەدا کە بەنهێنی کاری بۆ کۆمەڵە دەکرد گەلێك جار تاقی کرابووەوە و بەچاکی لە عۆدەی هەموو کارێك هاتبوو و بۆ ئەنگێوەیی و سوارچاکی نێوبانگی دەرکردبوو. پیرۆت شەو و ڕۆژ خەریکی فێربوونی فەننی سەربازی بوو و بەچەند ڕۆژێك لە ژێر دەستی ئەفسەرە کوردەکانی عێراقیدا وای لێ هات کە لە فەننی سەربازیدا گەلێك لە ئەفسەرەکانی ئەرتەشی شاهنشاهی شارەزاتر و پوختەتر و زاناتربوو بێ ئەوەی کە لە زانستگای ژوورووی نیزامی خوێندبێتی. بەرەوژووری وی لەوەدابوو کە زانستگای نیشتمانپەروەریی تەواو کردبوو و ڕووحییە و بیروباوەڕی لەو زانستگایەدا داڕشتبوو و ئەوەش بۆ پیاو لە هەموو زانستگایەکی زانستی بەنرختره و باشترین قوتابخانەی پێگەیشتنی پیاوە.

پیرۆت هێندەی پێ نەچوو کە کرا بەئەفسەر و سەرۆکایەتیی بەسەر چل پەنجا پێشمەرگەدا دەکرد و هەوەڵین قارەمانەتییەکی کە پۆلی پیرۆت نواندی لە کاتی ڕزگارکردنی (سەردەشت)دا بوو. لەسەر ئەو قارەمانەتییە لە لایەن پێشەوای کوردستان قازی محەمەدەوە، پۆلی پیرۆت پیرۆزباییی تایبەتی لێ کرابوو.

ئەو پۆلەی کە پیرۆت سەرۆکایەتیی بەسەردا دەکرد لە خەڵکی مەڵبەندەکانی جیاواز جیاوازی کوردستان پێك هاتبوو. پیاو لە نێو ئەواندا

هەوشاری، سابلاغی، بارزانی، شکاك، سەقزی، کرماشانی وە هی تری چاو پێ دەکەوت کە هەر یەکەی بەشێوەی جێگای خۆی دەدوا وە هەمووش لە یەکتر حاڵی دەبوون، چونکە زمانی هەموویان کوردی بوو، ئامانج و بیر و ئارەزووی هەموویان وەك یەك بوو، یانی ڕزگاریی کوردستان بوو. بەڕۆژ ئەو پێشمەرگانە مەشقیان دەکرد، فێری فەننی سەربازی دەبوون، شەوانەش چەند سەعاتێك فێری خوێندن و نووسین دەبوون و لە پاش تەواوی ئەوانە لە دەورەی یەکتر کۆدەبوونەوە هەتا شەو درەنگانێك گاڵتە و جەفەنگ و کایەیان دەکرد.

شەوێك پاش تەواوبوون لە خوێندن هەموو لە دەورەی یەکتر کۆبووبوون و هەر یەکەی بەسەرهاتێکی ڕووداوی خۆشی دەگێڕایەوە، وە لە قووڵاییی دڵەوە هەموو لە قاقای پێکەنینیان دەدا. مەنگور کە دەیگوت: «ڕۆژێك لە ڕۆژان لە مزگەوتێ ڕونیشتبووم مەلا قورحان و کتێبی دەخوێند و بە خەڵکەکەی دەگوت ئەو دنیایە لەسەر پشتی گایەکە وە گایەکەش لەسەر پشتی ماسییە و ئەگەر ماسییەکە خۆی بلەرێنێتەوە ئەو دونیایە تێك دەتەپێ. کە ئەوهەم بیست گوتم جەنابی مەلا، حەرسێك تەڵاقی خاتو زینم کەوتبێ و بەشەرحی هیچ خولا و پێغەمبەرێك چاك نەبێتەوە، ئەو ترکەڵەکەیە سەر ناگرێت. لە بۆ قسەی وا دەفەرمووی؟ حەیبە حەیب!».

ئەولباقی کەلهوڕ کە لە لای هەوشارەوە هاتبوو بووبووە پێشمەرگە خۆی زۆر تاریف دەکرد و گەلێکیش لە خۆی ڕازی بوو، جا ڕووی لە هاواڵەکانی کرد و گوتی: «لە جەنگا وەشال سەیدەکەی سەفاخانە و چنارەگەی هاواس خان قەسەم، وەها پەلاماریان بۆ ئەبەم کە تەفر و توونابن، ئەو باوەحیزانە...». کوڕە کەلهوڕێکی دیکە کە ناسیاوی ئەولباقی بوو و دەیزانی زۆر بەخۆیدا دەفشێ لە پڕدا هەڵی دایە و گوتی: «ئەولباقی، وەشال پیر محەمەد قەسەم درۆ ئەکەی، ترسنۆگییەکەی خۆت لە تارماییییەگەی بگێڕەو». ئەولباقی کە ئەوەی بیست، هێندێك سوور هەڵگەڕا و گوتی: «باوك

گەماڵ، تڕ وەتەوراسی چی، هەمزە وەهەواسی چی. ئەو گفتوگۆیە هیچ جێیەتی». بەڵام پێشمەرگەکان لە کۆڵی نەبوونەوە و گوتیان دەبێ بۆمان بگێڕیەوە. ئەولباقی گوتی: «ئێوارەیێك وەڕێ بووم بۆ قوزلوو و قەرەبیناکەم لە جێب نابوو، دیم تارمایی بۆ لام دێ وە جەندەرمە ئەچێ، لە دڵا وەتم کوڕە کەچەڵ، ماڵت بڕمێ، خوریای. ها دیوکەل لە قەرەبیناکەم هەسا واتم ئەك چاو ڕاستم ئەولباقی! دیم تارمایی باوك سەگ، هەر دێتە پێشەوە. واتم تارمایی ڕای خوا بێژە تۆ کێی، دڵم تۆقیا. کە گەییە بەرەوە دیم هەتیمە کەچەڵە پینەچییەکەی خۆمانە. واتم هەتیما خۆ تۆ بەنی ئینسانی، ناشێ تەقە و ڕەقەیێکت لێوە بێ ماڵت بڕمێ...». ئەولباقی ئەوەی گوت و بۆ ئەوەی کە هاواڵە پێشمەرگەکانی بەترسەنۆکی نەزانن دیسان دەستی کرد بەخۆ هەڵکێشان و گوتی: «قورروان، وەگیانت قەسەم، چین وەجەنگ وە ئەشێ شەش لوولە بەدمەسەبەکەم وا بتەقێنم کە قوشنەکەی هەلا حەزرەتی هومایونی تەقەفیرەی تێ کەفێ...». کوڕە کرماشانییەکە کە نێوی ناسر بوو هەڵی دایە گوتی: «کاك ئەولباقی، تۆ سەری خیر زنە هەنەك نەکە. برا شنەفتینە ئێژن وەتڕ حەمام گەرم ناکرێ! خۆ تاریف کردنی ئیسە فایدەی نەس، ئەگەر مەردی لە مەیدانی جەنگ خاسی و ئازاییی خۆت نیشان دە. ئیتر بەهەنەك شەڕ ناکریە...».

ناسر قولی زۆر بێدەنگ و خەمبار بوو وە هەر کەسێك چاوی پێ کەوتبا دەیزانی کە ئەو لاوە شۆخ و شەنگە دڵی پڕە لە قسە و لە هاودەمێك دەگەڕێ، دەردی دڵی بەتاڵ کا. لەو کاتەدا کە پێشمەرگەکان هەموو خەریکی گەپ و گاڵتە بوون و قاقای پێکەنینیان ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیشت، ناسر قولی هەر مات و دڵگیر بوو و نەك هەر پێ نەدەکەنی، تەنانەت بەگاڵتە و خۆهەڵکێشانی ئەولباقی کەلهوڕیش تووڕە بوو. پیرۆت وەك فەرماندەیەکی کارچاك و ئاگا لە تەواوی دەردی هاواڵە پێشمەرگەکانی دڵی ناسر قولیشی خوێندەوە و دەستی هاوێشتە ملی و گوتی:

ـ بـراکـەم، دەزانم بـۆچـی هـێنـدە مـات و دڵـگـیری، کرمـاشانت وەبـیر کەوتووەتەوە و یەقین دەڵێن «ئەوەتا سابلاغ ڕزگار بووە، چەند ڕۆژی دیکە دەچین سەقز و بانەش لە چەنگ دوژمن ڕزگار دەکەین. بەڵام کرماشان هەروا بەچەنگ دوژمنەوە دەمینێ...».

نـا، چـاوەکـەم، خـەفـەتبـار مـەبـە. نۆرەی ڕزگـارکـردنـی کرمـاشانیش دێ. دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆی کوردستان بەبێ شارە گەورە و جوانەکەی کرماشان، ناوچەی نەوت شا و هەزاران دێ و ئاوەدانیی پڕ سامانییەوە، وەك باغی بێ بولبول و بەهاری بێ گوڵ وایە. دوێنێ ئاگات لێ بوو، پێشەوا کاتی نوتقکردن بۆ پێشمەرگەکان چیی دەگوت؟ ئێستا کرماشان پڕە لە هۆردووی ئینگلیس و دەوڵەتی ساوای ئێمە جارێ هێزی ئەوەی نییە بەگژ دەوڵـەتـێکـی گـەورەی وەك ئـینـگلیسدا بـچێت. بـەڵام ئـێمـە ڕانـاوەستین و بـۆ ئـازادیی تـەواوی کوردستان تێ دەکۆشین. جەمهوورییەکەمان بووەتە چرای ڕووناکی تەواوی کوردستان. ها، ها، هۆ ئەو پێشمەرگانە دەبینی؟ ئەوانە بـرا بـارزانـیـیـەکـانـی ئـێمـەن و لـە عێراقـەوە هـاتـوون بـۆ یـاریدەی ئـێمـە و بەقارەمانەتییەوە گیانی خۆیان دەپێناوی جەمهووریی کوردستاندا بەخت دەکەن، چونکە ئەو جەمهوورییە بەهی خۆیان دەزانن. بابەکەم لە کەیف و خـۆشیـدا بـە و هـیـچ خـۆت وەڕەز مـەکـە و هـێنـدەی پـێ نـاچـێ ئـەتـۆ وەك فـەرمـانـدەیـەکـی قـارەمـانـی هـێزی پـێشمـەرگـە بـەخـۆت و لـەشکرەکـەتـەوە کرماشان ڕزگار دەکەی و خەڵکی بەچەپکەگوڵ بەرەو پیرت دێن.

ناسر قولی کە ئەو وێژراوانەی دواییی پیرۆتی بیست بزەیەکی هاتێ و گوتی:

ـ ئەم قسەیەی تۆ ها حەکاتەکەی کاورا کەروانەکەی وەیاد خستم کە وەکەرەکەی وت: «کەرەکە مەمرە بەهارە، کورتانت بۆ دێ لە شارە». باوکم، کاك پیرۆت، ئیسە لە کرماشان وەزع ها فرە مەخشووشە. هیچ زانی دوور کـەفتن لـە مـاڵ چـەنـێ نـاخوشە. ئـەم دالك خیزە ئینگلیسانە، ماڵ خەڵك کرماشان خاپوور کردگە. خەڵك چاوەنواڕی مەس...».

کاتێك کە پیرۆت لەگەڵ ناسر قولی قسەی دەکرد پێشمەرگەکانی تر هەر خەریکی جەفەنگ و گاڵتە بوون و سەید عەولای سابلاغی کە لە کاتی قسەکردن زەلەی زۆر دەکرد، چەند پێشمەرگەیەکی لە دەورەی خۆ وەخڕ کرد بوو و لەمەڕ چوونی خۆی بۆ ژوان لە نێو قەلاغی تەپاڵەدا لە (ئیندەرقاش) قسەی بۆ دەکردن و هاواڵەکانی هەموو وەپێکەنین خستبوو. سەید عەولا دەیگوت: «لە ئیندەرقاش حەزم لە کچێکی دەکرد وەك چرا دایسا و چاوەکانی ئەوەندە جوان بوو کە هەر دەتگوت ئەستێرەی سیمەیلە. جێژوانمان نێو قەلاغەکەی کن ماڵیان بوو. شەوێك چووم بۆ ژوان وە لە نێو قەلاغەکەدا چاوەڕێ بووم کە دیتم وانێکێك بۆ لای قەلاغەکە دێ. ئەگەر تەماشام کرد دیتم ئاغا، ئەوە سەگە زەردە دڕەکەی حاجی برایمە. نازانم ئەو سەگباب خێوە بۆنی کردبوو چ بوو، هەر وەختەبوو دڵم پتۆقێ و دەمگوت ئەیرۆ بابانم بەقوڕگیرێ دەمخوا وانێکێکم هەڵگرت لە دڵمدا گوتم وەڵڵا ئەگەر بۆم بێ، ئەو هینەی بە تەپڵی سەریدا دەدەم. هێندە تاریك بوو کە هینەکەم هەڵگرت، تەماشام کرد وانێکە، گوتم حەی، ئێیی، پیاو بەڵێ، ئەوە تەواومان کرد. جا قوربان سەگە زەرد لەبەر دەرکی قەلاغەکە دانیشت هەر ئەمن دەکۆخیم، ئەو دەوەڕی، هەر ئەو دەکۆخی، ئەمن دەوەڕیم کە بەشکو بڕوا دەستم لە کۆڵ کاتەوە.

لێرەدا پیرۆت بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

ـ سەید عەولا زەلەت کرد...

سەید عەولا کە پڕ بەزاری قسەکانی دەگێڕاوە وە دیار بوو ئەو شەوە زۆر ترساوە، گوتی:

ـ کوڕە ماڵت شێوێ، لەو دەمەدا لەزە و مەزەی چی و شتی چی، ئاگام لە هەموو شتێك بڕابوو و هێندە وەڕیم کە وانێکەکەم نووسابوو.

کاك حەسۆی شکاکیش قسەی خۆشی زۆر پێ بوو. حەسۆ دوو ساڵ لە

ورمێ سەرباز بوو وە لە چەنگ ئەفسەرێکی ئەرتەشی شاهنشاهی زۆری کوێرەوەری و چەرمەسەریێ دیتبوو وە لە پاش پرشوبڵاوەبوونی بەشە هۆردووەکەی ورمێ تۆڵەی خۆی لەو ئەفسەرە ئەستاندبووەوە. جا حەسۆ بۆ هاواڵە پێشمەرگەکانی دەگێڕاوە کە چلۆن چەرمەسەریی دیتبوو بەچەنگ ئەو ئەفسەرەوە و چۆن تۆڵەی ئەستاندووەتەوە. حەسۆ دەیگوت: «ئەز غولام، وەختا حووکومەتا ڕەزا شایا، ئەز سەرباز بووم لە باژێڕا ورمییا. زابتێ مە گەلەك مرۆڤیکی خرا بوو، ئۆپیس خۆ دەریخت. هەمی جارا شەڤێ زوو وەختا کە مە خەفتین وی دەهات دگۆت: «چاوێ خۆ زەق کەن، سمێلی خۆ قنج کەن، ملێ خۆ ڕەق کەن، توفنگێ خۆ ساز کەن؟»، مە جەنگ کر بوونا حەحلا حەزرەتی شاهنشایی. خەفا ئەز زەف قایم بوی حەز نەتکر هەستم. وی هەمی جارا زیلە بیرین ئۆ لینگێ خۆ وە ئەزێ دکوتا. سێد جارا وی گۆت: «دێی کوپێك هەستە!». وەختا هەلاتنا ئارتەش وی زابتە لە ترسا دەرباز بوو جلکی ژنا لبەر کرد یا راکرت ژی گوندیکی (تەر گەوەرا) ئەز زانیم ڕام کردە و برا گوندی دیتم ئو گاز کرم: «جەناب زابت، من ناسی؟». وی گۆت: «مرۆڤیکی قینج بە، ڕەحما من بکە...»، من گۆت: ب درێژهییا چەند ساڵا جەنابێ تە وی لینگێ خووە ئەزی دکوت، نیها گودێرە:

«خەبەردار، سمێڵێ خۆ قنج کە، چاوێ خۆ زەق کە، زکێ خۆ کەم کە، لینگی خۆ فش کە!». وەختا وی زابتی لینگێ خۆ فش کر، ئەز بەحیسابا دووسوود شەقم لە پاشی دا. وی قاژی قاژکرن و زاراوی حەجەمییان گوت: «ئەی وای، گوزوم سندی، بیلم چخدی[1]».

شەو گەلێك درەنگ بووبوو، بەڵام هیچ کەس لە دەستەی پێشمەرگەکان ماندوویی و بێ خەوییان هەست نەدەکرد. هەموو کەیفخۆش و بەدەماغ بوون وە لەپڕا گەڕەلاوژێ دەستی پێ کرد. ناسر قولی دەنگێکی زۆر خۆشی

---

١- هاوار، چاوم دەرپەڕی، قەبرغەم دەرهات.

هـەبـوو وە پـیـرۆت بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو هـاواڵـەشی بـەکـەیفـخـۆشی و دەم پێکەنینەوە ببینێ دەستی لە ئەستۆی کرد و گوتی:

ـ بـراکـەم دە بـەو دەنـگـە خـۆشەی خـۆتـەوە بـە شێوەی کـرمـاشانـی گۆرانییەکمان بۆ بڵێ.

پـێشمـەرگـەکـانـی دیـکـە هـەمـوو داوخـوازیـان لـێ کـرد و نـاسر قـولیش نەیتوانی لە قسەی هاواڵەکانی دەرچێ و بەدەنگە خۆشەکەی خۆیەوە تێی هەڵکرد وە لە قووڵاییی دڵەوە ئەو گۆرانییەی گوت:

خـۆم کـوردستـانـی فـارسی نـازانم
بەزووانی کوردی دەردت لە گیانم
بـەرەو بـیستـوین هـەردووك وەڕابین
قسمەت کارێ کرد لە یەك جیا بین
مـــەر مـن چـە وتم تـو چە شنەفتی
وەقسەی ناکەس لەلام دوور کەفتی

نـاسر قولی نەهونەرمەند بوو نە خوێندەوار، وە ئەو قسە پڕ مانایانەی لە خۆیەوە هەڵنەبەستبوو و بەمنداڵی کاتی گەڕەلاوژە و قام گوتن لە لادێییە کـوردەکـانـی بـیستـبـوو و لـەو کـاتـەدا کـە تـەواوی فکر و خـەیـاڵی لـە لای کرماشان بوو، بێ ئەوەی کە بۆ خۆی ئاگای لێ بێ ئەو گۆرانییەی بۆ هات.

لە هەرەتی زستانە سەختەکەی ساڵی ١٩٤٥دا لە لایەن پێشەوا ئەمر درا کە هێزی پێشمەرگە بۆ ڕزگاریی مەڵبەندی سەقز و دیواندەرە لە چەنگ هۆردووی داگیرکەرانی ئێرانی وەرێ کەوێت. بەر لەو ئەمرە، لە لایەن حکوومەتی میللیی کوردستانەوە چەند جار بەسەرۆك فەرماندەی هۆردووی ئێران وێژرابوو کە بەبێ شەڕ و خوێن ڕێژین (سەقز) و (دیواندەرە) بەتاڵ کا، بەڵام حکوومەتی ئێران ئەوەی قبووڵ نەکردبوو و ڕۆژ بەڕۆژ بەشە هۆردوو و چەك و قۆرخانەی تازە بۆ سەقز دەنارد وە تەنانەت چەك و قۆرخانەیەکی زۆریشی بەچەند ئاغایەکی خۆفرۆشی وەك قەرەنی ئاغای کانی سەوزە دابوو کە بەپێچەوانەی هێزی پێشمەرگە بەشەڕ بێن.

ئەو ئەمرەی پێشەوا بۆ پیرۆت و هەروەها ئەوپێشمەرگانە کە لە مەڵبەندی سەقزەوە هاتبوون وەك مزگێنییەکی زۆر خۆش و گەورە وابوو. پیرۆت بە بیستنی ئەو ئەمرە تەواوی پێشمەرگەکانی کانی سەوزە و دێیەکانی حەول و حەوشی لە دەورەی خۆی کۆکردەوە وەهەر کەس ئارەزووی خۆی دەردەبڕی.

پیرۆت دەیگوت: «هەر کە گەیشتینە کانی سەوزە، ئەمن بەر لە هەموو شتێك دەستی بابم ماچ دەکەم، چونکە ئەمن بۆ جاری هەوەڵ نێوی

کۆمەڵەم لە وی بیست و ئەو بەدوو وشەی پەتی و سادە تەواوی مانای قووڵ و هەموو لایەکی کۆمەڵەی لێ حاڵی کردم، بەڕاستی ئەو نەك هەر بابمە، بەڵکو هەوەڵین مامۆستای خەباتی منە».

پیرۆت لە پاش ئەو قسانە چاوێکی بەپێشمەرگەکاندا خشاند و تەماشای کرد شێرکۆی برا و دۆستە هاوڕازە دایمییەکەی هێندێك عاجزە. لێی نیزیك بووەوە و بۆ ئەوەی دڵی خۆش کا گوتی:

ـ کاکە گیان، دڵت تەنگ مەکە، خەزاڵی خوشکم بەدیزەیەك دۆی ساردەوە دێتە بەرەو پیرت، بۆ خۆم داوەتەکەتان بۆ دەکەم و سەرچۆپییەکەی دەگرم.

لەو کاتەدا یەکێك لە پێشمەرگەکانی کانی سەوزە هەڵی دایە و گوتی:

ـ ئەرێ کاك پیرۆت، بیستوومە قەرەنی ئاغا کاغەزی بۆ پێشەوا نووسیوە و داخوازی کردووە کە قبووڵی کەن بێتە ژێر ئالای جمهووریی کوردستانەوە. ئەوە ڕاستە؟

پیرۆت بەدەم پێکەنینەوە وەڵامی داوە و گوتی:

ـ ئەو حەرامزادەیە وەك فۆتەی حەمامە، هەر ڕۆژەی بەبەر کەسێکەوە و وەك نیسك بەر و پاشی بۆ نییە، نا نا، شتی وا نییە وە وەکی زاندراوە ئێستا قەرەنی ئاغا هێندەی دیکەش خۆی لە دەوڵەتی تاران نێزیك کردووەتەوە و لە مەڵبەندی سەقز بووەتە قولە چۆماغی هەتیوی ڕەزاخان، جیا لەوە، نەتبیستووە کە دەڵێن (کەر بە حەج نابێ بە حاجی) قەرەنی ئاغای چی و دیموکراتی چی! ئەگەر لە قورعانیش جل لەبەر کا، نابێ کەس باوەڕی پێ بکا.

بەشێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە، دەستەی پیرۆتیش لە ڕیزی ویدا بوو، بۆ لای سەقز وە ڕێ کەوتن و لە (بۆکان)ێ تێپەڕ بووبوون.

***

قەرەنی ئاغا وێڕای سەرۆکی ژاندارم و کوڕەکانی و نۆکەرەکانی لەو قەت پاڵەی کە کاك مامەند لە ئەشکەوتەکەیدا شەوێ مابووەوە، نێزیك بوونەوە. لە پڕ کەروێشکێك دەرپەڕی و کوڕە گەورەکەی قەرەنی ئاغا کە ڕستەی گوڵەشینی بەدەستەوە بوو، ڕستەکەی بەردا وە بۆ خۆشی بەتەقڵەکوت وەدوای کەروێشك و تاجییەکە کەوت و یەك بەخۆی دەیقیژاند و دەیگوت: «دەی گوڵەشین، بابم بەقوربانت بێ، دەری نەکەی!، دەی بابم لەبەرت مرێ!».

قەرەنی ئاغا کە لە پێشەوە دەهات و ئەو قسانەی دەبیست هەر سەری ڕادەوەشاند...

ئەو کەروێشکەیان لە کیس چوو ولە نێو دارستانەکەدا ون بوو. هێندێکی پێ نەچوو، یەکێك لە نۆکەرەکان شوێنێکی تازەی دییەوە، وێڕای کوڕەکەی ئاغا وەدوای کەوتن کەمێك ڕۆیین و نۆکەرەکە لە دوورەوە دیی کەروێشکەکە لە بن بەفردا لە ژێر ئەشکەوتەکەدا خۆی مات داوە و بەعاستەم چاو و سمێڵی بەدەرەوەیە. بۆ ئەوەی کەروێشکەکە لە لان دەرنەپەڕێ پێشاوبڕی داوە و یەك بەخۆی نەڕاندی: «هۆی تەماڵە، نۆکەری قەرەنی ئاغام پێ دەڵێن».

هێشتا هەموو سوارەکان کەروێشکەکەیان دەورە نەدابوو و چاوەڕێ بوون کە قەرەنی ئاغا کیسەکەی دەرێنێ و حەقی تەماڵ بدا و لە پاشان تاجییەکەی تێ بەردەن. قەرەنی ئاغا بەنابەدڵییەوە، و زۆر لە سەرەخۆ کیسەکەی لە باغەڵی دەرهێنا و لە جیاتی پەنجا تمەن ئەسکیناسێکی پێنج تمەنیی بەدەستەوە گرت و خەریك بوو بیدا بەنۆکەرەکەی کە دیتی لە لای ئەشکەوتەکەوە خشەیەك هات وە کەروێشکەکە دەرپەڕی.

کاك مامەند کە شەوێ هەتا ڕۆژ لە ئەشکەوتەکەدا مابووەوە زمانی بەسترا بوو، هەردوو لاقی سڕ بووبوو و هەر ئەوەندە هێشتا پەردەی

گوێچکەی نەدڕابوو و بەعاستەم و دووبەلا هێزی بیستنی مابوو. کاتێك کە نۆکەرەکەی قەرەنی ئاغا لە حاست ئەشکەوتەکە نەڕاندی دەنگی وی وەك دەنگێکی دوور کە لە چاڵاوێکی زۆر قووڵ بێتە دەرێ، بەگوێی کاك مامەند گەیشت، بەڵام بێ ئەوەی کە بزانێ ئەوە دەنگی چییە و چ دەڵێ. کاك مامەند لەو کاتەشدا هەویای ژیانی لە دەست نەدابوو و بەبیستنی ئەو دەنگە بەزگەخشە سەری لە ئەشکەوتەکە هێنا دەرێ.

قەرەنی ئاغا کە دیتی کەروێشکەکە هەڵات پێنج تمەنەکەی ناوە گیرفانی و لەداخان هێندە دەهری بووبوو کە کەفی هەڵدەخڕاند و قیژاندی و گوتی:

- کوڕە، ئەو خشەیە چ بوو؟

قەرەنی ئاغا بۆ خۆشی ڕکێفێکی لە ئەسپەکەی دا و لە ئەشکەوتەکە نیزیك بووەوە، دیتی ئەوە کەلاکی کاك مامەندە و بەعاستەم پشووی دێ. ئاغا هێندەی دیکەش تووڕە بوو و دابەزی بەپێلاقە تێی بەربوو و دەستی کرد بەجنێودان: «ئەی تولە باب، لەو کێوەش بۆ کەیف و خۆشیی من بەرهەڵست پێك دێنی، ئاخر ئەگەر تۆ ئەو سەرە گلاوەی خۆت لە ئەشکەوتەکە نەهێنابایە دەرێ کەروێشکەکە هەڵنەدەهات».

کاك مامەندی بەستە زمان، هەر ئەوەندەی مابوو بەچاوێکی پڕ لە قین و تووڕەیی و غەزەبەوە تەماشای قەرەنی ئاغا بکات. قەرەنی ئاغا دانەمرکا و هەر لێی دەدا و دەیگوت: «دەی با گیانت دەرچێ لە برسان! ئاخری هەمووتان هەر لە برسا مردنە. کرمانج چییە کە لە حاست ئاغا بڵێ ″ئەمنیش هەم″، جابا ئێستا پیرۆتی کوڕت بەدەنگتەوە بێ!» سەرۆکی ژاندارم کە زانیی ئەوە کاك مامەندەکەی بابی پیرۆتە زەردەخەنەیەکی هاتێ و قەرەنی ئاغا لەو زەردەخەنەیەدا ڕازیبوونی سەرگورد شمیرانیی لەو کارە هەست کرد و هێندەی دیکەش لە کاك مامەندی دا.

کاك مامەند لەبەر چاوی سەرۆکی ژاندارم و قەرەنی ئاغا گیانی دەرچوو.

لەو دەمەدا تاقە سوارێك لە کانی سەوزەوە بەتەقڵەکوت بۆ لای قەرەنی ئاغا و هاوڕێکانی دەهات. قەرەنی ئاغا بەدیتنی ئەو سوارە کە وا بەتەقڵەکوت دەهات دڵی وە خرپە خرپ کەوت. سوارەکە کە یەکێك بوو لە نۆکەرەکانی قەرەنی ئاغا لە ئاغا نیزیك بووەوە و بەلەرزەلەرز گوتی:

ـ قوربان پێشمەرگەکان گەیشتنە دێ و هیچ کەس تەقەی لەگەڵ نەکردن. لە پێش هەمووانەوە پیرۆتی کوڕی کاك مامەند بەجلوبەرگی ئەفسەرییەوە هاتە دێ و ئێستا لە ئێوە دەگەڕێ.

قەرەنی ئاغا بەبیستنی ئەو خەبەرە وەك جاو سپی هەڵگەڕا و بۆ ئەوەی دڵی ئەهوەن کاتەوە ڕووی لە سەرۆکی ژاندارم کرد کە بزانێ مەسڵەحەتی وی چییە. سەرۆکی ژاندارم کە لەو حەلەدا هەر دەتگوت چەك چەکییە لەسەر ئەسپ هەڵتروشکاوە، متەقی لێ بڕابوو و قسەی بۆ نەدەهات، بەخەڵپە خەڵپەوە گوتی:

ـ هەڵاتن لازمە، دەنا ئەو پێشمەرگانە بمانگرن زیندە بەگۆڕمان دەکەن.

***

تاریك و ڕوونی بەیانی دەستەی پێشمەرگەی پیرۆت لە کەلی وەسەرکەوتن و بەخوێندنەوەی تێکڕایی:

« ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زبان

نای شکێنێ دانەیی تۆپی زەمان!»

گەیشتنە کانی سەوزە. تفەنگ بەدەستەکانی قەرەنی ئاغا کە هەموو لە لادێییەکان پێك هاتبوون لە دڵەوە ڕقی دنیایان لە قەرەنی ئاغا بوو و مەلای دێ کە بەنهێنی ئەندامی حیزبی دێموکرات بوو، چەند جارێك لەگەڵ ئەو تفەنگ بەدەستانە دوابوو و حاڵیی کردبوون کە قەرەنی ئاغا دوژمنی

کوردانە و نەکەن لە سەر وی، گوللە بە برای خۆیانەوە بنێن و لە حاست کوردان خۆیان پیاو خراپ نەکەن. جا لەبەرئەوە هیچ تەقەیان نەکرد.

پیرۆت نەیدەزانی کە قەرەنی ئاغا لە ماڵ نییە. لەبەرئەوە چەند پێشمەرگەیەکی ناردە سەر ڕێگاکەی سەقز کە ڕێی لێ بگرن و نەیەڵن هەڵێ، پۆلێکی دیکەی لە پێشمەرگەکان ناردە ماڵی قەرەنی ئاغا و بۆ خۆشی وێڕای شێرکۆ ڕووی لە ماڵە خۆیان کرد. پیرۆت هەر کە گەیشتە حەوشەکەی خۆیان گوێی لە دەنگی شیوەن و گریانی خوشك و براکانی بوو کە دەیانگوت:

«دایە گیان، لە برسان دەمرین... ئاخۆ بابمان نەهاتەوە...» پیرۆت بەبیستنی ئەو دەنگە تەواوی دنیای لە بەرچاو تاریك بوو و وەك شێتان خۆی لە ژووری هاوێشت.

خات مەنیج لە حەلی هەوەڵدا کوڕەکەی نەناسییەوە، پیرۆت کە بەکراس و دەرپێی جاوەوە چەند ساڵ بوو ڕۆیشتبوو جلوبەرگی جوانی ئەفسەریی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لەبەر کردبوو وە ئەستێرەکانی سەر شانی بریقەیان لێوە دەهات و هیچ وەپیرۆتەکەی جاران نەدەچوو. منداڵە ورتکەکانی ماڵێش وەیانزانی ئەوە ئەفسەری ژاندارمە کە لێیان وەژوور کەوتووە وە هەموو دەستیان بەقیژاندن کرد. ئەو بەستەزمانانە چ بکەن، حەقیان بوو. لە پاش کوژرانی خۆچەندی و مینە ئاغا و بێ سەروشوێنبوونی پیرۆت، چەند جار ئەفسەری ژاندارم بەوەخت و بێ وەخت لێیان وەژوور کەوتبوون و کاك مامەندیان وە بەر پێلاقە و جنێو دابوو و پێیان گوتبوو: «لە عەرز بی و لە عاسمان بی، دەبێ کوڕەکەتمان بۆ پەیدا بکەی...».

لەوانەی کە لە ماڵێ بوون بەتەنیا خەزاڵ کاکی ناسییەوە وە دەستبەجێ دەستە و ملانی بوو. خات مەنیج کە هاتەوە سەر خۆی سەری کوڕەکەی لە باوەش گرت و تێر تێر بۆنی پێوە دەکرد و دەگریا. لە پاشان گوتی:

- بە سەدەقەت بم، وەمزانی ئەفسەری جەندرمەی.

پـیـرۆت بـەبـیستـنـی ئـەو قسەیـەی دایکی وای زانـی ژاندارمـەکـان کـاك مـامـەندیـان گرتووە و بردوویـانـە بۆ سەقز. بە پەلە پرسی:

- ئەی کوا بـابم؟

- ڕۆڵە، پیاوەکە لە دوێنێ سبەینێوە بۆ وەکۆکردنی ئـاوردوو چووە بۆ دارستـان و هێشتا نەهـاتووەتەوە و منداڵەکانیش هـەر بەتەمـان زوو بێتەوە پـارووە نـانێکیـان بۆ بهێنێ. هەموو لە برسـان هـاوار هـاواریـانە.

پیرۆت ئیتر لە مـاڵێ زۆر بەند نەبوو و بۆ لای مـاڵی قەرەنی ئـاغا ڕۆیشت. پێشمەرگەکانی کە بۆ ئەوێ ناردرابوون خەبەریـان بەپیرۆت دا کە قەرەنی ئـاغا لەگەڵ سەرۆکی ژاندارم لای پـارشێوێ بۆ ڕاو چووە. پیرۆت هـەر لە منداڵییەوە زانی کە بـابی لە چ حـاستدا دار وەکۆ دەکا، دەسبەجێ لەگەڵ چەند پـێشمـەرگـەیـەك بـۆ لای دارستـان وەڕێ کـەوتـن. لـە پـاش گـەڕانـێکـی زۆر بەدارستـان و قەت پـاڵی کێوەوە لە ئەشکەوتەکە نیزیك بوونەوە. لە نـاکـاو پیرۆت چـاوی بەگیـانی بێ ڕۆح و سەرمـابردوو و ڕەقهەڵاتووی بـابی کەوت و دابەزی لە ئـامێزی گرت و هـاواری کرد: «بـابە، بـابەگیـان، بـابە!» بەڵام کـاك مـامەند هیچ دەنگی لێوە نەهـات و لە چـاوی مردووی ویدا پیرۆت ئەو قسانەی خوێندەوە: «لە پێنـاوی وەدەستهێنـانی نـاندا، بەپیـاوەتی مردم، بەڵام سەرم بـۆ نـاپـیـاوان دانـەنوواند! ڕۆڵـە ئـەتـۆش مـەرد بـە وە بـەپـیـاوەتـیـیـەوە بژی!...»

پـیـرۆت و هـاوەڵـەکـانـی جـەنـازەی کـاك مـامـەنـدیـان هـێـنـاوە دێ و زۆر بەحورمەت لە قەبرستـانەکەی پشت مـاڵان نـاژتیـان.

دوو ڕۆژ پـاش ئـەو بـەسەرهـاتـە نـۆکـەرەکـانـی کـە لـەگـەڵ قـەرەنـی ئـاغـا چووبوون بۆ کانی سەوزە گەڕانەوە وە ڕایـان گەیاند کە قەرەنی ئـاغا و سەرۆکی ژاندارم و ئەفسەرەکانی تر لە کانی سەیدە جلوبەرگی ژنـانیـان لە بەرکرد و بۆ لای تـاران هەڵاتن.

١٩٥٨